# پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

## دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە


سەرپەرشتیاری پرۆژە
ئەنوەر حسێن (بازگر)

ستافی پرۆژە:
د.لوقمان رەئوف - سابیر عەبدوڵڵا - سەروەت تۆفیق - ئارام مەحمود - باوان عومەر - زریان محەمەد



2015

پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

# ئاشنابوون بە کارل مارکس

**بەرگی دووەم**

وەرگێڕانی:
کۆمەڵێک نوسەر

2015

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنور حسێن

ئامادەکردنی: کۆمەڵێك نوسەر
تایپ: کەیوان عومەر - کاوان عەبدولرەحمان - نیاز کەمال
دیزاین: هەرێم عوسمان - ئاکام شەمسەدینی
چاپ: چاپخانەی دلێر
تیراژ: 1000 دانە
ساڵی چاپ: 2015
نرخ: 1500 دینار
شوێنی چاپ: سلێمانی - کوردستان
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
لەبڵاوکراوەکانی: **دەزگای ئایدیا** بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە ( 50 )

# ڕۆڵی کارکردن لە گۆڕینی مەیموون بۆ مرۆڤ

فردریک ئەنگڵس

لە ئەڵمانییەوە: کەریم مەلا ڕەشید

## پێشەکی وەرگێڕی کوردی

پاش ئـەوەی کتێبی (بنەچەی خێزان و خاوەندارێتی تایبەت و دەوڵەت/ نووسینی فردریک ئەنگڵس)م وەرگێرانی سەر زمانی کوردی، بە پێویستم زانی کە ئەو زانیاریانەی لەبارەی وەرگێرانی ئەم جۆرە کتێبانە کۆمکردۆتەوە، بەرهەمی دیکەشی پێوەربگێڕم، بۆیە دەستم دایە ئەم کتێبە، کەوێرای ئەوەی قەوارەکەی بچووکەبەڵام لە ڕووی زانیستییەوە هەر وەکو کتێبەکەی تر، زۆر گرنگ و پربایەخە چونکە سەردەمێکی زۆر تاریک لە مێژووی مرۆڤایەتی ڕووندەکاتەوە. ئەم نووسراوەی ئەنگڵس توژینەوەیەکی زانستییە لەبارەی چۆنیتی دروستبوونی مرۆڤ و گەیشتنی بەم ئاستە ئێستا چ لە ڕووی پەرەسەندی مێشک و چ لە ڕووی ئەو گۆڕانگارییانەی کە بەسەر جەستەیدا هاتوون. هەر وەک لە پەراوێزی ئەم توژینەوەیشدا ئاماژەی بۆکراوە، ئەم لێکۆڵینەوەیەی ئەنگڵس لەکاتی خۆیدا وەکو پێشەکییەک بۆ کتێبێکی مەزن، بە ناوی (دەربارەی هەر سێ شێوە بنەڕەتییەکەی کۆیلەتی) نووسیوە، بەڵام کارەکەی بە تاواونەکراوی مایەوە. سەرئەنجام ئەنگڵس ئەو پێشەکییەی ناو نا (ڕۆڵی کارکردن لە گۆڕینی مەیمون بۆ مرۆڤ) کە بەشی هرە زۆری دەستنووسەکەی گرتبۆوە.

هەر وەکو کارەکەی پێشووم بەپێی توانا، هەوڵمداوە بۆچوونەکانی ئەنگڵس بە کوردییەکی سادە و ئاسان داڕێژم بۆ ئەوەی زۆرترین توێژی کۆمەڵایەتی کوردەواری لێی تێبگەن. هیوادارم ئەم کارەشم خشتۆکەیەک لەبینای بەرهەمی زانستی و هۆشیاری کورد زیاتر بکات.

کەریم مەلا ڕەشید

هانۆڤەر – ئەڵمانیا

کار، وەک زانایانی ئابووری ڕامیاری دەڵێن، سەرچاوەی هەموو سەروەت و سامانێکە، جا لەتەک سروشتدا ئەو وەهایە، چونکە سروشت ئەو کەرەستانەی بۆ دابین دەکات کە دەیانکات بە سامان. بەڵام کار بەبێ سنوور هێشتا زۆر لەوەش زیاترە، چونکە یەکەمین بناغە و هیمی سەرجەم ژیانی مرۆڤایەتی پێکدەهێنێت، بە ئەندازەیەکی وەها کە ئێمە بە دڵنیاییەوە بڵێین: خودی مرۆڤیش دەستکردی کارە.

پێش سەدان هەزار ساڵ، لە سەردەمێکی چاخەکانی زەویدا، کە هێشتا ناتوانرێ کاتەکەی دەستنیشان بکرێت، جیۆلۆجییەکان چاخی سێهەمی پێدەڵێن، لەوانەیە لە کۆتاییەکەی دابێت، لە ناوچەیەکی گەرمی زەوی. لە جێگایەکدا - لە ئاقارێکی پان و بەریندا بووبێت، کە ئێستا ئاوی ئۆقیانووسی هیندی دایپۆشیوە - توخمە مەیمونێک دەژیان کە بەڕەگەز لە مرۆڤ دەچوون و بە پلەیەکی زۆر باڵای پەرەسەندن ڕاگەیشتبوون و پێشینانی ئێمە پێکدەهێنین، داروین کەم تا زۆر باسی لەم مەیمونانە کردووە. ئەوانە جەستەیان سەرانسەر بە تووک اپۆشرابوو، ڕیسکن بوون و سەری گوێکانیان قوت بوو. بە گەلە لەسەر دارەکان دەژیان .

لەژێر کاریگەری شێوازی ژیانیان، وەها پێویست بوو لەکاتی هەڵگژاندا، دەست بۆ کارێکی جیاواز لە کاری پێ، خۆیان تەرخان بکەن، ئەم مەیموونانە لە کاتی ڕۆیشتن بەسەر زەوییەکی تەختدا، خەریکبوون، بە بێ یارمەتی دەستی بەڕێگادا بڕۆن و جار لە جار زیاتر لە ڕۆیشتندا قیت دەبوونەوە.

بەم جۆرە هەنگاوی یەکلاکەرەوە نرا، بۆ تێپەڕبوونی مەیمون بەرەو مرۆڤ*

هەموو ئەو مەیموونانەی کە چوون مرۆڤن و ئێستاش هەن، دەتوانن ڕێک بەسەر هەردوو پێیەکانیاندا بەبێ داکۆکی دەستەکانیان قیت بوەستن و بەرەوپێش بڕۆن، بەڵام تەنها لەکاتی تەنگانە و پێویستیدا ئەمە دەکەن. ئەو مەیموونانە بە شێوەی سروشتیی کووڕ دەڕۆن و سەرئەنجام، پێویستییان بە بەکارهێنانی دەستەکانیشیانە. زۆربەی هەرە زۆری ئەم مەیموونانە لە کاتی ڕۆیشتنیاندا، ناولەپیان لە زەوی، بە قوچاویی دادەنێن جەستەو پێیەکانیان بەدوای خۆیاندا بە نێو قۆڵ و باسکە درێژەکانیاندا ڕادەکێشن، هەر وەکو گۆجێک کە بە جوونێک دارشەق بڕواتْ. ئێمە بە گشتی ئێستاشی لەگەڵدا بێتْ، دەتوانین قۆناغەکانی تێپەڕبوون بەدی بکەین، کە تێدا ئەو مەیموونانە، شێوازی ڕۆیشتنیان بەسەر چوارپەل گۆڕا بۆ دوو، بەڵام ئەم جۆرە ڕۆیشتنەیان، تەنها بۆ کاتی فریاکەوتن ڕووی دەدا.

ئەگەر بە قینیی ڕۆیشتن لەلای پێشینە توکدارەکان لە سەرەتادا وەک خوویەک بووبێتْ و پاشان لەگەڵ ڕۆژگاردا وەکو پێداویستیی خۆی سەپاندبێتْ، ئەوا ئەمە، جەختْ لەسەر ئەو پێشبینییە دەکاتەوە، کە دەستْ جار لە دوای جار زیاتر بە کاری دیکەی زۆری جیاواز لە هی پێ هەڵدەستا. تەنانەتْ لە مەیموونیشدا دابەشبوونێکی ئاشکرا لە نێوان بەکارهێنانی دەستْ و پێدا هەیە. دەستْ، هەر وەکوو گوتمان، لەکاتی هەڵگژاندا بە کارێکی جیا لە هی پێ هەڵدەستێ و بەشێوەیەکی تایبەتْ بۆ ڕنین و گرتنی خواردن بەکاردێتْ، هەروەک چۆن گیانداره شیردەرەکان، ئەوانەی کە لە پلەیەکی نزمدان، بە ناولەپی دەستیان ئەو کارانە دەکەن. هەندێک مەیموون بۆ دروستکردنی لانەکانیان لە نێو لقی دارەکان دەستیان بەکاردەهێنن، یا

هەر وەکو مەیموونی شیمپانزی کە لە نێو لقی دارەکاندا بۆ خۆپاراستن لە کەشوهەوا، ساباط دروست دەکات. هەروەها بە دەست و کۆتەک، خۆی لە نەیاران دەپارێزێ و بەرد و بەری داریان پێ تێدەگرێت. هەروەها لە باخچەی گیانەوەران لە قەفەسەکاندا، لاسایی مرۆڤ دەکاتەوە و دەستەکانی وەکو دەستی ئەو و شتە ئاسانەکانی چاو لێدەکات، بەڵام تا ئەلێرەدا، هەموو جیاوازییەکان لە نێوان دەستی پەرەنەگرتووی ئەو مەیموونانەی کە لە مرۆڤ دەچن، تەنانەت ئەوانەش کە زۆر لێی دەچن، لەگەڵ دەستی مرۆڤدا کە بەهۆی کارکردنەوە راهێنراون و پەرەیان سەندووە، ئەو دەستانەی کە بەهۆی کارکردنەوە بە درێژایی هەزاران سەدە، تا ئەوپەڕەکەی بە ڕێکی و بە لەباری راهاتوون. ژمارە و چۆنیەتیی دامەزراندنی ئێسک و ماسوولکەکانی بە شێوەیەکی گشتی، لە دەستی مرۆڤ و لە هی مەیمووندا چوون یەکن، بەڵام دەستی مرۆڤی نزمترین ئاست و قۆناغی دڕندەیی، دەتوانێت سەدان شت جێبەجێ بکات، کە دەستی هیچ مەیموونێک ناتوانرێت چاویان لێ بکات. دەستی هیچ مەیموونێک هەرگیز نەیتوانیوە سادەترین چەقۆی بەردین دروست بکات.

ئـەو کـارانـەی کە لە مـاوەی هــەزاران سـاڵـدا، پێشینانمان لە قۆناغی گوێزانەوە لە مەیموونەوە بۆ مرۆڤ، پلە بە پلە دەستەکانیان بۆ گونجاندووە، لە پێشدا زۆر سووک و سانا بوونە. نزمترین گیانداری کێویی، تەنانەت ئەوانەی کە زیاتر لە دۆخی گیانەوەرانەوە نزیک بوون و هاوکاتت جەستەشیانی بۆ گونجا بوو، لە پلەیەکدا بوون، زۆر لە هی ئەم بوونەورانەوە قۆناغی ناوەندی باڵاتر بوونە.

تا دەستی مرۆڤ بەردێکی کـردووە بە چەقۆ، ئەوەندەی کات و رۆژگار خواستووە، کە لە بەرامبەریدا ئەو قۆناغە مێژووییەی ئێمەی

مرۆڤ درکی پێدەکەین، زۆر ناچیز و کەمە، بەلام هەنگاوی یەکلاکەرەوە نرا: دەستەکانی مرۆڤ ئازاد بوون و ئێستا دەتوانن بەردەوام کاری نوێی کارامە و دانسقە جێبەجێ بکەن، بەم جۆرە ئەم توانا بۆماوەیە و هەمیشە پەرەگرتووە، ئەوە پاش نەوە، بەجێ دەما و دەگوێزرایەوە.

کەواتە دەست نەک هەر ئامرازی کارکردنە، بەڵکو بۆخۆشی لە بەرهەمەکانی کارە. تەنها بەڕێچگەی کارکردن، لە دووتوێی خۆگونجاندن لەگەڵ بەردەوام بەدب هێنانی نوێدا، لە دووتوێی بۆمانەوەی دەسنکەوتە تایبەتییەکانی پەرەئەستاندنی ماسوولکە راهێنراوەکان و لە ماوەیەکی دووردرێژتری پەرەئەستاندنی ئیسکەکانیشدا بەم شێوەیەی ئێستا، هەروەها لە دووتوێی هەردەم رووڵەنوێی بەکارهێنانی ئەم وردەکارییە بە میراث بۆماوەییەو بــەردەوام نوێکردنەوەی لە کۆتاییدا، پلەیەکی زۆر باڵای بێکەموکوڕی بە دەستی مرۆڤ گەیاند، کە بتوانێت تابلۆکانی رافائیل و پەیکەرەکانی تۆرڤالدسن و موزیکی پاگانین، چوون تەلیسمێک وەبەرهەم بهێنێ.

بەڵام دەستەکان بەتەنها نەبوون، بەڵکو تەنها یەک ئەندامی ئۆرگانێکی باڵای پێکەوەگرێدراو بوون. جا ئەوەی لە بەرژەوەندی دەستەکاندا بوو، لە بەرژوەندی هەموو ئەندامانی جەستەدا بوو، کە ئەوان کاریان بۆ دەکرد بەلام بە دووچەندانە.

یەکەمین سەرئەنجام، وەک داروین ناوی لێنا، یاسای پێکەوە گرێدانی گەشەکردن بوو. بە پێی ئەم یاسایە، شێوە تایبەتییەکانی هەر بەشێکی ئۆرگانی لە بوونەوەرێکدا بــەردەوام بۆ شێوەیەکی تایبەتیی بە بەشێکی دیکەوە گرێی خواردووە، بەبێ ئەوەی کی بە ڕواڵەت هیچ پەیوەندییەکیان پێکەوە هەبێت. بەم جۆرە سەرجەم گیانداران، ئەوانەی کەخوێنەکانیان خڕۆکەی

سووری بێ ناوکی تێدایە و پشتی سەریان بە هۆی جووتە جەمسەرێکەوە بە بڕبڕەی یەکەمی بڕبڕەکانی پشتەوە بەستراوە، ئەوانە هەر هەموویان، بە بێ چەندووچوون، لووی شیریان، بۆ ژەمەشیری بێچووەکانیان، هەیە. هەروەها لەنێو شیردەرەکاندا، فرەسمەکانی هاوڕێک لەگەڵ ئاڵۆزبوونی گەدەیاندا، کە بۆ کاوێژکردن بگونجێت، سمەکانیان دێنەوە یەک. هەمواری گۆڕانکارییەکان لە شێوە تایبەتیەکانی جەستەدا، بەدوای گۆڕانکارییەکانی دیکەی جەستە ڕادەکێشن، بەبێ ئەوەی ئێمە بتوانین پەیوەندییان روون بکەینەوە. ئەو پشیلانەی کە زۆر سپین و چاوەکانیان شینن، کە تا زۆر، کەڕن. هەمواربوونی پلە بە پلەی دەستی مرۆڤ، بەو وردییە، لەگەڵ ڕاهێنان و پەرەئەستاندنی پێ بۆ بەپێنی ڕۆیشتن، بە هۆی ئەم پەیوەندییەوە، گومانی تێدا نییە، کاردانەوەی لەسەر بەشەکانی دیکەی سەرجەم ئۆرگانیزم هەبوو. فراوانی لێکۆڵینەوە لەم کارلێکەیە هێشتا زۆر تیرونەسەل نییە و زۆر کەمە، بۆیە لێرەدا دەبێ تەنها بەشێوەیەکی گشتیی ئاماژەی بۆ بکەین.

لەوە گرنگتر، کاردانەوەی ڕاستەوخۆی پەرەئەستاندنی دەستە بەسەر ئۆرگانەکانی تردا کە دەشێت بسەلمێندرێت. وەک لەپێشدا گوتمان، نیمچە مەیموونەکان کە پێشینانمانن، کۆمەڵایەتی بوون، ڕوون و ڕەوایە، مەحاڵە بتوانین بڵێین، مرۆڤ، کە کۆمەڵایەتیترین سەرجەمی گیاندارانە، لە پێشینەیەکەوە سەرچاوەی گرتووە، کە نا کۆمەڵایەتی بووبن. ڕاهێنانی دەست بۆ کارکردن، بوو بە سەرەتای زاڵبوون بەسەر سروشتدا و لەگەڵ هەر پێشکەوتنێکی نوێدا ئاسۆی بیرکردنەوەی مرۆڤی ئاوەڵاو فراوانتر دەکـردەوە. بە بەردەوامی خەسڵەتی نوێی لە دووتوێی کەرەستەکانی سروشتدا دەدۆزێیەوە، کە لفە پێشدا پەی پێ نەبردبوون. لە ڕوویەکی ترەوە ڕاهێنان لەسەر کارکردن بە ناچاریی ڕۆڵی خۆی هەبوو لە پتەوکردنی

جار لە جار زیاتری پەیوەندییەکانی نێو کۆمەڵگادا، ئەویش بەرامبەر بەوە پارێزگاریی لەو دۆخانە دەکرد کە بە سوود و بەهای کارلێکردنی ئەو هاوکارییە روو لە زیادەی بۆ هەموو کەسێک ئاشکرا دەکرد و بەوە هۆشیاری دەکردەوە. بە کورتی ئەوانەی بەرەو بوون بە مرۆڤ نەشونمایان دەکرد پێداویستی ئەوە لە نێویاندا گەڵاڵە بوو، کە دەبوو شتێک بە یەکدی بڵێن. ئەو پێداویستیەش بۆ خۆی ئۆرگانێکی هێنایە کایەوە. گەرووی پەرەنەگرتووی مەیموون بەهۆی ئاوازی دەنگەوە گۆڕانی بەسەرداهات، گۆڕانێکی بە کاوەخۆ، بەڵام جەختکراو، لە پێناو خۆگونجاندن بۆ ئاوازێکی سەرومڕ پەرەگرتوو، ئۆرگانیەکانی دەم بەرەبەرە فێری ئەوە بوون دەنگێکی ڕوون، دوا بە دوای یەک، دەربهێنن، بۆ ئەوەی بێنە گۆکردن.

بەراووردکردنێک لەگەڵ گیانداراندا، بە بەڵگەوە دەیسەلمێنێ، کە ئەم ڕوونکردنەوەیە بۆ سەرهەڵدانی قسەکردن، کە لە کارکردنەوە سەرچاوەی گرتووە و یاوەری بووە، تاکە ڕوونکرنەوەیە، کە ڕاست و دروست بێت، چونکە ئەوەی کە گیانداران، تەنانەت ئەوانەی کە زۆریش پێشکەوتوون، دەیانەوێت بە یەکتری ڕابگەیەنن، یەکجار کەمن و دەتوانن بەبێ قسەش، بەبێ وتەیەکی ڕوون، واتە، بەبێگۆکردن، بیگەیەنن. لە سروشتدا هیچ گیانەوەرێک نییە لەبەر قسەنەکردنی یا لەبەرئەوەی کە لە زمانی مرۆڤ ناگات، هەست بە ناتەواوی بکات، جا ئەمە بەتەواوی پێچەوانە دەبێتەوە ئەگەر بەخێویان بکات. سەگ و ماین لە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ مرۆڤدا گوێیان زۆر چاک بە قسەکانی ئاشنا بووە، تەنانەت لە سنووری تێگەیشتنیاندا دەتوانن زۆر بە ئاسانی فێری هەموو زمانێک ببن. وێڕای ئەوەش توانای هەستکردنیان تێدا پەیدا بووە، وەکو ماڵیی بوون و هەستی چاکەکردنی مرۆڤ لەگەڵیاندا و هتد... واتە هەست و نەستێک کە لە پێشدا بۆیان

نامۆ بوو. ئەوەی کە بە زۆریی لەگەڵ ئەم دوو گیاندارەدا هەڵسوکەوتی کـردووە، ئەستەمە نەچێتە ژێر باری ئەوەی کە شتی وەهای لەم دوو گیاندارە بەدی کردووە، کە ئێستا بە قسەکردنیان هەست بەناتەواوی بکەن، ئەو کەموکوڕییەی کە مەحاڵە بتوانرێت چارەسەر بکرێت، چونکە بەداخەوە کۆئەندامی تایبەت بە ئۆرگانی دەنگیان، چیتر بە هانایانەوە نایەت. بەڵام ئەگەر ئۆرگانی تایبەتمەند هەبوایە، ئەوا لە سنوورێکی تایبەتیدا، ئەم توانای قسەکردنەش لەناودەچوو. ئۆرگانەکانی دەم لەلای باڵندەکان بەدڵنیایی لەگەڵ هی مرۆڤدا جیاوازن، سەرەڕای ئەوەش باڵندەکان تەنها گیاندارن کە فێری قسە دەبن، تەنانەت ئەو باڵندەیەی دەنگی لە هەموان نەشازترە، کە تووتیە، لە هەمووان چاکتر دێتە قسە، کەس ناڵێت ئەو لە قسەکانی خۆی ناگات. بەڵام ئەو بەحۆشحاڵییەوە دەدوێت و لەناو ئاوەدانیدا چەندین سات هەموو گەنجینەی وشەکانی هەڵدەرێژێ و بەبێ وەستان دووبارەیان دەکاتەوە، بەڵام ئەو بە ئەندازەی بازنەی تێگەیشتنی خۆی توانای ئەوەیهەیە لەو شتانە بگات کە دەیانڵێتەوە. کەسێک کە پەیاگایەک فێری جنێو دەکات، بەجۆرێک کە ئەو لە ماناکەی بگات (ئەوەش یەکێکە لەو یارییە باوانەی ئەو کەشتیوانەی کە لە وڵاتە گەرمەکانەوە دەگەڕێنەوە، کە یەکێک دەیورووژێنێ یا بە خواردنێکی خۆش ڕازی دەکا، یەکسەر بۆی دەردەکەوێت کە ئەو، زۆر بەچاکی هیچ جنێوێک بە فیڕۆ نەدات و هەموویان بڵێتەوە، بەهەمان شێوەی ژنە سەوزەفرۆشەکانی بەرلین کە جنێوەکان دەدەن.

لە سەرەتدا کارکردن، پاشان و لە هەمانکاتیشدا قسەکردن - ئەمانە دوو هاندەری بنەڕەتیین کە بەهۆیانەوە مێشکی مەیموون لە هەموو ڕوویوکێەوە و بێ کەم و کوڕیی بەرە بەرە رووە و مێشکی مرۆڤ هەنگاوی نا. هاوشان لەگەڵ پێگەیشتنی مێشکدا ئامرازەکانی پاش خۆی

پێگەیشتن، واتە ئۆرگانەکانی هەستکردن. هەروەک چۆن قسەکردن لە پلە بە پلەی پەرەسەندنیدا، هەموو وردەکارییەکانی لەگەڵ خۆیدا هێنا، کە بۆ پەرەئەستاندنی کۆئەندامی بیستن پێویستن، بە هەمان شێوەش بەهۆی پەرەئەستاندنی مێشکەوە هەرگیز هەموو ئەندامە هەستیارەکان پەرەیان دەستاند و پێگەیشتن. مەودای بینینی داڵ لەچاو هی مرۆڤ زۆر زیاترە، بەڵام چاوی مرۆڤ لە پێکهاتەی شتەکاندا شتی زۆر زیاتر بەدی دەکات. توانای بۆنکردنی سەگ لەچاو هی مرۆڤ گەلێک زیاترە بەڵام ئەو یەک لە سەدی ئەو بۆنانەی کە بۆ مرۆڤ نیشانەی بەڵگەنەویستن بۆ شتی جیاجیا، سەگ لێکیان جیا ناکاتەوە. هەستی بەرکەوتن، کە بەوپەڕی سادەیی و درشتی و بەدەگمەن لەلای مەیموون هەیە، تەنها بەهۆی کارکردنەوە، لە خودی دەستی مرۆڤدا هاتەکایەوە.

پەرەئەستاندنی مێشک و کۆئەندامی هەست کە لە خزمەتیدان، روونبوونەوەی روو لەزیادی درک پێکردن، چامتربوونی توانست بۆ داماڵین و هەمەکیی کردن- ئەمانە هەموو کاراین کردە سەر گۆکردن، بەوەی کە بوونە هاندەر و تەزووی هەمیشە نوێ بۆئەوەی لە پەرەئەستاندنێکی هەمیشەیی دابن. ئەم پەرەسەندنەش پاش جیابوونەوەس تەواوی مرۆڤ لە مەیموون کۆتایی پێ نەهات، بەڵکو بە پێچەوانەوە، لەو کاتەوە دەستیپێکرد. چەندین قۆناغی بەرەوپێشەوەی بڕی، قۆناغی ئەوتۆ کەمەودا و رووکاری جیاوازیان هەبوو، بەپێی جیاوازی میللەتان و جیاوازی ئاست و پلەی پێگەیشتن، جاروباریش بە پێی ناوچە و کات خۆبەخۆ نسکۆی دەهێنا، بە گشتی بەرەو پێشەوە هەنگاوی چەسپاویان دەهاویشت، ئاوێک تەکانێکی بەهێزی پێ دەدرا و گاوێکیش بەلایەکی دیاریکراودا، لەلایەن توخمێکەوە کە لەگەڵ مرۆڤی بێ کەموکوڕدا هاتەکایەوە، ئاڕاستە دەکرا، ئەو توخمە

نوێیەش - کۆمەڵگایە.

سەدان هەزار ساڵ تێپەڕین- بەسەر مێژووی زەوی کە لە ژیانی مرۆڤدا لە چرکەیەک تێناپەڕێت - پێش ئەوەی لەو گەلە مەیموونانەی کە بە دارەکاندا هەڵدەگژان، کۆمەڵە مرۆڤێک پەیدا ببن، بەڵام سەرئەنجام هەر پەیدابوون. جا ئێمە جارێکی تر بە چ شەقڵێکی جیاکەرەوە ئەو گەلە مەیموونە لە کۆمەڵگای مرۆڤ جوێ دەکەینەوە؟ بەکارکردن.

گەلە مەیمونەکان خوراکی سنوری ناوچەکەی خۆیان دەڕنییەوە، ئەو سنورەش بارودۆخی جوگرافی یا ماملانێکردن لەگەڵ گەلە مەیمونەکانی دیکە پانتاییەکەی بۆ دابین دەکردن. لە جێگایەکەوە بۆ جێگایەکی دی بەدوای لەوەڕدا عەوداڵ بوون و لەگەڵ گەلە مەیمونەکانی دیکە لەسەر لەوەڕی چاک دەجەنگین، بەڵام لەوەندەی کە ئاقارەکەی خۆیان بە خۆڕسک پێی دەبەخشین زیاتریان پێ وەبەر نەدەهات و دەستەوەستان دەمانەوە، جگە لەوەی گە بە بێهۆشی و بەبێ ئەوەی خۆیان مەبەستیان بێت، پاشەڕۆکەکانیان دەبوونە پەیین، بۆ ئەو ناوچەیەی کە تێدا دەگوزەران. کاتێ کە سەراپا ئەو زەوییانە داگیرکران کە مەیموونەکان تێدا دەلەوەڕین، وای لێهات ژمارەیان زیادی نەدەکرد، یالە چاکترین حاڵدا ژمارەیان بە سەقامگیری دەمایەوە. بەڵام هەموو گیاندارێک تا ئەوپەڕەکەی بۆژۆ لە لەوەڕ ناکات و بە فیڕۆی دەدات، تەنانەت ئەگەر بەسەر هەر چ خۆراکێکی نوێ بکەوێ ئەوا لەناوی دەبا و بنەبڕی دەکات. گورگ، بە پێچەوانەی ڕاوچی، بزنەکێوی بۆ ساڵی ئاینده ڕاناگرێ بۆئەوەی کاریلەیەکی بۆ بزێ. ئەو بزنانەی نەمامەکانی گریگیان دەماشتەوە، هەموو شاخەکانی ئەم وڵاتایان ڕووتاندەوە و کردیان بە زەوییەکی ڕووتەن. ئەم (ڕەوشتی بۆژۆ) نەکردنە لە نێو گیاندارانداا ڕۆڵێکی گرنگی لە گۆڕانی یلە بە پلەی ڕەگەزەکاندا هەیە، چونکە پاڵیان

پێوەدەنێت، جگە لەوەی کە لەسەری راهاتوون، لەسەر خۆراکێکی نوێش، خۆیان رابهێنن، ئەمەش دەبێتە هەی ئەوەی کە خوێنەکانیان پێکهاتەیەکی کیمیایی جیاواز وەربگرێت و بەرەبەرە سەراپا پێکهاتەی لەشیان گۆڕانی بەسەردا بێت. بەڵام رەگەز نەگۆڕەکان، ئەوانەی کە هیچیان تێدا ناگۆڕێت، لەناودەچن. بێگومان ئەم بۆژۆنەکردنە ڕۆڵێکی یەکجار مەزنی لە گۆڕانی پێشینەکانمان بەرەو مرۆڤ گێڕا، لەلای توخمەوە مەیمونێک کە لە هەموو توخمەکانی تر زیرەکتر و بەتواناتر بوون بۆ ئەوەی خۆیان بگونجێنن. ئەم نەریتی بۆژۆنەکردنە دەبوایە ئەم ئەنجامانەی خوارەوەی بەدیبهێنێت. ئەوانەش بریتین لـەوەی کە، ئەو ڕووەکـانـەی خۆراکی ئەو توخمەی پێکدەهێنا، بەرە بەرە زیادیان دەکرد و ئەو جۆرەی کە بۆ خواردن دشیا لە ڕووی ژمارە و قەوارەوە هەمیشە بەکاردەهات و دەبوایە جۆرە خۆراکێکی دیکە جێگای بگرێتەوە، واتە خۆراکیان هەردەم هەمەجۆرتر دەبوو، بەمەش ئەو پێکهاتەیەی دەچووە نێو دەزگا ئۆرگانیکەکانەو جۆراوجۆر دەبوون، بەم جۆرەش ئێکڕای مەرجە کیمیاییەکانی بوون بە مرۆڤ، ڕەخسین، بەڵام ئەمانە هەموو هێشتا کاری ڕاستەقینە نەبوون، چونکە کارکردن لە دروسنکردنی کەرەستەکانەوە دەستپێدەکات. ئایا کۆنترین کەرەستە چین کە ئێمە بیاندۆزینەوە؟ واتە هەرە کۆنترینیان، بە پێی ئەو شتانەی کە بە میرات لەپاش مرۆڤی پێش مێژوو ماونەتەوە، هەروەها بە پێی شێوازی ژیانی ئێستاس سەرەتاییترین گەلانی دڕندە، کە دابین بکرێت؟ بێگومان کەرەستەی راووشکار و راوە ماسییە، ئەوەشمان لەبیرنەچێ کە ئەو کەرەستە سەرەتاییانە وەکوو چەکیش بەکار دەهێنران، بەڵام راووشکار و راوەماسی پێشتر خوازیاری ئەوەن کە مرۆڤ هاوکات و هاوشان لەگەڵ خۆراکی رووەک، چێژ لە گۆشتیش وەربگرێت، لێرەشدا جارێکی تر هەنگاوێکی

زۆر گرنگ، بەرەو بوون بە مرۆڤ، بەدی دەکەین. گۆشت ئەو خۆراکە بنەڕەتیانەی بە ئامادەیی تێدایە کە ئۆرگانەکان پێویستیانە، بۆئەوەی لە خانەکانیاندا جۆری خۆراکەکە بگۆڕن، گۆشت ئەو ماوەیەی کورتکردەوە کە لەش بۆ هەرسکردنی رووەک پێویستی پێ بوو، هەروەها پێویستی بەو پرۆسانەی هەرسکرن نەبوو، کە رووک لە جەستەی مرۆڤدا پێویستی پێ هەبوو، بەوەش خۆراکێکی بە بڕشتر و چێژتری هاتە دەست، بۆ چەسپاندنی ژیانێکی راستەقینەی گیانداریی. مرۆڤ لە رەوتی دروستبوونیدا هەرچەند خۆی لە رووەک دووردەخستەوە، بەو ئەندازەیەش خۆی بەسەر گیاندارااندا سەر دەخست. هەروەک چۆن سەگ و پشیلەی کێویی هاوشان لەگەڵ خواردنی گۆشتدا خۆیان هەر بەو جۆرەش خۆگۆنجاندنی مرۆڤ بۆ خواردنی گۆشت لە پاڵ خۆراکی رووەک، رۆڵێکی بنەڕەتیی هەبوو لە بەخشینی هێزێکی زیاتر بە جەستە و سەربەخۆیی لە ڕەوتی دروستبوونیدا، بەڵام کرۆکی هەرە گرنگ بریتیە لە کاریگەریی گۆشت بەسەر مێشکەوە، چونکە مێشک زۆر لەجاران پتر لە ئەو خۆراکانەی بۆ دەچوو کەبۆ پەرەئەستاندنی پێویستی پێی هەبوون، هەر بۆیە دواتر توانی، زۆر خێراتر و بەبێ کەموکوڕی نەوە پاش نەوە پەرە بستێنێت. ئەبێت بەڕێزایی گۆشتنەحۆر بمانبەخشن، چونکە مرۆڤ بە بێ خۆراکی گۆشت نەدەبوو بە مرۆڤ، جا ئەگەر خۆراکی گۆشت لەلای ئەو گەلانەی کە ئێمە دەیانناسین لە سەردەمێکدا ببێتە هۆی خواردنی حودی مرۆڤ، ئەوا ئەوە پەیوەندی بە ئێمەوە نییە کاتێک کە { خەڵکی بەرلین و وێلاتاب ویلز بە سەدەی دەیەمدا، دایک و باوکی خۆیان دەخوارد (3)}

خواردنی گۆشت، بوو بە بەردەبازێک، بۆ دوو هەنگاوی نوێی یەکلاکەرەوە بەرە پێشەوە: بەکارهێنانی ئاگر وماڵییکردنی گیانداران.

هەنگاوی یەکەم، واتـە (بەکارهێنانی ئاگر)، پرۆسەی هەرسکردنی کورتکردەوە، چونکە، ئەگەر بشێت بڵێین، خواردنێکی نیوە هەرسکراوی بە زار بەخشی. هەنگاوی دووەم، (ئاژەڵداری)، خۆراکی گۆشتی زیادکرد، چونکە هاوشان لەگەڵ راووشکاردا سەرچاوەیەکی نوێی و جەستەبەرکراوی بۆ مرۆڤ دابین کرد کە جگە لەوەش لە شیر و شیرەمەنیدا خۆراکێکی نوێی دەوڵەمەندی هاتە دەست کە لە رووی پێکهاتەوە بایەخی لە گۆشت کەمتر نییە. بەم جۆرە هەنگاوی یەکەم و دووەم بەشێوەیەکی راستەوخۆ، بوون بە دوو کەرەستەی نوێی ئازادکرنی مرۆڤ، ئەگەر لە ورد و درشتی کاریگەریی ناراستەوخۆی ئەو دوو کەرەستەیە بکۆڵینەوە، وێرای ئەوەی کە بۆ پەرەئەستاندنی مرۆڤ و کۆمەڵگا پڕ بایەخن، ئەوا لە بابەتەکە زۆر دوور دەکەوینەوە.

وەک چۆن مرۆڤ فێری ئەوە بوو، هەموو ئەو شتانە بخوا، کە بۆ خـواردن دەشێن. بە هەمان شێوەش، فێری ئەوە بوو، لە هەموو کەشوهەوایەکدا گـوزەران بکات و بە هەموو لایەکدا بەسەر زەوییدا بڵاوبووەوە کە بۆ نیشتەجێبوون بشێن، تاکە گیاندار بوو بتوانێت خۆبەخۆ ئەوانە بکات و ئەو دەسەڵاتەی هەبێت. گیاندارەکانی دیکە، کە خۆیان بۆ هەموو کەشوهەوایەک گونجاندووە، ئەوا خۆبەخۆ نەیانکردووە، بەڵکوو لە کاتێکدا فێری ئەوە بوون، کە بە دوای مرۆڤ دەکەوتن، ئەوانەش بریتین لە گیاداری ماڵی و مێش و مەگەز. گوێزارنەوە لە گەرمەسێرەکانەوە، کە کۆنە زێدیان بوو، بەرەو کوێستانەکان، کە ساڵ بەسەر گەرما و سەرمادا دابەش دەبێت، پێداویستی نوێی هێنایە کایەوە وەک: داڵدە و پۆشاگ، بۆ خۆپاراستن لە سەرماوسۆڵە و شێ، ئەمەش رێگای لەبەردەم چەندین بەشی تازەی کارکردن و چالاکییە نوێیەکان ئاوەڵاکردەوە، بە ئەندازەیەکی وەها،

که جار لەدوای جار لەدوای جار زیاتر، مرۆڤی لە گیاندار دوور دەخستەوە.

بەهۆی هاوتایی کارەکانی دەست و مێشک و ئۆرگانەکانی قسەکردن، نەک تەنها لەلای تاکەکەسێک بەڵکو لە نێو کۆمەڵگاشدا، خەڵکیی، توانییان لە پرۆسەی جار لە جار ئاڵۆزتر بکارێن و هەمیشە بە ئەنجامی جار لە جار باڵاتر بگەن. نەوە پاش نەوە حودی کارکردن گۆڕانی بەسەرداهات و هەرجارە هەمەلایەنتر و بێ کەموکورتر دەبوو. راوشکار و ئاژەڵداری وەرزێرییان هاتە پاڵ، وەرزێریش تەونکاریی و چنین و ئاسنگەریی و چینی سازیی و دەریاوانیی هاتە پاڵ. سەرئەنجام هونەر و زانست، هاوشان لەگەڵ بازرگانی و پیشەگەریدا سەری هەڵدا، لە هۆوەکانەوە گەڵ و دەوڵەت بەرپا بوو. یاسا و کاری رامیاری پەرەیان دەستاند و لەگەڵیدا ئەو ڕەنگدانەوە سەیروسەمەرەی شتە مرۆڤایەتییەکان لە مێشکی حودی مرۆڤدا: واتە ئایین. سەرجەم ئەو پێکهاتانەی، کە سەرئەنجام وەکو بەرهەمی مێشک دەردەکەون و بەسەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا زاڵ دەبن و بەروبوومی کاری دەست دەخەنە پلەی دووەمەوە، ئەوەش بەو ئەندازەیەی کە ئەو مێشکەی ئەنانەت لە سەدەمانێکی زۆر زووی پەرەئەستاندنیدا (بۆ نموونە لە کاتی خێزانی سەرەتاییەوە)ڕا پلانی ئەو کارەی کە کێشاوێتی بە دەستێکی دیکە، جگە لە دەستی خۆی، جێبەجێ بکرێن. بەخشندەیی پەرەئەستاندنی بەلەزی شارستانێتی، بەدەسکەنەی پەرەئەستاندن و چالاکی مێشک لە قەڵەمدرا. خەڵکی لەسەر ئەوە راهاتن کە کردەوەکانیان لە بیریانەوە هەڵێنجن، لە بری ئەوەی کە لە پێداویستیەکانیانەوە هەڵیانهێنجن، ئەو کردەوانەی (کە بەبێ هیچ گومانێک لە کەللەیاندا ڕەنگ دەدەنەوە و هۆشیاریان دەکەنەوە)، بەم جۆرە ئەم بۆچوونە ئایدیالیستییە لەمەڕ جیهان، لەگەڵ رۆژگاردا دروست بوو، هەر لە پاش هەرەسهێنانی جیهانی دێرینەوە، بەسەر مێشکدا زاڵ بوو.

ئەم بۆچوونەش هێشتا بە ئەندازەیەک زاڵە، توێژەرەوە ماتریالیستەکانی سروشت کە سەر بە قوتابخانەی داروینن، نەیانتوانیوە بە بیروڕایەکی روون و ئاشکراوە بڕوانە چۆنێتی دروستبوونی مرۆڤ، چونکە ئەوان لە ژێر کارتێرکردنی ئەو ئایدیۆلۆژیا ئایدیالیستیەوە، نەیانتوانی پەی بە ڕۆڵی کارکردن بەرن کە لەو پەرەئەستاندنەدا گێڕاوێتی.

وەک لە پێشدا ئەنگوستمان بۆ کێشا، گیانداران، مانەندی مرۆڤ، ئەگەر بە پێوانەیەکی کەمیش بێت، بەهۆی چالاکییەکانیانەوە گۆڕان بەسەر سروشتی دەرەوەیان دەهێنن، ئەو گۆڕانانەش کە لە دەوروبەری خۆیاندا بەرپای دەکەن، وەک بینیمان، کار دەکەنە سەریان، چونکە لە سروشتدا هیچ شتێک بە تەریکی رووناداث و هەر لایەک کار دەکاتە سەر لایەکی تر و بە پێچەوانەشەوە، جا لەبەرئەوەی زانایانی سروشت زۆربەی کات ئەم بزاوتە هەمەلایەنە و ئەم کارلێکە ئاڵوگۆڕکراوە هەمەلایەن و گشتیە فەرامۆش دەکەن، هەر بۆیە ناتوانن بیرۆکەیەکی روون و ئاشکرا لە مەڕ سادەترین شت پێکبهێنن. بینیمان کە چۆن بزنەکان ڕێگایان لە دووبارە چاندنەوەی گریک دەگرتن و لە دوڕگەی سانت- هیلانەدا ئەو بزن و بەرازانەی کە کەشتیوانە کۆنەکان بۆ دووڕگەکەیان دەهێنان، هەموو رووەکە کۆنەکانی ئەو ناوچەیەیان ماشتەوە، ئەمەش خاکی ناوچەکەی بۆ ئەو رووەکانەی کە کەشتیوانەکان و دانیشتوانی دیکە کە بۆ ئەوێیان هێنان، هەموار کرد. بەڵام ئەگەر ئەم گیاندارانە بە دوورودرێژی کار لەسروشتی دەوروبەریان بکەن، ئەوا ئەو کارلێکردنە لە بێ ئاگایی خۆیانەوە دێتە دی و بۆ خودی ئەم گیاندارانە دەبنە کوێرە ڕێکەوتێک. جا هەرچەند مرۆڤ خۆی لە دۆحی گیاندار دوور بخاتەوە، بەو ئەندازەیەش جێ دەستی لە سروشتدا سیمای چالاکییەکی بە پلان و پەیڕەوکراو، کە ئەنجامی تایبەتی

بخوازێت و پێشتر نەخشەی بۆ کێشرابێت بە خۆوە دەگرێت. گیاندار بەبێ ئەوەی کە بزانێ چی دەکات، درەختی ناوچەیەک بنەبڕ دەکات، بەڵام مرۆڤ  ئەو درەختە لەناو دەبات بۆئەوەی زەوییەکە بۆ تۆوکردن بسازێنێ، یا دار و بەرسیلەی تێدا دەچێنێت و دەزانێت لەکاتی درەو یا رنین چەندین جار لەوەی کەوەشاندوویەتی یا چاندوویەتی، پتری پێدەبرێ. مرۆڤ درەختی سوودبەخش و گیانداری ماڵی لە وڵاتێکەوە بۆ ئیدی دەبا، ئەمەش جیهانی گیانداران لەسەرجەمی کیشوەرێکدا رێکدەخا، لەوەش بەولاترەوە، موتوربەکردنب درەخت و گیاندار لە لایەن مرۆڤەوە، دەبێتە هۆی دروستبونی گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ کە ناسینەوەیان ماحاڵ بێت. ئەو درەختە کێوییانەی کە سەرچاوەی دەغڵودانە جۆربەجۆرەکانمانن، تاوەکوو ئێستا نادیارن. ئاخۆ سەگەکانمان بە هەموو جۆرەکانیانەوە، دەبێ لە چ گیاندار کێوییەک کەوتبنەوە، یا خود هر بەهەمان شێوە رەگوڕیشەی ئەو هەموو جۆرە ماینە رەسەنانەی، کە هێشتا مشتومڕیان لەسەرە، لە کوێوە هاتوون.

ئاشکرایە، کە دەبێت بە راگوزەریش ئەومان لە بیردا تێنەپەڕێت، نکۆڵی ئەوە بکەین کە گیانداران بەشێوەیەکی پلاندارێژراو هەڵسوکەوت بکەن، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەڵسوکەوتی بە پلان لە هەموو جێگایەکدا بەشێوەیەکی ئاولەمەیی هەیە کە پرۆتۆپلازم و پڕۆتینی زیندوو هەبێت و کاردانەوەشی هەبێت، واتە هەندێک جولانەوەی سووک و سانا کە لە ئەنجامی کاردانەوە بۆ وروژاندنێک کە لە دەوروبەرەکەیدا روودەدات. ئەم کاردانەوەیەش هەر دێتەدی، تەنانەت ئەگەر هێشتا خانە و نێرڤەخانەش دروست نەبوبێت. ئەو شێوازەی کە تێدا ئەو رووەکانەی مێشومەگەز دەخۆن وەها نیشاندەدەن، کە بە پلانێکی دارێژراو نێچیرەکانیان راو بکەن،

ئەگەرچی ئەو درەختانە بەتەواوی بە بێهۆشی خۆیان دەیکەن. لە نێو گیانداراندا توانای هەڵسوکەوتی هۆشمەندانە و پلان بۆداڕێژراو بە ئەندازەی پەرەئەسنادنی سیستەمی نێرڤەکان پەرەئەسێنێت، لەلای شیردەرەکان دەگاتە ئاستێکی یەکجار باڵا. لە راوەرێـوی بەریتانییەکان، مرۆڤ ئەوە بەزەقی دەبینێت، کە چۆن رێوییەکە بەتەواوی شارەزایی خۆی بۆ ئەو ناوچەیە بەکار دەهێنێت و چەند بەچاکی دەتوانێت کەڵک لە کەندولەندی ناوچەکە وەربگرێت و راوچییەکانی پێ هەڵە بکات. لەلای گیاندارەماڵییەکان، کە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ مرۆڤدا زۆر پێشی خستوون و ئەوەتا رۆژانە ئەو بلیمەتییەیان تێدا بەدیدەکرێت، کە بەتەواوی دەگەنە ئاستی بلیمەتی منداڵان، هەروەک چۆن مێژووی پەرئەسناندنی ئاولەمەی مرۆڤ لە پزدانی دایکیدا دووبارەبوونەوەیەکی کورتە بۆ مێژووی پەرەئسناندنی جەستەیی گیاندارە پێشینەکانمان بە درێژایی ملیۆنەها ساڵ، لە کرمەوە را بگرە، بەهەمان شێوەش پەرەئەسناندنی بیر لەلای ئەو پێشینانە، لانی کەم ئەوانەی دواییان بەڵام سەرجەمی چالاکی گیانداران کە بە پلانێکی داڕێژراو بوون، نەیانتوانی سروشت بە مورکی ویست و ئارەزووی خۆیان بنەخشێنن، وەلێ مرۆڤ توانی.

بەم جۆرە بەکورتی دەڵێین، گیاندار تەنها سوود لە سروشتی دەرەوەی خۆی وەردەگرێ و تەنها بەبوونی خۆی کاری تێدەکات، بەڵام مرۆڤ بەهۆی ئەو گۆڕانکارییانەی گە تێدا دەیانکاتـ تەنها بۆ خزمەتی مەبەستەکانی خۆی تەرخانی دەکات و بەرزەفتی دەبێت. ئەمەش دوا بەردی بناغەی جیاوازییە لە نێوان مرۆڤ و گیاندارەکانی دیکە، ئەم جیاوازیەش دیسانەوە کار هێنایە کایەوە.

بەڵام ئێمەی مرۆڤ نابێت، بەسەرکەوتنەکانمان بەسەر سروشتدا، زۆر لەخۆبایی ببین. چونکە هەر سەرکەوتنێک کە بەدەستی دەهێنین، ئەوا تۆڵەمان

لێدەکاتەوە. گومانی تێدا نییە کە هەرچ سەرکەوتنێک بەدەست بێت لە ڕیزی پێشەوەدا، ئەو ئاکامانەی تێدایە کە خۆمان لێکدانەوەمان بۆ کردووە، بەڵام لە ریزی دووەم و سێهەمدا ئاکامێکی زۆر جیاوازی دەبێت لەوەی کە ئێمە پێشتر لێکدانەوەمان بۆ نەکردبوو، زۆربەی کات تەنها ئاکامەکانی پێشترمان بەبەردا دەدات. خەڵکی مێزۆپۆتامیا و گریک و ئاسیای بچووک و جێگای تر بۆ هەموارکردنی کێلگەکانیان، هەموو لێرەوارەکانیان بنەبڕ کرد، لە کاتێکدا کە هەرگیز لە خەونی ئەوەدا نەبوون کە ئەو کراەیان بەردی بناغەی ئەو قاتوقڕییەی بنیاد نا، کە ئێستا لەو وڵاتانەدا هەیە، چونکە ئەوان لەگەڵ بنەبڕکردنی ئەو لێرەواڕانە کانگای شێ وتەڕی ناوچەکەیان چک کرد. ئیتاڵییەکانی چیای ئەلپ، کاتێ کە جەنگەڵی دارکاژەکانی باشووری ناوچەکەیان بڕییەوە، ئەو دارانەی کە لە بەشی باکووردا زۆر بەخزمەت بوون، هەرگیز نەیاندەزانی بەوە ئاژەڵداریی لەناوچەکەیان ریشەکێش دەکەن، لەوەش خراپتر ئەوە بوو کە نەیانزانی بۆ ماوەی هەرە زۆری ساڵەکاش کانیاوەکانیان چک کرد، جگە لەوەی کە ئەو داربڕاینە بوو بەهۆی ئەوەی لە وەرزی باراندا، لێزمە و ئاوەڕۆی زۆر بەخوڕ بەسەر زەویدا دەڕژێت و پێزی ئەو خاکە دەبڕێ، هەروەها ئەوانەی کە لە ئەوروپا پەتاتەیان بڵاوکردەوە، درکیان بەوە نەکرد، کە نەخۆشی زوخاو ( ) لەگەڵ ئاردی ئەو پەتاتانە بڵاودەکەنەوە. بەم جۆرە لەگەڵ هەموو هەنگاوێکدا بیرمان دەخرێتەوە، کە ئێمە بەهیچ کلۆجێک بەسەر سروشتدا زاڵ نابین، هەروەک چۆن داگیرکرێک میللەتێکی بێگانە داگیر دەکات، یا وەکو کەسێک کە لە دەرەوەی سروشتەوە هاتبێت، بەڵکو ئێمە، بە گۆشت و بە خوێن و بە مێشک هی سروشتین و لە ئامێزی داین، جا ئێمە جیا لە هەموو بوونەوەرێکی دیکە، بەوە بەرزەفتی دەبین کە دەتوانین یاساکانی بناسین و بەڕاست و رەوانی بەکاریان بهێنین.

لە ڕاستیدا ئێمە رۆژانە فێری ئەوە دەبین کە بەشیوەیەکی راستتر لە یاساکانی بگەین و کاردانەوە نزیک و دوورەکانی ئاکامی دەستێوەردانمان لە رەوتی ئاسایی سروشت درک پێ بکەین، جار لە جار زیاتر بۆمان دەلوێت، بەتایبەتی پاش ئەو هەنگاوە مەزنانەی کە زانستی سروشت لەم سەدەیەدا بەرەو پێشەوە نای، درک بە ئەنجامی دووری کاری ئاسایی رۆژانەمان بکەین، لانی کەم لە بواری بەرهەمهێناندا و فێری ئەوە ببین چۆنیان بەرزەفت ببین. هەرچەندە زیاتر ئەمە رووبدات، بەو ئەندازەیەش مرۆڤ لەگەڵ سورشتدا یەکانگیر دەبێت، نەک تەنها بە هەستپێکردن بەڵکو بە تێگەیشتنەوە، هەر بەو ئەندازەیەش ئەو بیروڕا گەلۆر و ناسروشتییە ئەگەری خۆی لەدەستدەدات کە دەڵێ ماتریال و رۆح، مرۆڤ و سروشت، هەست و گیان، لێکدژن. ئەو بیروڕایەی کە لە چاخی داهێزرانی سەردەمە کلاسیکیە کۆنەمەوە لە ئەوروپا سەری هەڵدا و لە سایەی کریستەکاندا گەیشتە چڵەپۆپەی پەرەئەستاندنی.

ئەگەر کارکردن بەدرێژایی هـەزاران ساڵ خوازیاری ئەوەبوو کە ئێمە تاڕادەیەک فێری ئەوە بین پێشتر ئاکامە سروشتییە دوورەکانی کارە بەرهەمهێنەرەکانمان لێکبدەنەوە، بەڵام ئمە هێشتا زۆر قورستربوو بەگوێرەی ناسینی ئاکامە کۆمەڵایەتییە دوورەکانی کارەکانمان. ئاماژەیان بۆ پەتاتە و ئاکامەکەی کرد، کە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی زوخاو بوو. بەڵام زوخاو چییە لە چاو ئەنجامی قەتیسکردنی خۆراکی رەنجدەران بە پەتاتە وەکو یەکێک لە مەرجەکانی ژیانی کۆمەڵانی خەڵک لە تەواوی ولاتاندا، یا دەبێت زوخاو چی بێت لەچاو ئەو برسێتییەی کە بەهۆی نەخۆشی پەتاتەوە ساڵی 1847 تووشی ئێرلەندە هات، یەک ملیۆن پەتاتەخۆری ئێرلەندی کە تەنها پەتاتەیان هەبوو بیخۆن، بەخاک سپێردران و دووملێونی تریش رووەز دەریا

سەرگەدان بوون؟ کاتێک کە عەرەبەکان فێری دڵۆپاندنی ئەلکهول بوون بەخەویش نەیاندەزانی کە ئامرازێکی سەرەکییان داهێناوە، پاشان دەبێتە دەستەچیلەیەک بۆ لەناوبردنی دانیشتوانی بنەڕەتی ئەمریکا، کە ئەوشا هێشتا نەدۆزرابونەوە. کاتێ کە کۆلۆمبس ئەمریکای دۆزییەوە نەیدەزانی بەم دۆزینەوەیەی، سەرلەنوێ کۆیلەتیی دەهێنێتە کایەوە، گە دەمێک بوو لە ئەوروپادا ئاسەواری بڕابوو، بەم کارەشی بناغەکانی کڕین و فرۆشتنی ڕەشپێستەکانی داەزراندەوە. ئەو پیاوانەی لە سەدەکانی حەڤدە و هەژدەدا مەکینەی هەڵمیان داهێنا، ئەوەیان بەبیردا نەدەهات ئەو ئامرازەیان داهێناوە کە لە هەموو شتێک زیاتر بەشداری لە گۆڕرانی پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکانی تیکڕایی جیهان دەکات، گۆڕانێکی شۆڕشگێڕانە، بەتایبەتی لە ئەوروپادا، جگە لەوەی ئەوەش دەستەبەر دەکات کە سەروەت و سامان لەچنگ کەمایەسییەکدا پەنگ بخواتەوە و زۆربەی هەرە زۆری خەڵکیش بکات بە نەدار، لەپێشدا کۆنترۆڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ بۆرژوا دەستەبەر دەکات، بەڵام پاشان خەباتێچکی چینایەتی لە نێ،ان بۆرژوا و پرۆلیتاریا پەرپا دەکات و تەنها بە روخاندنی بۆرژوازییە، سەرجەم دژایەتییە چینایەتییەکان کۆتاییان پێ دێت. بەڵام لەم بوارەشدا پلە بە پلە بە ڕێگایەکی سەخت و دژوار و دوور و درێژدا و بەهۆی لێکدانەوە و توێژینەوە لە کەرەستەکانی مێژوو، فێری ئەوە دەبین کە ئاکامە راستەخۆ و ئایندەکانی بەرهەمی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان درک پێ بکەین، بەمەش ئەگەری ئەوە بەدەست دەهێنین کە بەسەر ئەو ئاکامانەدا زاڵ بین و ڕێکیان بخەین.

بەڵام بۆ پراکتیزەکردنی ئەو ڕێکخستنە، پێویستیمان بۆ پتر لە شارەزاییەکی پەتی هەیە، لێرەدا دەبێت شێوازی تا ئێستای بەرهەمهێنان و سەرجەم سیستەمی ئێستای کۆمەڵایەتیمان بەتەواوی سەرەنگرێ بکەین.

هەموو شێوازەکانی تا ئێستاس بەرهەمهێنان ئامانجیان تەنها وەدستهێنانێکی ڕاستەوخۆی قازانجی ئایندەی کار بووە. ئەنجامەکانی دیکە، کە پلە بە پلە بە هۆی دووبارەبوونەوە و کەڵەکەبوون دەهاتنەکایەوە، بەتەواوی بە پشتگوێخراوی دەمانەوە. لە دۆخی سەرتاییدا، خاوەندارێتی هاوبەش لە زەویدا، لەلایەکەوە پێ بە پێی ئاستی پەرەئەستاندنی مرۆڤ بوو کە بە گشتی ئاسۆی لێکدانەوەی سنووردار بوو، لەلایەکی ترەوە بەرادەیەک زەوییەکی زیادی لەبەردەستدا بوو، کە لەو سەروبەندەدا، بۆ ئەو ئابوورییە سەرەتاییەی جەنگەڵستان، کەلێنێکی گەورەی بۆ ئاکامە خراپەکان هێشتبۆوە. جا کاتێک کە ئەم زەوییە زیادە بەکارهات. خاوەندارێتی گشتی هەرەسی هێنا، بەڵام هەموو شێوە باڵاکانی بەرهەمهێنان خەڵکیی، بەسەر چینی جۆراوجۆر دابەش دەکەن، ئەوەش دەبێتە هۆی هاتنەکایەوەی دژایەتی لە نێوان  چینە زاڵەکان و چینە چەوساوەکان، بەڵام بەرژەوەندی چینە زاڵەکە دەبێتە توخمێکی هاندەر بۆ بەرهەمهێنان. ئەویش بەو ئەندازەیەی کە تەنگ بە لانی کەمی پێداویستی بژێویی چەوساوەکان هەڵنەچنێت. ئائەمەیە شێ،ازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریی، کە ئێستا ئەوروپای ڕۆژئاوا پیادەی دەکات. هەر سەرمایەدارێک کە بەرهەمهێنان و ئاڵوێرکردنی لەژێردەستدایە، تەنها خەمی قازانج و کارەکانی خۆیەتی، خودی ئەو قازانجەش - بەو ئەندازەیەی مەبەست لە سوودوەرگرتن لەو کاڵایە کە بەرهەمدەهێنرێت، یا ئاڵوگۆردەکرێت - بەتەواوی دەچێتە ریزی دواوە، چونکە قازانجکردن لە فرۆشتندا، دەبێتە تەنها پاڵپێوەنەرێک.

زانستی کۆمەڵایەتی بـۆرژوازی، ئابووری رامیاریی کلاسیکی، لە بنجدا تەنها قسە لەو ئەنجامە کۆمەڵایەتییانە دەکەن کە ڕاستەوخۆ لە مەبەستی کارە مرۆڤایەتییەکانەوە بەرەوبەرهەمهێنان و ئاڵوگۆرکردن ئاڕاستە

دەکرێن. ئەمەش بە بێ کوموکورتی بەسەر ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتییەدا دەگونجێت، کە ئەم زانستە بە شێوەیەکی تیۆری دەری دەبڕێت. کاتێک کە سەرمایەداران، بە مەبەستی قازانجی راستەوخۆ بەرهەم دەهێنن و ئاڵوگۆڕ دەکەن، لە پێش هەموو شتێکدا، تەنها نزیکترین ئەنجامی راستەوحۆ لەبەرچاو دەگرن. ئەگەر پیشەگەرێک یا بازرگانێک ئەو کاڵایەی کە بەرهەمهێنراوە یان کڕدراوە، بە قازانجێکی کەمیش بفرۆشێت، ئەوا ئەو بەو قازانجە قایلە و هەرگیز گوێ نە بە کاڵاکە نە بە کڕیارەکەی دەدات. هەمان شت لەبارەی ئاکامە سروشتییەکانی هەمان کار. وەرزێر ئیسپانییەکتن لە کوبا، ئەوانەی لێرەواری سەر چیاکانیان سوتاند و سووتوەکەیان کرد بە پەیین، بۆ تەنها یەک نەوە لە درەختی قازانج بەخشی قاوە، گوێیان لەوە نەبوو کە دواتر بارانی پشتێنەیی، ئەو چینە خۆڵەی راماڵی، کە ناوچەکەی داپۆشیبوو و لە بەردی رووتەن بەولاوە هیچی تریان بۆ نەمایەوە! شێوازی ئێستاس بەرهەمهێنان لە بەرامبەر سروشت و کۆمەڵگادا، تەنها نزیکترین دەسکەوتی بەرجەستەی لەبەرچاوە، پاشان مرۆڤ سەرسام دەبێت کاتێک کە ئاکامە دوورەکانی داهاتوو، کە لەو کارانەوە سەرچاوە دەگرن، زۆر جیاوازن و زۆربەشیان بەتەواوی لێکدژن، چونکە هاوسەنگی لە نێوان خواست (الگب) و خستنەڕوودا (العرچ) لە جەمسەرەکەیدا ئاوەژوو دەبنەوە، وەک چۆن خولی پیشەسازی دەساڵ جارێک ئەوەمان نیشاندەدات، وەک چۆن ئەڵمانیاش بەوە باری هێنا، لە کاتێکدا دەرگایەکی بچووکی ئەم جۆرە سەرنگرێبوونەی لەکاتی (نابووت) یدا بەڕوودا کرایەوە (4)، چونکە خاوەندارێتی تایبەت کە لەسەر کاری تاکەکەس چەق دەبەستێت، بەپێویست بەرەو نەهێشتنی خاوەندارێتی کرێکاران پەرەدەستێنێت، بەڵام سەراپاکی خاوەندارێتی جار لە جار زیاتر لەدەستی ئەوانەدا کۆدەبێتەوە، کە کرێکار نین، چونکە (...)

ئەم توێژینەوەیە لە ساڵی 1876 دا ئەنگلس نووسیویەتی،
لە گۆڤاری (Neue Zeit)دا بۆ یەکەمین جار بلاوکراوەتەوە.
Neue Zeit) 1896)
ئەم نووسراوە راستەوخۆ لە دەستنووسەکانی (مارکس/ ئەنگلس)ەوە وەرگیراوە، بەرگی 20 لاپەڕە 444–445

### تێبینیەکان

ئەنگلس لێکۆڵینەوەکەی (رۆڵی کارکرن لە گۆڕینی مەیموون بۆ مرۆڤ) لە کاتی خۆیدا وەکوو پێشەکییەک بۆ کارێکی مەزن، بە ناوی (دەربارەی هەر سێ شێوە بنەڕەتییەکەی کۆیلەتی) نووسیوە، (پاشان ئەنگلس ئەو ناوەی بە (پێشەکی کۆیلەکردنی کارگەران) گۆڕییەوە، بەڵام ئەم کارەش بە تەواونەکراوی مایەوە. لە کۆتاییدا ئەنگلس ئەو پێشەکییەی ناو نا (رۆڵی کارکردن لە گۆڕینی مەیموون بۆ مرۆڤ) کە بەشی هەرە زۆری دووەمی بایەتی (دیالێکتی سروشت) دایە، بڕوانە (کارەکان مارکس/ ئەنگلس بەندی 20، لاپەڕە 269).

1.بڕوانە چارلس داروین (بنەچەی مرۆڤ و پاڵاوتنی بە پێوەدانگی سێکس) بەشی 1، لە لندەن 1871

2.بە پێی تازەترین بۆ دەرکەوتنەکان، پەیدابوونی ژیان بۆ یەکەمین جار لەسەر زەویی، لە 2 ملیار ساڵ زیاتر خایاندووە. کۆنترین شوێنەواری ناسراو، کە گیایەکی ئاوییە و تەمەنی دەگاتە 1.2 ملیار ساڵ.

3.لێرەدا ئەنگلس مەبەستی لە گەواهەکانی قەشەی ئەڵمانی یاقوب

گریم–ە لە کتێبەکەیدا (مافە دێرینەکانی ئەڵمانی) لاپەڕە 488 گوێتنگن 1828 (چاپی دووەم 1845)

4.مەبەست لە قەیرانی ئابووری جیهانە ساڵی 1873. لە ئەڵمانیادا ئەم قەیرانە لە مانگی 1873/05، بوو بە سەرەتای (نابووتییەکی مەزن) و قەیرانێکی درێژخایەن و تا کۆتایی حەفتاکان بەردەوام بوو.

# بۆ ئەبراهام لینکۆڵن،
# سەرۆکی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

کارڵ مارکس

وەرگێڕانی: سەلام عبدڵڵا ئیبراهیم

بەڕێز:

ئێمە بەبۆنەی سەرلەنوێ هەڵبژاردنی سەرکەوتوانەی پایەبەرزتان بە زۆربەی دەنگەکان، هیوای خۆشبەختی دەخوازین بۆ گەلی ئەمریکا. ئەگەر بەرگری لە دژی دەسەڵاتی موڵکدارانی کۆیلایەتی، درووشمی میانڕەوی یەکەم هەڵبژاردنتان بوو، ئەوا بانگەوازی خەباتگێڕ و سەرکەوتوانە بۆ سەرلەنوێ هەڵبژاردنتان، راگەیاندنی مردن بۆ کۆیلایەتییە!

هەر لەسەرەتای پێکدادانە مەزنەکانی ئەمریکا، کرێکارانی ئەوروپا، بە غەریزەتەوە هەستیانکرد کە چارەنوسی چینەکەیان بە ئاڵا ئەستێرەیەکەیانەوە گرێدراوە. ئایا نەدەبوو خەبات لە پێناو زەوی و زارەکان، کە دەسپێکی ئەم مەلحەمە پڕ زەبروزەنگە ترسناکە بوو، بڕیار لەسەر ئەوە بدات، زەمینە نەکێڵراوەکانی دەشتە بەرفراوانەکان بخرێنە ژێردەستی کاری کۆچکراوەکان، یان دەبێ بە پێڵاوی خاوەن کۆیلەکان شەرمەزار بکرێ؟

کاتێ ئۆلیگارشییە موڵکدارەکانی (300000) کۆیلە بۆ یەکەمجار لە مێژووی جیهان وێرایان وشەی کۆیلە لەسەر ئاڵای یاخیبوونی چەکدارانە نووسی، کاتێ لەهەمان ئەو شوێنە، بۆ یەکەمجارە لە ماوەی 100ساڵدا، بیرۆکەی کۆمارێکی دیموکراسی مەزن سەریهەڵداو یەکەم بانگەوازی مافی مرۆڤ راگەنداو یەکەم پاڵ بەشۆڕشی ئەوروپی سەدەی هەژدەهەمەدا درا، کاتێ لەهەمان ئەو شوێنە،دوژمنانی شۆڕش بە هەوڵ و خۆگرییەوە، شانازییان

بەوەوە دەکرد بە لەناوبردنی «بیروباوەرە باڵادەستەکانی ئەوسەردەمە کە دەستورە کۆنەکە دارِشتٛ» و رایانگەیاند کە «کۆیلایەتی دەزگایەکی سودمەندە- تاقە چارەسەرە بۆ کێشە گەورەکەی نێوان کارل و سەرمایە» و بە گاڵتەجا رِییەوە رایانگەیاند، کە مافی موڵکدارێتی مرۆڤ «بەردی بناغەی دامەزراوەنوێیەکەیە» ئەو کاتەی چینی کرێکاران لە ئەوروپا دەستبەجێ تێگەیشتن، تەنانەت پێش ئەوەی چینە باڵادەستەکان بە لایەنگیری توندرِەوانە لە کێشەی خاوەن موڵکە عەقارییەکانی ولایەتەکانی باشوردا بکەن ئەو هەرِەشە شوومەیان لێدەکرێ، کە ئاشوبی خاوەن کۆیلەکان، زەنگی مەترسییە لەپێناوهەوڵدانی مولکدارەکان بە هێرشێکی خاچپەرستانەی گشتی لە دژی کاردا و چارەنوس و هیوای دوارۆژی کرێکاران، تەنانەت دەستکەوتەکانی رِابردوشیان لەم خەباتە بەرفراوانەی ئەودیوی ئۆقیانووسئەتلەسی دەخاتە مەترسییەوە، لەبەرئەم هۆیە، چینی کرێکار لەهەموو شوێنێکدا، بە ئارامییەوە ئازاری مەحرومبوونیان لە قەیرانی پەموو دەکێشا و بە گەرمییەوە لە بەرژەوەندی کۆیلەکاندا، لە دژی دەستێوەردەران رِاوەستان، ئەو دەستێوەردانە کە چینە باڵادەست و «تێگەیشتووەکان» بەوپەرِی سوربوون و کۆڵنەدانەوە، هەوڵی جێبەجێکردنیان دەدات. کرێکاران لە وڵاتەکانی ئەوروپاشدا، لەپێناوی ئەو کێشە رِەوایە، بەخوێنی خۆشیان بەشداریانکرد.

تا کرێکاران، وەک هەڵگری راستەقینەی دەسەڵاتی سیاسی لە باکور، رێگایاندا، کۆیلایەتی، بێحورمەتی بە کۆمارەکەیان بکەن، تا لەبەردەم رِەشپێستٛ کەبەبێ پەسەندایەتی خۆی، دەکرِێن و دەفرۆشرێتٛ، شانازی بە ئیمتیازی پایەبەرزی کرێکاری سپی بکەن، کە دەتوانێ خۆی، خۆی بفرۆشێ و بەخۆی سالاری خۆی هەڵبژێرێ، بەدرێژایی ئەوە نەیانتوانێ ئازادی رِاستەقینەی کارکردنیان دەستبکەوێ، یان یارمەتی ئازادیخوازی

برا ئەوروپییەکانیان بدەن. ئەم ڕێگەگرییە بەردەم پێشکەوتن، کەوتە بەر دەریای سووری جەنگی ناوخۆدا.

کرێکارانی ئەوروپا بڕوای پتەویان هەیە، بەوەی کە چۆن جەنگی ئەمریکی لە پێناو سەربەخۆیی، سەرەتای سەردەمێکی نوێ بۆ دەسەڵاتدارییەتی چینی ناوەند بوو، بەهەمان شێوەش، جەنگی ئەمریکی لە دژی کۆیلایەتی، سەرەتای سەردەمی دەسەڵاتدارییەتی چینی کرێکارە. کرێکاران وای دەبینن، کە ئەوە هێمایەکی ڕاستەقینەیە بۆ سەردەمێکی نوێ، سەردەمێکی پڕمانا کە ڕاکێشانەکە بەر ئەبراهام لینکوڵن کەوت، کوڕی پۆڵایینی چینی کرێکار، بۆئەوەی لە ناو خەباتی بێ نموونەدا، سەرکردایەتی نیشتمانەکەی بکات بۆ رزگارکردنی ڕەگەزی کۆیلەکراو، لە پێناو گۆڕینی سیستێمی کۆمەڵایەتی جیهان.

ئیمزاکەران بەناوی ئەنجومەنی باڵای ئەسوساتسیونی کرێکارانی جیهانی:

Le Lubez، korrespondierender Sekretar fur Frankreich: F. Rybczin sky (Polen): Emile Holtorp (Polen): J. B. Bocquet: H. Jung، korrespondierender Sekretar fur die schweiz: Morisot: Grorge W. Wheeler: J. Denoual: P. Bordage: Le Roux: Tallandier: Jourdain: Dupont: R. Gray: D. lama: C. setacci: F. solustei: P. Aldovrandi: D. G. Bagnagatti: G. P. Fontana، korrespondierender Sekretar fur Italien: G. Lake: J. Buckley: G. Howell: J. Osborne: J. D. Stainsby: J. Grossmith: G. Eccarius: Friedrich Lebner: Wolff: K. Kaub: Heinrich Bollrtr: Ludwig Otto: N. P. Hansen (Danemark)؛ 20 Karl Pfander: Georg

Lochner: Peter Petersen; Karl Marx، korrespondierender Sekretar fur Deutschland; A. Dick: L. Wolf; J. Whitlock; J. Carter; W. Morgan; William Dell; John Weston; Perer Fox; Robert Shaw; John M. Longmaid; Robert Henry Side; William C. Worley; Blockmoor; R. Pidgeon; BLucraft; J. Nieass

G. Odger، Prasident des Rats

William R. Cremmer، ehrenamtlicher Generalsekretar

له 22/ و 29/ 1846/11 نوسراوه و له (سۆسیال - دیموکراث، ژماره3، له 30 دیسه‌مبه‌ری 1864 بڵاوکراوه‌ته‌وه)

سه‌رچاوه: Karl Marx/ Friedrich Engele– Werke، (Karl) Dietz Verlag، Berlin. Bnd 16،6 Auflage 1975، unveranderter Nachdruck 20–der 1. Auflage 1962، Berlin /DDR. S. 18

# حیزب و دەسەڵاتی سیاسی

(وتارێک لە کۆنگرەی دووەمی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران)

وەرگێرانی : سالار ڕەشید

بێگومان هاوڕێیان، له بارەی ئەم بابەتەوه چاوەڕوانی جۆراوجۆریان هەیه، بەڵام باسەکەی من دەربارەی هەنگاوه یەک له دواغی یەکەکان، هەر له هاویشتنی مەوادی خۆراکی بۆ کارمەندانی سەرکوتگەری ڕژێم، تا دەگاتە به ڕاپەڕینی چەکدارانه نییه. من نامەوێ لێرەدا ئەم قۆناغانه شرۆڤه بەکەم. بەڵکو دەمەوێ تێبینییەکانی خۆم دەربارەی بابەتگەلێک بخەمه ڕوو، که له پرۆسەی هێزگرتنی کۆمۆنیزمی کرێکارییەوه خۆیان تەرح ئەکەن و ئەو فاکتۆرانه ڕۆشن بکەمەوه که دەخاڵەتیان لام مەسەلەیەدا هەیه.

ئەمەوێ به چەند خاڵێک دەست پێ بکەم، که زیاتر به پرسیارگەلێک دەکەن که، له لای ئێمه به کفر دەژمێردرێن. کفر بەو مانایەی که به ڕواڵەت، وەڵامه تیۆرییەکانی تا هەنووکه، تەرحکردنی خودی ئەم پرسیارانه دەخەنه ژێر پرسیارەوه.

من پێموایه، به تێڕوانینێکی وردتر له تیۆری کۆمۆنیزم و دەسەڵاتی سیاسی ئەوه دەرئەکەوێ که، ئەم پرسیارانه هیچ ناڕۆشنییەک ناهێننه ئاراوه. وەلی من ئەم پرسیارانەم هەیه و دەمەوێ ئێوەش بیری لێ بکەنەوه و بەشداری له تەرحکردنیدا بکەن.

یەکەمین خاڵێک له پەیوەست به دەسەڵاتی سیاسییەوه ئەمەیه:

دەسەڵاتی حیزب یان چین؟ کەسێک، که بیر له سەرئەنجامی ئەم باسه دەکاتەوه، ئەمه یەکەمین پرسیارێکه، که ڕووبەڕووی ئێمەی

دەکاتەوە. لێمان دەپرسێت، کە بۆچی دەتانەوێ لە بارەی «حیزب» و دەسەڵاتی سیاسییەوە بدوێن؟ بە پێی تیۆری سۆسیالیستی بڕیار بو، قسە لە بارەی «چین» و دەسەڵاتی سیاسییەوە بکەن، بڕیار وا نییە کە، ئێوە کۆمۆنیستەکان، سەبارت بە گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن حیزبەکەتانەوە بدوێن. سەرەنجام (لەم ڕوانگەیەوە)، باسی «حیزب و دەسەڵاتی سیاسی» لەگەڵ تیۆری سۆسیالیستیدا ناکۆک دێتەوە. پێمان دەڵێن، بە پێیەی، کە تیۆری دەڵێت، چینی کرێکار دەسەڵات لە بۆرژوازی دەسەنێت و خۆی بە ناونیشانی چینی فەرمانڕەوا ڕێکدەخات، ئەوە ڕۆشن نییە، کە حیزب لێرەدا، چ جێگایەکی هەیە و هەر لە بنەڕەتەوە، بۆچی باسی «حیزب و دەسەڵاتی سیاسی» ئەهێننە ئاراوە؟

ئەم «قەدەغەبوون»ە لە پەیوەند بە حیزب و دەسەڵاتی سیاسییەوە، تەنها بە ئێمە دەوترێت. تەنها ئێمە کۆمۆنیستەکانین کاتێک کە باسی دەسەلاتی سیاسی ئەکەین، هۆشداریمان پێ ئەدەن کە لە جێی خۆمان دانیشین، ئێوە بە پێی تیۆرییەکەی خۆتان، بڕیار نییە، وەکوو حیزب لە دەسەڵاتی سیاسی نزیک ببنەوە، بەڵکوو بڕیارە چینی کرێکار لە دەسەڵاتی سیاسی نزیک بێتەوە.

ئێمە، چ لە دەرونی بزاڤی سۆسیالیستی و چ لە دەرەوەی خۆمان، ڕووبەڕووی ئەم جۆرە هەڵوێستانە و ئەم جۆرە هۆشداریدانانە دەبینەوە. ئەمە بۆ ئێمە، لە ڕیزی چشتە « قەدەغەکراو»ەکان دەژمێردرێن. ئەگەر بێت و پێنج کەسی ناسیۆنالیست لە دەوری یەکدی کۆوەبن و پارتێکی نوێ دامەزرێنن، ئەوا یەکسەر باسی گرتنەدەستی دەسەڵاتی سیاسی ئەکەن، هیچ کەسێکیش نایات بیانوویان پێ بگرێت، هیچ کەس! دەڵێت، حیزبی ناسیۆنالیستی تازەی ئێران دامەزراوە و بەڕێز فڵانەکەس سەرۆکەکەیەتی و

بڕیاری خۆی بۆ گرتنی دەسەڵاتی سیاسی ڕادەگەیەنێ، سەرۆکی کۆمار و سەرۆکی وەزیرانیش دەناسێنن و لە ڕۆژنامەکان و ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنیش سەبارەت بەم مەسەلەیە، چاوپێکەوتن ساز ئەکەن، لێ ئەگەر ئێمە بڵێین، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری گەرەکێتی بە ئاقاری دەسەڵاتی سیاسی هەنگاو بنێ، یەکەمین کەسێک کە یەخەمان دەگرێت، یەکێک لەو چەپانەی پەنا دەستی خۆمان، لە چەشنی «یەکێتی کۆمۆنیستی»یە، کە دەڵێت: کاکە

ئەوە چی قەوماوە؟ ئەوە چینە کە بڕیارە دەسەڵات بگرێتە دەست، ئەی مەگەر دیاردەی یەکێتی سۆڤێتی نابینن؟

ئەمە، گراچو مارکس، کۆمیدیگەری بەناوبانگی ئەمریکاییم دەتێنێتەوە یاد کە، دەی گوت: من نابمە ئەندامی یانەیەک کە، کەسانی وەکوو من بە ئەندامی خۆی قبوڵ بکات! تێڕوانینی کەسانی بەرامبەریشمان لەو جۆرەیە. دەڵێت، من ئامادەم لە کۆمەڵگایەکدا، کە لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی بۆرژوالیبراڵیدایە زیندەگی بکەم، ئامادەم لە ژێر سایەی حکومەتی کۆنسێرڤاتیڤ (پارێزگەران)ەکان زیندەگی بکەم، ئامادەم لە ژێر سایەی حکومەتێکدا کە، دەوڵەتەکەی لە کەسانێکی وەکوو من پێکدێت، ئامادە نیم زیندەگی بکەم!

ئەمە خاڵێک و لایەنێکی تیۆریی ئەو مەسەلەیەیە، کە قسەی لەسەر ئەکەین و پێویستە بچینە سەری. ئێمە مافی ئەوەمان هەیە، لە بارەی ئەم دەستەواژەیەوە بەو جۆر بدوێین، کە ئەمڕۆ گەرەکمانە پێی بدوێین. پاشان دەچینە سەر باسە کۆنەکانی خۆمان لە مەڕ، شۆڕشی کرێکاری، ڕێکخستنی جەماوەریی کرێکاران، گرتنەدەستی دەسەڵاتی سیاسی و ڕاپەڕین.

مەهدی خانبابا تارانی لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ «نیمروز»، کە من خوێندومەتەوە دەڵێت، کێشەی ئۆپۆزیسیۆن ئەوەیە، کە چاوی لە دەسەڵات

بڕیوه! من تێناگەم. ئەی گوایە، بڕیارە ئۆپۆزیسیۆن، کێشەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی ئەوەیە، کە چاوی لە دەسەڵاڎ بڕیوه!

یەکەمین خاڵێک، کە من دەمەوێ بیڵێم و ڕەنگە وەک کفر تەماشای بکرێڎ ئەوەیە، کە ئەم حیزبە بە چاوی لە دەسەڵاڎی سیاسی بڕیوه و گەرەکێتی دەسەڵاڎی سیاسی لە چنگ بگرێڎ. ئەمە نەک هەر تەنها لەگەڵ بە دەسەڵاڎگەییشتنیچینی کرێکاردا ناکۆک نییە، بەڵکە لە بنچینەدا، تەنها ڕێیەک بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاڎی سیاسی لە لایەن چینی کرێکارەوە ئەوەیە، کە لە ڕێگەی حیزبەکەی خۆیەوە دەسڎ بۆ دەسەڵاڎی بەرێڎ.

هەڵبەتە ئەو مەسەلەیەی، کە دەسەلاڎگرتن لەلایەن حیزبەوە، دەکرێڎ دەسەڵاڎگرتنی چینی بە دوادا نەیاڎ، پەیوەستە بەوە، کە ئەو حیزبە چ جۆرە حیزبێکە. قسەکانی من، سەبارەڎ بە حیزبێکی کۆمۆنیستی کرێکارییە. خاڵێکی دیکە کە بە ڕواڵەڎ و گوایە لە تیۆرییەوە بۆ ئێمە هاتووە، ئەوەیە، کە پرۆسەی دەسەڵاڎگیری سیاسی وەکوو پرۆسەی ناشتنی درەختێکە، ئەویش بەو مانایەی کە: کۆمۆنیستەکان، بە کارکردن لە نێو چینی کرێکار دەسڎ پێ ئەکەن. تەبلیغ، تەرویج، سازماندەیی ئەکەن و لە نێو «چین»دا پەرە ئەسێنن. وردە وردە چین ڕێک دەخەن. کەسان و کۆڕ و کەمەڵێ دەروونی چین، دەبنە کۆمۆنیسڎ. ئەم توانا و چوونە نێو «چین»ەوە، هەنگاو بە هەگاو ڕوو لە زیادی دەکاڎ. توانای ئاکسیۆنی پەیدا ئەکەن. توانای خۆپیشاندا پەیدا ئەکەن و بە درێژایی ئەم پرۆسەیە، پەیوەندی نێوان حیزب و چین بە جۆرێک مەحکەم دەبێڎ، کە حیزب دەتوانێڎ چینی کرێکار بۆ ڕاپەڕاندن بە کێش بکاڎ. شۆڕش ڕێک بخاڎ و دەسەلاڎ لە چنگ بگرێڎ. ئەمە تیۆری چەپ و وێنای گشتیی کاری کۆمۆنیستییە.

من ئەمەویٚ لێرەدا، یەک پرسیاری کفراوی دیکە بکەم: ئەگەر بێت و ئەم پرۆسەیە لە بیست ساڵ زیاتر درێژە بکێشێت، ئێمەش بە ڕێکخستنی چینی کرێکار دەست پێ بکەین، بۆ نموونە، کرێکارانێک کە هەنووکە بیست بیستودوو ساڵانن و سازماندەییان بکەین، لەم بارەدا، لە پاش 10 تا 15 ساڵی تر، بەشێک لەوانە دەبنە خاوەنی منداڵ، ژمارەیەک نەخۆش دەکەوون و ژمارەیەکیش لەوانە دەست لە کاری سیاسی دەکێشنەوە. سەرئەنجام دەبینین، لە پاش ئەم هەموو ساڵە ئێمە، لە لایەکەوە بە ڕواڵەت مرۆڤەکان دەکەین بە کۆمۆنیست، لە لایەکی دی، ئەوانە خانەنیشین دەبن و کاری سیاسی دوور دەکەونەوە.

مەگەر فێرکاری سۆسیالیستی، کۆمۆنیزم، ڕێکخراوبوونی چین و پەیوەندی نێوان حیزب و چین، لە وەچەیەکەوە بۆ وەچەیەکی تر دەگوازرێتەوە؟ بۆ نەوەتەکانی سەدەی بیست و دەیەی یەکەمی سەدەی بیستویەکەمی ئێران بە دەسەڵات بگەین؟

ئایا دەکرێت، حیزبێکی کۆمۆنیستی بۆ ماوەی 50 ساڵ لە نێو کرێکاراندا کار بکات و پاش 50 ساڵ بە دەسەلات بگات؟ بۆ نموونە، ئێمە بێین، کار لەسەر کرێکارانی دەیەی شەستەکان و حەفتاکانی ئێران بکەین و بە ئومێدی ئەوە بین، کە لەگەڵ کرێکارانی دەیەی

بۆ من، بە ناونیشانی ڕێبوارێکی بێگوناە لە کۆمەڵگادا، چاوەڕوانییەکی لەو جۆرە نەشیاوە. چونکە ئەم میراتە ڕێکخراوەییە، ئەم کفت و بەڵێنە ئایدۆلۆژییە، ئەم وشیارییە چینایەتییە و ئەم پەیوەندییەی نێوان حیزب و چینە، هەروا بە سانایی لە وەچەیەکەوە بۆ یەکێکی دی ناگوێزرێتەوە. ئێمە گەرەکمان ئەمە ببینین! ئێوە لە نێو کرێکاراندا هەڵدەسوڕێن و بۆ نموونە، بە ڕادەی لە سەدا 20 پەرەتان سەند و پاش ماوەیەک حەوسەڵەیان

نامێنێ، دەنا ڕادەی هاتن و چوون چەند دەبێت؟ ئێمە بەردەوامی بە ژیانی سیاسیمان ئەدەین، لە کاتێکدا ئەو کرێکارانەی، کە کار و چالاکیمان لەگەڵدا دەکردن، دەڕۆن. ئێمە، ئەم دیاردەیە لە زیندەگی سیاسی خۆماندا دەبینین.

ئەم حیزب و بەرنامە ڕادیۆییەکانیان ڕونوس و بڵاو دەکردنەوە، سەفەری هەندەرانیان دەکـرد، پەیوەندی هەبوو. هەنوکە لە خۆمان دەپرسین و خەڵکانی دیکەش لێمان دەپرسن، ئەو نفوزەی کە هەمان بوو، چی لێ بەسەرهات؟ سەیر لەوە دایە، کە ئێمە ئەو نفوزە کرێکاری و ئەو پەیوەندییانەمان لە نێو دڵ و لە دوای سەرکوتکارییە خویناوییەکانی 21 (30ی خورداد)ی حوزەیرانی ساڵی 1981دا پەیدا کرد، ڕایەڵە و پایەی کرێکاریمان هەبوو و ئێستا نمیانە. چییان لێ هات؟ مەسەلەکە ئاشکرایە، حەوسەڵەیان نەما، هەموویان لە چاوەڕوانی هاتنی شۆڕشدا نابن، تا ئەوان لەگەڵ خۆیدا بەرێت. پاش ماوەیەک، بڕیارێکی دیکە لە زیندەگی خۆیان ئەدەن و کارێکی دیکە دەکەن، یان هەر بە یەکجاری دەڵێن، ئەم کارە کەڵک و ئاکامێکی نییە. ئەو کۆڕ و کۆمەڵە و هەڵسوڕاوە کریکارییانەی، کە لەو سەدەمانە لەگەڵ ئێمەدا بوون، ئێستا دەبیستین کە، خەریکی کارێکی دیکەن.

ئەم دەسەڵاتە سیاسییە، ئەم دەسەلاتە حیزبییە، لە وەچەیەکەوە بۆ وەچەیەکی دیکە ناگوێزرێتەوە. نفوزی کرێکاری پارتەکان پاشەکەوت ناکرێت. ئەم لە چەشنی دەخیلەیەک نییە کە، ئێوە پارە و پولی تێبکەن، تا دەگاتە بڕێکی وا کە بایەخی هەبێت.

کاتێک، کە نفوزی کرێکاری بەدەستئەهێنی، بە بڕوای من، یان بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی کەڵکی لێ وەردەگری، یان کەڵکی لێ وەرناگرێ و دەبێت دووبارە بچیت کار بکەیتەوە تا بە شوێنێک بگەیت.

ئایا بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی کەڵک لەو نفوزە وەردەگری، ئایا نا؟ ئەزمونی تەواوی پارتە کۆمۆنیستەکانی ئەوروپا بەو جۆرەیە. ئەزمونی تەواوی پارتە سیاسییە چەپەکانی دنیا بەو جۆرەیە.

ئەو حیزبانەی کە لە ڕێگەی هەڵبژاردنەکانەوە دێنە سەر کار، هەر چوار ساڵ جارێک، لە ولاتە دیموکراتیکەکاندا، بەشداری هەڵبژاردنەکان دەکەن و خەڵکی، دەنگیان پێ دەدات، چەپەکانیش وەک هەمیشە، هیچ کاتیک دەنگ ناهێنن. ئەگەر بڕوانیتە داستانی زیندەگی چەپی سیستەمی پەرلەمانی و چەپی ڕادیکاڵ، دەبینیت کە، ترۆتسکییەکان، لە هەندێک کاتدا و سەرئەنجام، زیک دەبنەوە لەوەی کە، لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی ناوچەییدا، کەسێکیان بگاتە ئەنجومەن و تازە لە دوای 20 ساڵ و تەنانەت لە وڵاتگەلێکی وەکوو ئینگلتەرا و فەرەنسا، ناتوانن ئەم کارەش لە هەڵبژاردنە ناوچەییەکاندا بکەن. ئەمە داستانی سەرکەوتنەکانی پارتە چەپە ڕادیکاڵەکانە، لە پەیوەست بە دەسەلاتی سیاسییەوە، لە سیستەمە پەرلەمانییەکاندا، کاتێکیش کە بە ڕواڵەت هاوڕێ فڵان چووە نێو ئەنجوومەنی شارەوە، ئیدی باسێک لە مەڕ دەسەڵاتی سیاسی نامێنێتەوە.

ئەبێ ئەم پرسیارە بکرێت:

ئایا ڕێی تێ ئەچێت، بە تیۆرییەکی لەم جـۆرە، یانی تیۆری پەرەسەندنی پلە بە پلە، لە پەیوەست بە گەییشتن لە خاڵی A بۆ B، لە سفرەوە بۆ سەد و ئامادەکاری بۆ ڕاپەڕین، بە ئاکامێک بگەین؟ هەروەها ئایا ڕاپەڕینی کۆمۆنیستی، سەرئەنجامی پرۆسەیەکی لەو باباتەیە؟

خاڵێکی تر و پرسیارێکی تر: ئایا هەر کاتێک کە بمانەوێت یان بتوانین، دەتوانین دەسەڵات لە دەست بگرین، یان ئەوەتا لە کۆمەڵگادا، دەبێ ئاڵوگۆڕێک ڕووبدات؟

وای دابنێ کە ئێمەوە پەیوەست بوون، هەروەکو حیزبی کۆمۆنیستی ئیتاڵیا، یان وەکوو حیزبی کۆمۆنیستی فەرەنسای 20 ساڵ بەر لە ئێستا. ئایا، کاتێک بە ئێرە گەییشتن، ئیتر خۆت بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات ئامادە کردووە؟ ئایا مەسەلەی پەیوەندی نێوان حیزب و چین یەکلا ئەبێتەوە؟ ئایا، هەر کاتێک حیزب، چینی بۆ شۆڕش ئامادە کرد. شۆڕش ئەبێت؟

شـۆڕش، دیاردەیەکە لە کۆمەڵگادا. سەرئەنجام، لە ڕوانگەی ڕێکخراوەیی و فکریی چەپەوە دەگووترێت کە، هەر کاتێک ئێمە ئامادە بووین، ئەچین دەسەڵات لەدەست ئەگرین. بەڵام تیۆری مارکسیستی دەڵێت کە، پێویستە کۆمەڵگا بکەوێتە نێو دەورەیەک لە گۆڕنکاری شۆڕشگێڕانەوە، تاوەکوو بتوانین لە ئاڵوگۆڕی کۆمەڵگا دەخاڵەت بکەین. کۆمەڵگایەک، کە نایەوێت ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێت، بەسەرکوت بەر بەو کریکارە دەگرێت، کە دەست بۆ دەسەڵات دەبات، با ڕادەی ڕێکخراوبوونی بە هەر ئەندازەیەکیش بێت.

ناکرێت تۆ، لە بەرەبەیانێکی ئارامدا، لە خەو ڕابێت و بڵێیت، من ئامادەم دەسەلات لەدەست بگرم، خودی کۆمەڵگا لە بار و دۆخێکی وەهادا، ڕێگات پێ نادات کە دەسەڵات لەدەستبگریت.

جۆشخواردنی شۆڕشگێڕانە، هەڵکشانی کاری سیاسی، لە ئارابوونی ناکۆکییەک لە ناخی کۆمەڵگەدا، کە چینەکان بۆ ململانێکردن لەگەڵ یەکدی بە کێش دەکات و لە هەندێک بڕگەی تایبەتی نێو ئەو ململانێیەدا، دەکرێت دەسەڵات بگریت، لەو فاکتەرە گرنگانەن کە، کاریگەریان لەسەر مەسەلەی حیزب و دەسەڵاتی سیاسی هەیە. ئایا، لە هەر کات و ساتێکدا، دەکرێت دەسـەلات لە دەست بگیرێت؟ ئایا. ئەگەر پێت وا بوو، کە لە باری ڕێکحراوەیی، چەندایەتی، سەربازی و هێزەوە ئامادەیت، دەکرێت دەسەڵات

لەدەست بگرێت، لە هەر بار و دۆخێکدا، قابیلی لەدەستگرتنە، یان ئەوەتا بە تەنها، لە نێو بار و دۆخێکی تایبەتیدا ئەکرێت دەستی بۆ ببردرێت؟

وەڵامی من بۆ ئەم پرسیارگەلە ئەمەیە:

بە دیدی من، تیۆری زرک، هەمیشە حیزب بە بێ چین و چین بە بێ حیزب لەبەرچاو دەگرێت. کاتێک کە دەربارەی حیزب دەدوێت، بە ناونیشانی ڕێکخراوی شۆڕشگێڕانێکی بێ ڕەگ و ڕیشە لەگەڵ هەبوونی جیاوازییەک ئەویش ئەوەیە کە، ئەمە ئەنجوومەنێکی شۆڕشگێڕانەیە و بە تەواوەتی لە دەرەوەی چینە و لە دەروونی خودی چیندا هیچ کاریگەرییەکی نابێت و بەر هیچ کاریگەرییەکیش ناکەوێت. ئەم مەسەلەیەمان لە ئەدەبیاتی پێشووترماندا شرۆڤە کردووە. کاتێکیش باسی چین ئەکات، پێیوایە کە، ئەم چینە بچووکترین حیزبیبوونیان (تحزب/ وەرگێڕی کوردی) لە نێودا نییە، ئەوە خودی کرێکارانن کە لە حاڵی تەحەسون (ڕاگرتنی کار و مانەوە لە شوێنی کار/ و. ک) و مانگرتندان و بەهەمان سەروسیما و بە دەستەگەلی دەسـەڵات دەگـرن، و ئەگەر هاتوو ئەوانە، خۆیان ڕێکخراو کرد، یان ڕێکخراوێکی سیاسی لە نێویاندا تەشەنەی کرد. ئەوا یەکسەر شۆڕشەکەیان لەکەدار ئەبێت!

بە شێوەیەکی گشتی، لە دەربڕینە زرکەکانی تیۆرییە باو و بڵاوەکاندا ئەم دوو جەمسەرە لە ئارادایە: حیزب لە لایەک بە بێ کرێکاران، کرێکاران لە لایەکی دی بە بێ حیزب.

ئەو مەسەلەیەی کە، خەسڵەتی کرێکاریی یەک حیزبی کۆمۆنیستی و کرێکارییبوونی، لە هەبوونی یەک بەرنامەی کرێکاریدایە، بە بێ ئەوەی بە ناچاری تێکڕای کرێکاران، یان زۆرایەتی کرێکاران لەگەڵیدا بن، دیاردەیەکە کە، ئێمە گەرەکمانە تەرحی بکەین.

حیزبێکی کرێکاری، با لە نێو کرێکاراندا کەمایەتیش بێت، لە ساتەوەختی مێژوویی چارەنووسزازدا، دەتوانێت، بزاڤی زۆرینەی کرێکاران ڕێکبخات، ڕاپەڕین بەرپابکات، دەسەڵات بگرێت و بیپارێزێت و لە ڕاستیدا، لەم ڕێییەوە دەتوانێت، ببێتە زۆرایەتی. بە بڕوای من، ئەم کارە دەشێت بکرێت. پێویستە بەم جۆرە بێت، ئەگەر نا، هەر کەسێک بێت، هەر مامۆستایەکی زانکۆ کە سۆسیالیزمی حوێندووە بڵێت، ئەم کارە جوون نایەتەوە لە تەک ئەو شتەی کە من خوێندوومە، یان هەر چەپێک کە، وانەی لە ستالینیزمەوە وەرگرتووە، بۆ ئێمە بڵێت، ئێوە لە نێو کرێکاراندا، کەمینەیەکی تایبەتن و مافی ئەوتان نییە دەست بۆ دەسەڵات ببەن، وەڵامی من بۆ ئەوانە بەم جۆرەیە: تیۆری ئێمە، هەر لە سەرەتاوە بەم جۆرە نەبووە، کە ئێوە باسی ئەکەن.

وەلامی من ئەمە ئەبێت، ئێمە هیچ کاتێک، ئەگەر بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە لە ئارادا نەبێت، ناتوانین زۆرینەی چین، بۆ لای خۆمان ڕابکێشین، هیچ کاتێک ناتوانین. پێویستە کەمایەتیی شۆڕشگێڕ و کۆمۆنیستیی چین، لە خەباتی کۆمەڵایەتیدا، چەند هەنگاوێکیان نابێت، تا ببێتە هۆی ئەوەی، زۆرایەتی چین پێیانەوە پەیوەست بن. ئەگەر لە هەر جێیەک، شوێن پێیەکتان نەبێت، هیچ هۆکارێک لە ئارادا نییە، تاوەکوو کەسێک پێتانەوە پەیوەست بێت. هیچ کەسێک پاڵنەرێکی نییە، بە حیزبێکەوە پەیوەست بێت کە، بەرنامەیەکی تایبەتی بۆ کارێکی گرنگ پێ نەبێت.

جەماوەری خەڵک، بە کەسانێکەوە پەیوەستدەبن کە، بەنامەیەکی تایبەتییان بۆ گۆڕینی کۆمەڵ هەیە. جەماوەری چینی کرێکار، کاتێک تەماشا ئەکات کە، ئێوە ڕاپەڕین دەخەنە دەستوری کاریانەوە و پاشان پێتان ناکرێ و ڕێکخستنەکەیتان بۆ مەیسەر نابێت، دەڕوات پەیوەندی بە حیزبێکی

ڕیفۆرمستەوە ئەکاتْ کە، بە لای کەمەوە دەتوانێتْ زیادبوونی کرێکانیان بۆ مسۆگەر بکاتْ. پەیوەندی حیزب و چین لەگەڵ شۆڕش و چاکسازی، پەیوەندییەکی تایبەتی و بە تەواوەتی مرۆڤایەتییە، ئەویش باشبوونی بار و دۆخە لە هەر سانێک و باشبوونی بار و دۆخی زیندەگییە.

بەڵام ئەگەر کرێکران ببینن، کە ئێوە بە نیاز نبن و لەباتاندا نییە بە شێوەیەکی ئۆبژەکنیڤ، بزووتنەوەیەک ڕێک بخەن کە، ئاکامیچکی هەبێتْ، چاکە، دەڕۆن دەنگ بە هەمان حیزبی چەپی بۆرژوایی دەدەن کە، لانیکەم پێیان دەکرێتْ بەر بە کۆنسێرڤاتیڤەکان بگرن، داکۆکی لە لانیکەمی ژیان بکەن، یان لە دەرمان و دکتۆری خۆڕایی پارێزگاری بکەن...

وەڵامی خودی من بەم بابەتە ئەمەیە:

حیزبێکی کرێکاری، کە کەمایەتییەک بێتْ، هێزێکی واقیعی لە دەروونی چیندا هەبێتْ، حیزبێکی کۆمۆنیستی، کە هێزێکی واقیعی هەستپێکراوی لە دەروونی چیندی هەبێتْ، کەتواناى کاری شۆڕشگێرانە و ڕادیکاڵی لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا پێ ببەخشێتْ، ئەوا لە ڕێگەی هەمان کاری شۆڕشگێڕانە و ڕادیکاڵی نێو مەیدانی کۆمەڵایەتییەوە، دەتوانێ باقی «چین»ەکە بۆ خۆی ڕابکێشێ. میکانیزمی نزیکبوونەوەی حیزب لە دەسەڵاتی سیاسی لە پەیوەستْ بە چینەوە ئەمەیە، حیزب کاتالیزاتۆری (catalysator، حفاز/ و. ک.) نییە تاوەکوو چین میتابۆلیزمی (کارلێکردن، تفاعل/ و. ک.) دەروونی خۆی تێدا ببینێتْ. بە هەمان شێوە و بە بڕوای من، هەما کەمایەتی و هەمان حیزبە ناچارن، کە لە پاش گرتنی دەسەڵاتْ یەکسەر، ڕۆڵی یەکلاکەرەوە لە لە ڕێکخستنی دەسەڵاتدا بگێڕن.

بەم پێیە، ئێمەش هەروەکو پارتگەلی بۆرژوازی، هەڵپەی دەسەڵاتمانە، واتە، ئێمەش دەمانەوێتْ دەسەڵاتْ بگرین. ئەگەر حیزبێکی بۆرژوازی بڵێتْ

کە، دەیەوێت دەسەلات بەدەست بهێنێت، ئایا پێیان دەڵێین کە، مەگەر ئێوە حیزبێکی بۆرژوازی نین، ئایا تەواوی بۆرژوازی لەگەڵ ئێوەدان و لێیان دەخوازین کە، نفوزیخۆیانمان لە نێو تاک بە تاکی بۆرژواکاندا پێ نیشان بدەن؟ وەلام دەدەنەوە و دەڵێن، هەڵبژاردن ئەکەین، تاببینین کە، ئەو نفوزەمان هەیە، یان نا؟ هەڵبژاردن ئەو ڕێگایەیە کە ئەوان، پرۆسەی بەدەستهێنانی هێز و نفوز لە نێو چینەکەی خۆیانی پێ نیشان ئەدەن. ئەگەر هەڵبژاردن بەرنامە و ڕێگای ئیچمە بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات نییە، ئەوا ئێمەش دەڵێین، شۆڕش ئەکەین و پاشان ببینین کە، کرێکاران پشتیوانیمان لێ دەکەن، یان نا؟ ئێمەش ڕیچک ئەم پرۆسە کۆمەڵایەتییە تەرح ئەکەین. بێگومان ئەوان دەڵێن کە: ئێمە شۆڕشەکەتانمان قبوڵ نییە. ئێمەش دەڵێین: هەڵبژاردنەکانی ئێوەمان قبوڵ نییە. ئەمەوێ بلێم کە، ئەم دووتای تەرازووە هاوسەنگن.

کاتێک لە کۆنگرە چووینە دەرەوە، بۆ نموونە، لە چاوپێکەوتنێکدا ئەڵێین، بەرەو بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی هەنگاو ئەنێین، یەکسەر چەپی دەرەوەی خۆمان هاواری لێ بەرز دەبێتەوە و دەڵێت، ببینن ئەوانە سیکت (سیکتاریست/ و. ک)ن، گەرەکیانە دەسەڵاتی سیاسی بۆ خۆیان پاوەن بکەن! وەڵامی من بۆ ئەوانە ئەمەیە کە، مەگەر ئێوە لە پێناوی چیدا هاتوون؟ ئایا ئێوە لەو ئۆتۆمۆبیلە کۆنە ئەڵمانییەن کە مۆتۆڕەکەی لە دواوەیە، تا چین بدەنە پێش خۆتان؟ ئەی فەلسەفەی بوونی حودی ئێوە چییە؟

بە بڕوای من، پەیوەندی نێوان حیزب و چین لە بازنەیەکد دێت و دەچێت، لاواز دەبێت و بەهێز دەبێت. پلە پلە هەڵناکشێ و پاشەکەوت ناکرێ. ئێوە بەناونیشانی حیزبێکی سیاسی، لە هەر دەورەیەکدا، هەلێکی

دیاریکراوتان لەبەرستدایە کە، چین، بۆ هەستانێک، بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی، ساز و ئامادە بکەن. ئەگەر لەمە کەڵک وەرنەگری، ئەبێ بڕۆیت لە سەرەتاوە تێ هەڵچینەوە. هێز لە جێیەک بۆ ئێوە پاشەکەوت نابێت، ڕەنگە لە بیرەوەری مێژووی کرێکاران، بیرەوەریی کۆمەڵگە، نفوزی نێو چەپدا بمێنێتەوە، بەڵام نفوزی سیاسی ئێوە لە نێو کرێکارندا لە شوێنێکدا پاشەکەوت ناکرێت. کرێکار دێت و دەڕوات، دەورەیەک لەگەڵتاندایە و دەورەیەک لەگەڵتاندا نییە. ئەگەر شۆڕش بکەین و شۆڕش سکست بخوات، کرێکاران ڕیزەکانت شەپۆل شەپۆل بەجی دەهێڵن. منیش بم ئەڕۆم و بەجێت ئەهێڵم. هەر کەسێک ئەقڵی پێ بشکێ، منیش تێکشکانی شۆڕش، حیزبە کۆمۆنیستەکان بەجێدەهێڵێت. بەردەوامی ژیانی حیزبێکی کۆمۆنیستی لە بار و دۆخێکی وادا، بەرنامە و نەخشەیەکە، کە ئەو حیزبە کۆمۆنیستە ڕێنوێنی بکات و لەسەر پێ ڕای بگرێ، بەڵام لەم هەلومەرجەدا، ئەگەر کەسێک یەک هەنگاو لەو لای ئەو شوێنەوە ڕاوەستابێت، ئەوا دەڕوات، ئوقرەی لێ دەبڕێت.

خەڵکی پێیان خۆشە، لە بری ئەوەی سیناریۆیەکی سەیر و سەمەرەبۆ زیندەگییان بکێشن، لە دنیادا بژیت و باش بن، خۆشگوزەران بن، تێکەڵی و دۆستایەتییان هەبێت.

ئێمە کۆمەڵە کەسانێکین،ـ لەبەر هەندێک هۆ، جۆرە سیناریۆیەکی زیندەگی، بۆ خۆمان هەڵدەبژێرین، وەلێ جەماوەری فراوانی خەڵک، ئەم کارە ناکەن. سەرئەنجام، دەورەیەک بۆ ئێمە هەیە، کە، کار و چالاکی تێدا ئەنجام بدەین، یان ئەوەتا بە ئەنجامێکی دەگەیەنین، یان ئەبێ هەمدیسان لە سەرەتاوە دەست پێ بکەینەوە.

ئایا گرنتی دەسەڵات، پەیوەستە بە نفوزی ئێمە چینی کرێکاردا، بە

جۆرێک کە، هەر کاتێک بەو ئاستە گەیشتین و هەر کاتێک گەرەکمان بێت، بچین دەسەلات بەدەستەوە بگرین؟ بە بڕوای من، نەخێر! حیزبێک دەتوانێت دەسەلات لەدەست بگرێت کە، ئەو هەلومەرجەی کە ئەو دەسەڵاتە لە نێویدا ئاوێزان (هەڵسوڕاو، معلق/ و. ک.)ە، دەسنیشان بگرین، تەنانەت ئەگەر هێزێکی مەزنیش لە کرێکاران لەگەڵماندابن.

لە مێژووی پارتە چەپەکاندا نموونەگەلی زۆر هەیە، کە تەنانەت سیمپاتی تەواوی کرێکارانی بۆ خۆی بەدەستهێناوە، ئەگەر دەستیان بۆ ڕاپەڕین ببردبایە، کارەکە تەواو ببوو. ڕاپەڕینیان نەکرد، ئەو کرێکارانەش کە لەگەڵیاندایوون، ڕۆیشتن، ڕابەرانیشیان گیران و لە سێدارە دران. چەندین نموونە لەسەر حیزبە چەپەکان هەیە، کە دواتریش سەکۆنە کراوون کە: ئێوە ئەم هەموو نفوزەتان هەبوو، هێز و تواناتان هەبوو و... بۆچی لەو هەلومەرجە دیاریکراوەدا، کە مەسەلەی دەسەڵات کراوە بوو، نەچوون دەسەڵات بگرن؟

ڕەنگە بڵێن، کرێکاران لە هەلومەرجێکی وادا ڕیزەکانمان بەجێ ناهێڵن. بەڵام بۆرژوازی کە بێکار دانانیشێ، پروپاگەندە ئەکات، پێشنیاری ڕیفۆرم ئەکات و چاکسازس لە کۆمەڵدا ئەکات، ئەو مۆڵەتی چوون بۆ پیکت (picket، کۆڕوکۆمەڵی ناڕەزایەتی/ و. ک.) نادات، تا بگات بەوەی ئێمە، بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات، کار لە نێو کرێکاراندا بکەین، کارێک دەکات، کە لە توانای ئێوەدا نەبێت.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم فاکتۆرانە، بە بڕوای من مەسەلەکە بەم شێوەیە فۆرمولە ئەکرێت:

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە حاڵێکدا کە، خاوەنی بەشی کاریگەری کرێکاران بێت، بەشی کەمایەتی، وەلی کەمایەتییەکی کاریگەر و

یەکلاکەرەوەی کرێکاران، کەمایەتییەکی خاوەن دەنگی کرێکاران لە کۆمەڵگادا و کەمایەتییەکی چالاکی کرێکاران بێت، ئەگەر حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری حیزبیک بێت بەم مانایە کە، نفوزی خۆی لە سەردەمانێکدا بە ڕادەیەک گەیاندبێت، کە لە ئاستی کۆمەڵایەتی و لە ناوجەرگەی دنیای سیاسەتدا، بە وێنەی یەکێک لە یاریکەرانی ئەسڵی گۆڕەپانی سیاسیەت دەرکەوتبێت، ئەگەر ئەم حیزبە، هەستەوەری بۆنکردنی بۆ جۆرێک بێت، کە بکارێت، ئەو هەلومەرجەی، کە مەسەلەی دەسەڵاتی لە کۆمەڵگادا کراوەیە و بووە بە بابەتی مشتومڕی کۆمەڵایەی، دەسنیشان بکات، دەتوانێت دەسەلاتی سیاسی بەدەست بهێنێ. بێجگە لەمە، ناتوانێت دەسەلات بەدەست بهێنێ.

چارەنووسێکی حەتمی و تەوزی (جبری) لە ئارادا نییە. بەو کفرانەی، کە گوتم، ئێمە دەسەلات بەدەست ئەهێنین. ئەوەی سەرنجراکێشە لە مەسەلەکەشدا، حەتمی نەبوونی چارەنووسی ئێمەیە. مەسەلەکە بە پراکتیکی خۆمانەوە، بی توانستی دەستنیشانکردنمانەوە، بە فاکتۆری بڕیار و ئیرادەی بە ئاگایانەی خۆمانەوە، لەو دەورانانەی کە هەلی بەدەستهێنانی دەسەڵات بە ڕووی ئێمەدا کراوەیە، پێویستە. من پێشتریش گوتوومە، سۆسیالیزمیش چشنێکی حەتمی و تەوزی نییە...

بە داخەوە، لە ژیانی ئێمەدا جارێک یان دووجار بارودۆخی وا دێتەکایەوە. ئێوە پێویستە بەرنامە و نەخشەی خۆتان بۆ ئەو بار و دۆخە بنووسەوە. ئەوەی، کە پرۆسەی پەرەسەندنی کۆمەڵگا حەتمی نییە و لە پاش من، کرێکاران و خەڵکانێک بە ناوی من و ئێوەوە دێن و سەرئەنجام دەسەڵات دەگرن، هیچ ئارامییەک بە من و بەم حیزبە تایبەتە نابەخشێت. بەڵکوو پێویستە، ئەم حیزبە تایبەتە بێت بڵێت، کە بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی، بۆ ئێمە و لە زەمانی ئێمە و کرێکاراندا، هەوڵئەدات،

نەک ئەوەی،خەریکی شرۆڤە و ڕوونکردنەوەی سیناریۆیەک بێت، کە بڕیارە جیهان بەپێی یاساکانی خۆی تێپەڕێنێت.

سەرئەنجام، بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی کارێکی عەمەلییە. بە یەک مانا، پێویستە بڵێم کە، دەسەڵاتی سیاسی ئەمانە دەگرێتەوە:

1.ببێتە نەریت (سونەت)ێکی سیاسی و خەباتکاری زیندوو، لە هەناوی کۆمەڵگا و چینی کرێکاردا. ئەم نەریتە، کە لەگەڵ هەر هەڵکشان و داکشانێکدا لەبەین ناچێت. ئەگەر ئێوە توانیبێتتان ببنە نەریتێکی سیاسی، ئەوا کۆمۆنیزمی کرێکاری بووە بە یەکێک لە هێزە دەخاڵەتگەرە کۆمەڵایەتییەکان، یەکێک لەو هێزە کۆمەلایەتییانەی کە هەیە، ئەگەر گریمان، هەڵبژاردن ئەنجام درا، ڕەنگە 10 یان 30ی لە سەدی دەنگی کرێکارانی بەدەستبهێنێت، بەلام هێزێکە لە مەیداندا، بەشێکە لە ژیانی خەڵک، بەشێکە لە ژیانی خەڵک، بەشێکە لە پێکهاتەی سیاسی کۆمەڵ. ئەمە کارێکە، بەدەر لە هەڵکشان و داکشانەکان، بەدەر لە بار و دۆخی شۆڕشگێڕانە و ناشۆڕشگێڕانە، ئێوە دەتوانن پێوەی سەرقاڵ بن و ئەوە مسۆگەر بکەن، کە ئەم نەریتە بمێنێتەوە و ڕێگای خۆی بکاتەوە.

2.بە ناونیشانی یەک حیزب، پێویستە سیاسی ئامادەیە، بناسیت و دەستبکەیت بە دەستەبەرکردنی پێویستییەکانی. ئەو دەمە شانسی ئەوەت ئەبێت کە، دەسەلاتی سیاسی بەدەستبهێنێت و ببیتە حیزبی زۆرایەتی، یانی، حیزبی زۆرینەی کۆمەڵ. ئەمە میکانیزمی بە «زۆرایەتیبوون»ە، نەک بە پێچەوانەوە یانی، «زۆریەتیبوون» میکانیزمی بەدەستهێنانی دەسەلات بێت.

دەستبردنی چینی شۆڕشگێڕ بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات، مەرجی زۆرایەتیبوونە لە کۆمەڵدا، نەک بە پێچەوانەوە. زۆرایەتیبوون لە کۆمەڵگای دەرەوە و لە پەراوێزی میچژوودا. مەرجی مانەوە لە مەیدانی ئەسڵی مێژوودا

نییە. ئەمە ئەستەمە. ئەمە ئەو چوارچێوەیەیە کە لە هەر گۆشەیەکەوە تێی بڕوانیت، تایبەتمەندییەکانی ئێچمە و پرۆسەی زاۆریەتیبوونی ئێمە نیشان ئەدات. نەک پرۆسەی وردە وردەی پەرەسەندنی مێژوویی و بەرئەنجامی پرۆسەی تەبلیغ و تەرویج و هاوخەتکردنی پێشوەختی زۆرایەتی چین، کە هەڵوێستنس هەمیشەیی چەپی تائێستا بووە.

من هەوڵمدا، سەبارەت بەو پێویستییانەی کە، چۆن دەتوانیت بۆ نەریتێکی سیاسی زیندوو لە هەناوی کۆمەڵدا بگۆڕێت، بدوێم. من کۆمەڵە تێزێکی دیاریکراووم لە پەیوەست بەحیزبێکی تایبەت و گراییشێکی تایبەت لە کۆمۆنیزم، خستە ڕوو. لە پەیوەست بە حیزبە کۆمۆنیستەکانەوە بە شێوەیەکی گشتی، قسە و باسم نەکردووە. ئەو پێویستییانە دەژمێرم:

- یەکەمین مەرجی ئامادەبوونی ئێمە لەو جەنگەی کە بۆ دەسەڵات دەکرێت، ئەوەیە، کە ئاڵاهەڵگری چەپی زێدەڕەوی (افراگی) نێو هەناوی کۆمەڵگادا، چەپی کرێکاری لە کۆمەڵگادا، بە بێ ڕکابەر (منافس) لە دەستی ئێمەدا بێت. ئێمە بە ناونیشانی نوێنەری ڕاپەڕینی کرێکاری داهاتوو، بە ناونیشانی ئەو تارماییەی کە لە بان سەری کۆمەڵگاوە دێت و دەچێت، بناسرێین. ببینە ئەو لایەنەی کە، گشت ئەو هێزانە - داکۆکی لەو هەلومەرجەی کە هەنووکە لە ئارادایە ئەکەن - گەرەکیانە تاوانباری بکەن. ئەم حیزبە، ئەو حیزبە کە، ئاڵای نارەزایەتی ڕادیکاڵی کرێکاری، ئاڵای مارکسیزم، ئاڵای ڕەخنەی سۆسیالیستی لەو کۆمەڵگایەی لە ئارادایە، لە دەستدابیت. نەک یەکێک لە بەشداریکەرانی چەپ، بەڵکە نوێنەری کۆمۆنیزمی کرێکاری بێت. دواتر دەتوانین دەربـارەی ئەوەی، کە تا چ ئەندازەیەک بەو ئاقارەدا چووینەتە پێش، هێشتا مەودای نێوانمان چەندە، یان بە کوێ گەیشتووین، بکۆڵینەوە.

ئەمە یەکێکە لەو قەڵەمڕەوانەی کە پێویستە ئێمە بچینە ناویەوە. چونکە کاتێک کۆمەڵگا ئێمە بە ناونیشانی چەپ زێدەڕەو، ئەمانە بوار ئەکەنەوە، کە ئێمە دەسەڵات بگرین. بەڵام ئەگەر کۆمەڵگا بۆ نموونە، حیزبی تودە بە ناونیشانی نوێنەری چەپی زێدەڕەو بناسێت و ئارەزووی ئەوە بکات، کە دەسەڵات بە چەپ بدات، ئەوە بە حیزبی تودەی دەسپێرێت. ئەگەر کۆمەڵگا پێی وابێت کە مارکسیستەکان لە فیدائی و نەریتی فیدائیدا بەرجەستە بوونە و کاتێک کە پێی خۆشە و شەیدای ئەوەیە کە، دەسەلاتی سیاسی بداتە دەستی سۆسیالیستەکان، ئەوە بە چریکە فیدائییەکانی ئەدات.

پێویستە ئاڵاهەڵگری ئەو خواستانە، ئەو پێویستی و ئەو بەرنامە و ئامانجە کۆمەلایەتیانە، ئەو ڕەخنە سیاسییە لە هەناوی کۆمەڵدا بێت، تا خەڵکی بڵێن، با ئەمانە تاقی بکەینەوە، با لە پشت ئەمانەوەخۆمان تەیار بکەین. پێویستە لەسەر تۆ، ئەوە دەستەبەرکەیت، کە تۆ ئەو بزووتنەوەیت. ئەگەرنا، کەسانێکی زۆر، وێنەی مارکسیان بەرز کردەوە و بە سەرئەنجامیچکی دیکەش گەیيشتن.

– دووەم، ئەوەی کە، ئەبێ بەشی چالاک، بەرچاو و مەلموسی ئۆپۆزیسیۆنی کۆمەڵگا بین. ئەوەم لەسەرتای قسەکانمدا گوت کە، دەبێت لە پەراوێزی سیاسەتەوە بەرەو دڵی کۆمەڵگا بڕۆین. دەبێت یەکێک لە چەند یاریکەری ئەسڵی دابەشکردنی دەسەڵات و یەکێک لە چەند یاریکەری ئەسڵی هەلومەرجی سیاسی کۆمەڵگا بین. باسی حیزب و دەسەڵاتی سیاسی تەنها ئەوە نییە کە، ئایا ئێمە دەتوانین دەوڵەت بەدەست بهێنین، یان نا؟ بەڵکە ئەوەیە، ئایا دەتوانین هێزێک لە دەروونی کۆمەڵگادا بەدەست بهێنین کە، جێگای سەرنج بێت و بتوانین دواتر لە ململانێی نێوان هێزەکان لەسەر دەسەڵات بە کاری بەرین و فکرێکی لێ بکەینەوە؟ ئەگەر بەرامبەرەکەمان

سوپای هەیە، تاوەکوو کەسێک بە یەخسیری بهێڵێنەوە، ئەوا ئێمەش بە هەمان شێوە، گەرە نوێنەری ئەو هێزە بین لە کۆمەڵگادا. تەنانەت ئەگەر نەمانتوانی گشت دەسەڵاتیش گیربخەین، پێویستە لە هەناوی کۆمەڵگای بۆرژوازیدا، هێزێک بین، حیسابمان بۆ بکرێ و بڵێن، «ئەوانە جێگای مەترسین». دەبێت هێز بین، دەبیچت قسەی خۆمان بکەین، بڵندگۆ بە دەستمانەوەبێت و دەبێت بەشی واقیعی ئۆپۆزیسیۆن بین. دوایی ئەچینە سەر ئەوەی کە، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری تا چ ڕادەیەک لەم تێڕوانینە نزیک بووەتەوە. من خۆشحاڵم کە خەریکین لەمە نزیک ببینەوە، چ لەیەکەم و چ لە دووەم نزیک بووینەتەوە.

– سێیەم، دەبێت حیزبی ئەو چینە بین. من ئەزانم کە، ڕەوتگەلێکی بە تەواوی بێ ڕیشە، دەتوانن لە هەلومەرجێکی تایبەتیدا ڕیشە دابنێن و بێن و بە ناونیشانی یەک داروەدەستەی بێ نەریت دەسەڵات بەگیرخەن، لێ ناچارن لە میانەی پرۆسەیەکەوە، پایەکانی خۆیان لەسەر یەکێک لەچینە کۆمەڵایەتی و نەریتە کۆمەلایەتییەکان کە، لە نێو ئەو کۆمەڵگایەدا هەن گیربکەن، چونکە چینگەلی کۆمەلایەتی نێو ئەو کۆمەڵگایەن. ناکرێت تەنها بە ناونیشانی دوازدە کەسی نەگریس و گروهێکی دڕ، بڕۆی چنگ لە دەسەڵات گیر بکەن. ئەبێ تەقەڵای ئەوە بکەیت، لە لایەن توێژێکی کۆمەلایەتی و بە کۆمەکی ئەو، دەسەڵات بەدەستی بهێنێ. ئەو چینە بۆ ئێمە، چینی کرێکارە و ئەو توێژە بۆ ئێمە، توێژی سۆسیالیست و ڕادیکاڵی چینی کریچکارە، کە لە مێژەوە سەبارەت بە وان قسەمان کردووە. ئێمە ئەبێ بەشێک بین لەم توێژە و بە کردەوە پەیوەندیمان لەگەڵیدا هەبێت. ئەمە گۆشەیەک لە پەیوەندی نێوان ئێمە و دەسەڵاتی سیاسییە کە، هێشتا بە عەمەلی فەراهەم نەبووە. ئێمە لە پەیوەندییەکی زیندوو، خولقێنەر و بەیەکترئاوێزان، لەگەڵ

بەشی ڕایکاڵ و سۆسیالیست و ناڕازی چینی کرێکاری ئێراندا نیین. خودی ئەم بەشەی چینەکە، زۆر دەستئاوەڵە نییە، تاوەکوو خۆی نیشان بداتْ و تێبگەین کە، چۆن بیر دەکاتەوە و چ ئاراستەیەکی هەیە. بار و دۆخی سەرکوتْ، نەیهێشتووە ئەو بەشە، ئەم هەلەی بۆ بڕەخسێ، بەڵان بە هەر حاڵ دەتوانین، بە شێ،ەیەکی ئۆبژەکتیف ئەوە ببینین کە، ئەمە یەکێکە لە کەموکورتییەکانمان.

– چوارەم، دەبێتْ توانای ڕابەری لە خۆتْ نیشان بدەیتْ، ئەمەش بەو مانایەیە، ئەو حیزبانەی، کە دەیانەوێتْ ڕەدووی جەماوەر بکەوون، ئەو حیزبانەی، کە بە قەولی خۆیان بڕیارە لە جەماوەرەوە فێربن، ئەو حیزبانەی،  کە دەیانەوێتْ لە ئاراستەکانی خودی چینکە بڕوانن و پاشان خۆیانی پێ ڕەنگ کەن، بە بڕوای من، شانسێکی زۆریان نییە، کە بە جێیەک بگەن، چونکە لە بار و دۆخی سەختدا، ئاراستە گشتییەکانی چینەکە ڕوو لە پاشەکشەیە و لە بار و دۆخی خۆشیدا، ئەشیچتْ بە جۆرێکی دیکە بێتْ. لە بار و دۆخێکدا کە، حیزبێکی گەورەی ریفۆرمیستْ لە ئارادا بێتْ، دەشێتْ ئاراستەی چینەکە بەو جۆرە بێتْ، کە پشتیوانی لەو حیزبە بکاتْ.

– پێویستە قسەیەک بکەین، کە بتوانێتْ چینەکە لەو شوێنەی ئێستایەوە بۆ شوێنێکی دیکە ببباتْ و توانای ئەوەتْ هەبێ، کە ئەمسەر و ئەوسەر بکەیتْ و لەنێوچاوانی تۆدا ئەوە ببینن، کە قسەکانتْ ماقوڵ و عەمەلین، ئەم یانی، توانایی گواستنەوەی باسی خۆتان بۆ چینەکە. یانی، توانایی ڕابەریکردنی دەوێ. ئەمە باسێمک نییە، تەنها لە چوارچێوەی قاییلپێکردندا بێتْ، بەڵکە پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتییە.

ڕێگە بدەن با بڕێک زۆرتر، هەر یەکێک لەو چوار خاڵەی کە لێی دوام، شی بکەمەوە:

– دەربارەی پەیوندییەکانی لەگەڵ چین. مەسەلەی بوون بە بەشێک لە چین، تەنها پەیوەندییەکی حزوری، تاک بە تاک و پەیوەندییەکی سوزنی* و تاقیگایی نییە. ئەگەر چین تۆ (حیزب)، بە ناونیشانی بزووتنەوەیەک کە لە مەیداندایە، ببینێ، سەرنجی بۆلای تۆ (حیزب) دەچێت. بەم پێیە بەشێک لە مەسەلەی، پەیوەندی نێوان حیزب و چین، پەیوەستە بەوەی، کە حیزب لەسەر ئاستی سیاسی، چ کارێک دەکات؟ بەشێکی پەیوەندیگرتنە لەگەڵ کۆڕ و کۆمەڵی کرێکاری و ئامادەگینە لە نێویاندا. بەشێکی بە فەرمی ناسینتە، بە ناونیشانی ڕەوتێکی واقیعی لە نێو چینی کرێکاردا، کە لە بیری ئەم کەسەلانەدایە. هەموو ئەمانە، پلەیەک لە ئاکتیڤیزم (activism/ و. ک.)ی سیاسی ئەخاتە دەستوری کارمانەوە. ئاکتیڤیزمێک، کە، ئەمڕۆ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە دەرەوەی وڵات لە خۆی نیشانی ئەدات، تەنها زەینی ڕای گشتی بۆ خۆی ڕاناکێشێ. سەرنجی کرێکار بۆ بەڵگەنامەکانت، بۆ کەسەکانت، بۆ باسەکانت، بەڵگەهێناوەکان (استدلال)ت، بۆ ڕێکخراوەکانت، ڕادەکێشێ. سەئەنجام، لە قسەکانی ڕۆژی یەکەمیشدا گوتم، کە ئەم مەیدانی ناوە و دەرەوەی وڵاتە بەیەکەوە گرێ دراوون و کار لە یەکدی دەکەن. سەرئەنجام دەتوانین لە باسەکانماندا بچینە سەر ئەوەی، کە بۆچی دەڕۆین و ئەم ئاکسیۆنە ڕێک ئەخەین؟ مەرج نییە فاکتۆر ناوخۆییەکان، پێویستیبوونی ئەو ئاکسیۆنە ڕۆشن بکاتەوە، یان هۆکارەکانی شی بکاتەوە. بەڵام من بە ئاکسیۆنێک هەڵئەستم، تا بە کەسێک – بۆ نموونە، لە تاران یان ئەسفەهانە، دەیەوێت پەیوەندی بە ئێمەوە بکات – بڵێم، ئەگەر چووینە دەرەوە و ویستت بزانێت کە ئەوانە کێن، بچۆ بۆ فڵانە شوێن، تاوەکوو بزانێت لەگەڵ بیرۆی کامە ڕێکخراو پەیوەندی ببەستێت، یا تەلەفزیۆن بۆ چ ژمارەیەک بکات.

– تا ئەو جێگایەی بە خاوەندارێتی ئاڵای چەپ و کۆمۆنیزمەوە پەیوەستە، بەبڕوای من ئەمە قەڵەمڕەوێک نییە کە، تەنها بە ئێران و زمانی فارسی، کوردی، یان عەرەبییەوە سنوورداربێت.

حیزبێک، کە ئاڵا هەڵگری مارکسیزمە، ناتوانێت ئاڵاهەڵگری مارکسیزم لە ئاستێکی جیهانیتردا نەبێت، یان لانیکەم، یەکێک لە بانگەشەکەران و لایەنە ئەسڵییەکانی باس و توێژینەوەکانی مارکسیستی لەسەر ئاستی جیهاندا نەبێت. یەکێک لە گرفتەکانی ئێمە ئەوەیە کە، بەدەر لەوەی کە باسە مارکسیستییەکان لە ئاستی جیهانیدا داکشاوە، یان باو نییە، لەو ئاستەدا دەرنەکەوتووین. بە بڕوای من، ئەمە یەکێکە لە باسە بنەڕەتییەکانمان، هەر ئەوەندە بەسە، کە ئێمە دەست بەم کارە بکەین و بەو ئاراستەیەدا بڕۆین و تا جارێکی تر ئەوە بۆ کرێکار بچەسپێنەوە، کە ئێمە ئاڵاهەڵگری مارکسیزمین. ئێستا ئیتر گروپە مارکسییەکان ئەمە بە فەرمی دەناسن و هەندێک جار پێ لەسەر ئەوە دادەگـرن، کە مارکسیستەکان ئەوانن و هەندێک جار دەکەونە نوکتە گێڕانەوە و دەڵێن: بڕوانن مارکسیستەکان ئەوانە چۆنە! دەڵێن: ئەمە مارکسیزم نییە و...

گۆواری تیۆری و سیاسی کە توانایی ئەم ڕەوتە لە بواری تیۆری مارکسیستی و سۆسیالیستی دەرئەخات، ئەبێ هەبێت. بەرنامەی حیزب، یەکیچکە لە خاڵە بەهێزەکانمان کە، کەسانی تر دەبێت بێن لێکۆڵینەوەی لەسەربکەن و پێی قانع ببن. هەروەها سەبارەت بە باسە مارکسیستییەکانی تر و ڕەخنەی مارکسیسی ئێمە لە مەڕ پرسە جۆراوجۆرەکانیش. هەنووکە ئێمە ئەوەندەی وەک ڕەوتێکی دژەئایینی دەناسرێین، ئەوەندە وەک ڕەوتێکی ئەهریمەن (تاغوت)ی ناناسرێین. دەڵێن ئەوانە، هەمان ئەو کەسانەن کە، بچوکترین بایەخێک بە ئایین نادەن. هەموو دەڵێن، ڕەخنەی ئەوانە ڕیشەییە.

دەڵێن کە، ئایین لە بناغەوە نابێت هەبێت، بۆ ئەم قسەیەشیان بەڵگەیان هەیە. ئەوانە مارکسیستن، ئەوانە چەپن. ئێمە وامان کرد کە، یەکجار و بۆ یەکەمین جار لە کۆمەڵگادا، کۆمۆنیزمێک لە ئارادابێت کە، قەرزاربارى سازش لەگەڵ شۆزى خەڵک ومەیلی کۆمەڵ و خورافاتی نێو کۆمەڵدا نەبێت و بڵێن: ئەوانە دەبینی؟ ئەوانە دژی دینن. زۆر کەس بەو هۆیەوە، بەرەو ی ئیچمە دیچن و بەو بۆنەیە و بەهۆی ئەم هەڵوێستەی ئێمەوە یۆ نموونە، سەبارەت بە ئایین، ئەچن بڕوانن، تا بزانن مارکسیزم چی دەڵێت، یان مارکس لەم بارەیەوە چی دەڵێت؟ یان باسەکانی ئێمە سەبارەت بە چارشێو، ناسیۆنالیزم و دژایەتیکردنی سەرسەختانەی ئەم حیزبە لەگەڵ ناسیۆنالیزم، کە کەسانی دیکە وەکو لایەنی نێگەتیڤی ئێمە لێی دەڕوانن، لە کاتێکدا خاڵی بەهێزی لایەنی تیۆری ئەم حیزبەیە.

سەبارەت بە ئایین، خاڵێکی دیکە بڵێم: ڕاهی کارگەر پێنج پرسیاریان بۆم ناردبوو، پرسیبوویان: ئایا وەڵامیان ئەدەمەوە، منیش نووسیم: بەڵێ وەڵام ئەدەمەوە. یەکێک لە پرسیارەکان ئەوە بوو: پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا، بەڵێ، یان نەو؟ من بۆیانم نووسی: ئەم پرسیارەزۆر سەیرە. چونکە ئەم پرسیارە پێشفەرزێکی بۆ خۆی داناوە کە، یەک وەڵامی ئا، یان نا، هەڵناگرێ. چونکە وەڵامی ئا، یان نا، پێشفەرزێک لەگەڵ خۆیدا ئەهێنێ وەک ئەوەی کە تۆ، لە پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتێکدا، تێڕوانینی خۆت دەرئەبڕی و پەیوەندی دیپلۆماسی هەیە و شتی دیکە. ئەمە لە چەشنی ئەوەیە کە لێت بپرسن، ئایا «وەلی فەقیە» بەشێوەیەکی یاسایی بێت، یان لە دەرەوەی یاسا بێت؟ ئا، یان نا، بۆ وەلی فەقیە یاسایی؟ تۆ ئەگەر وتت، نا،.. دەی چاکە، کەواتە تۆ وەلی فەقیهی یاساییت دەوێ. ئەگەریش بڵێی، بەڵێ، دەی چاکە، کەواتە، تۆ هەر لە بنەڕەتەوە دەبینە

لایەنگری ویلاییەتی فەقیە! لە دوا وەڵامم بۆ پرسیارەکانی ڕاهی کارگەر، ئەمەم نووسی: پەیوەندی لەگیڵ ئەمریکا، لەگەڵ دژایەتی ئێمەدا ڕووبەڕوو نابێتەوە. ئێمە بە ناونیشانی ڕەوتێکی کۆمۆنیستی و سۆسیالیستی دژی ئیسلام، ئەوە مەسەلە و گرفتی ئێمە نییە کە ئاخۆ ڕەوتە ئیسلامییەکان کرد. ڕەنگە ئەمە لە بەرنامەی ئێمەدا باس نەکرابێ، بەڵام من خۆم بە هەڵسوڕاوی بزاوتی دژی ئیسلام دەزانم و دەمەوێ گسکی لێ بدرێ. ئیسلامی سیاسی لە سەدەی بیستەمدا، یەک ڕەوتی واقیعییە و دەزانم، کە دەیەوێت، چی بەسەر هاوڕەگەزەکانی مندا بهێنێ. من ڕەوتێکی دژە ئیسلامیم و ئەمە باسێکی تیۆرییە، نک هەستێکی شەخسی بێت و لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت، کە من لە خێزانێکی نوێژکەر نیم. دژی ئیسلامم و دەتوانم لە ڕووی تیۆرییەوە باسی ئەوە بکەم، کە ئیدی ئەمە ئەفیونی جەماوەر نییە. کۆرشی مودەڕیسی بایەتێکی لە ئەنتەرناسیۆنالدا نووسیوە دەڵێت، ئەمە ئیدی ئەفیونی جەماوەر نییە، کاشکێ وابوایە. ئەگەر ئەفیۆن بوایە، ئەوا کارمان پێی نەبوو،ئێمە لە بەرنامەدا، پێدانی بڕێک مەوادی بێهۆشکەرمان بۆ خۆگرتووانی (مدمن)واقیعی ئازادکردووە، دەی چاکە، ئەمەش - ئایین- مان دیسان ئازاد ئەکرد! ئەمە بزووتنەوەیەکی بۆگەنی دژی مرۆڤایەتییە کە خەریکی مرۆڤکوشتن و هەرەشەلێکردنیتی. هەڕەشە لە ئازادی و مەدەنییەتی مرۆ دەکات، کە بە بڕوای من ئەمڕۆ، ڕۆژئاوا ناوەندی مەدەنییەتە. ڕەوتە ئیسلامییەکان ئەگەر بیانەویت، لە ڕۆژئاوا بۆمب بنێنەوە و ماڵی خەڵکی وێران بکەن، زەرەرمەندی یەکەم کرێکاران دەبن کە، بەو ڕادەیە پێشکەوتوون. بۆرژواکان، کە خۆیان حکومەتی فاشیستییان هەبووە، گرفتێکیان لەگەڵ ئەمەشدا نییە. ئەگەر دەوڵەتی جەزائیر بڵێت، کە ئەو تاوانانەی کە بەردەوام روو ئەدەن، لە ژێر سەری ئیسلامییەکاندایە،

خەڵکی باوەڕ دەکەن، چونکە بینیویانە تاوانکاری لە ئیسلامی سیاسیدا، لە چ ئاستێکدایە.

دەمەوێ بڵێم، کە ئەمانە لە هەمان کاتدا باس و بابەتی تیۆریشن، بە مەرجێک کە، قاڵبێکی تیۆریشی پێ بدەین و یەکێک بڕواتٚ و بڵێتٚ، ئیسلام ئیتر هەر تەنها ئەفیونی جەماوەر نییە، بەڵکو بزووتنەوەیەکی ئیسلامییە لەە سەدە بیستەمدا، کە دەیەوێتٚ ڕۆڵێکی دیاریکراو بگێڕێتٚ.

-سەبارەتٚ بە باسی بوون بە ئۆپۆزیسیۆنی چالاک و بەرچاو. گەلێک فاکتۆرمان هەیە، کە دەکرێ بیانژمێرین: ئاکسیۆنەکان، ڕۆژنامەکان، کەسایەتییەکان، چالاکییەکان، کۆبوونەوکان، میتینگەکام، مانگرتنەکان، خۆپیشاندانەکان و... ئەمانە کۆمەڵە کارێکن، کە دەبنە مایەی ئەوەی خەڵکی بڵێن، ئەمە حیزبێکی چالاکی ئۆپۆزیسیۆنە و یەکێکە لەو هیچزانەی کە لە مەیدان دایە. فراوانبوونەوەی هەڵسوڕانی تەبلیغی، تەرویجی، سازماندەیی و ئاکسیۆنی، ئەمانە مەرجی بوونی حیزبە بە ڕەوتێکی سەرەکی ئۆپۆزیسیۆن. ئێستا گشتٚ کەسێک دەزانێتٚ، کۆمەڵگای ئێران چەندین پارتی سیاسی جۆراوجۆری تێدایە، بەشێکی لە ناوخۆ و بەشێکی  تری، بەهۆی جێگا و ڕێچگای خۆیانەوە لە هەمبەر ڕژێم، مەسەلەی ئاسایش و سەرکوتٚ، لە دەرەوە گرد بوونەتەوە، بەڵام مەرجێکی بنەڕەتی ئەوەیە، کە ئەم ئۆپۆزیسیۆنە بە پلەی یەکەم لە ناوخۆ بخەملێ، ئێستا ئەمە خاڵێکی لاوازە، بەڵام نابێتٚ زیادەڕۆیی لەمەدا بکرێتٚ. ئەگەر ئێوە لە دەرەوە ببنە هێزی ئەسڵی ئۆپۆزیسیۆن، ئەگەر ڕێکخستنەکانمان 60 تا 70 کەسیان سەرقاڵی ئیش و کاری ناوخۆ بن و ئەوەی  دەمێنێنەوە خەریکی کاری دەرەوە بێتٚ، هەموو کەسێک دەنگی ئەم حیزبە ببیستێتٚ، بە یەک وشە، ئێمە دەبینە بەشێکی چالاکی ئۆپۆزیسیۆن، چونکە سبەی ڕۆژنامەیەکی ناوخۆ دەنووسێتٚ:

فڵان کەس لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران، بۆ کۆبوونەوەیەک چووە وەڵامی «فەرخ نیگەهدار»ی داوەتـەوە و ئابڕووی بـردووە، یان فلان کەس بۆ ئەوێ ڕۆییشت و ئەوان ئاکسیۆنیان بەرپاکرد، 3000 کەسیان لە مەیدانی فڵان کۆکردەوە و دژی چاوپێکەوتنی خانەمی لەگەڵ فڵان پایەداری ئەوروپایی قەسەیان کرد و خەڵکی بۆ ئەوێ چوون، دەستیان وەشاند و خوتردنی پیسیان لە کاربەدەستانی ڕژێم گرت و...

– چۆن نیشانی بدەین، کە دەتوانین ڕابەرایەتی بکەین؟ پێش هەر شتێک، دەبێ نیشانیبدەین، کە ڕابەریمان هەیە. دەبێت ڕابەری تر بە ناونیشانی ڕابەر بناسن. حیزبێک کە لە پشتی بەردێکەوە یان لە پشتی دیوارەوە ڕاگەیاندنی نهێنی بڵاو دەکاتەوە، ناتوانێت ڕابەری کەسێک بێت. سەرئەنجام، مرۆڤ بەر کاریگەری مرۆڤ دەکەوێ (نەک تارمایی/ و. ک.)، چ لەسەر ئاستی کارخانە، چ لەسەر ئاستی شار و چ لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی. ئێوە دەبێ پۆستەری گەورەتان هەبێت، تاوەکوو کاندیدەکانی ئێمە بۆ شورای شۆڕشگێڕانە بناسرێن، یان بۆ ئەنجوومەنی شار، یان بۆ ڕابەرایەتی یەکێتییە کرێکارییەکان و... ئێستا کاتی ئەوەیە کە، هاوڕێیان، جوانترین وێنەی خۆیان ئامادە بکەن، تا ئێمە بتوانین چاپیان بکەین و لە ڕۆژنامەکانی ناوەوە بڵاوببنەوە. مەسەلەس ئەمنی لە ئارادایە؟ بەڵام ئەمە هەاومەرجێکی تازەیە. ئێمە هەر هەموو لە شۆڕشی 79دا ئامادە بووین، بڕیاری ترسناک جێبەجێ بکەین، هەمووومان سەفەری ترسناکمان کردووە و ژمارەیەکی زۆر لە هاوڕێیان، شەڕی ترسناک و کاری سەربازی و سەرسوڕهێنەریان کردووە. بەڵام ئێستا بار و دۆخەکە بە جۆرێکە کە، ئەم وێنانە پێویست بن. ئەوە ئاشکرایە کە نامانەوێت زەبرمان لێ بدرێت، پەتەڕی نەبووینە، بەڵام دەبێت ڕابەریی لەبەر دەستی خەڵکی دابنێین.

له بەرامبەر گورزێک وێنە کە، ئەوان بە دەرک و دیوارەکان، لەگەڵ بژی و بڕوخێکانی خۆیاندا هەڵی واسن، دەبێت ئێمەش سەد بەرابەری ئەوان، وێنەکانی خۆمان، لەگەڵ بژی و بڕوخێکانی خۆماندا، بە دەرک و دیوارەکاندا، هەڵبواسین. من ئەگەر بژنەوم کە لە فڵانە شار گوتویانە، بژی هاوڕێ فڵان، هەروەکوو ئەوەی کە گوتویانە بژی محەمەدی ئاسنگەران، ئەمە لەو حاڵەتانەیە کە من سەکۆکە لەژێر پای محەمەد دەرناهێنم!... بەڵکوو ب دیاردەیەکی لەم جۆرە خۆشحاڵ دەبم و پێموایە کە دەبێت، ناوی زۆرێک لە ئێمە بنووسن. لەو بڕوایەدام، لەهەر جێیەک کە نفوزمان هەیە، دەبێ بڵێین، فڵانە کەس دێنەوە یاد؟ لە ژیاندا ماوە. سەرۆکی فڵانە سازمانە، ئەندامی فڵانە کۆمیتەیە، بەرپرسی فڵانە کەمپینە، ئاکاتیڤیستی فڵانە ڕەوتە و... ئەگەر ڕۆییشتیت بۆ لەندەن، دەبێ یەکەمجار ئەو ببینی و...

کەسایەتییەکان، ڕابەرەکان، کەسانێک کە بە ناونیشانی ڕوخساری بەرجەستەی کۆمەڵایەتی کە، لێهاتوویی گرتنی دەسەلاتی سیاسیان هەیە، ئەگەر منی کرێکار لە ئێران بێمە مەیدان، ئەوانە بەو قسانەیانەوە، بەو شکڵ و شێوانەیانەوە، بەو سەر و سیمایەیانەوە و بەو سەرمەشقە سیاسی و کۆمەڵایەتییەیانەوە، دێنە سەر کار. ئەوانە خەڵکانی واقیعین، نەک ڕێکخراوگەلێکی سیاسی کە لە پشتی ناوێکی نهێنییەوە، ڕاگەیاندن دەربکەن. ئەوانە تەنانەت ناوەکانیشان ئاشکرایە و دەزانیت، کە لە پشتی ئەم ناوەوە، چ مرۆڤێک، بە چ ڕەفتار و خو و شکڵ و شێوەیەکەوە هەیە. بە کورتییەکەی، دەبێت، لە ڕێگەی خەڵکانێکی واقیعییەوە، لە بەرمەیدان دەربکەوین.

-هەڵوێستگیرییەکانی حیزب دەبێت هاوئاهەنگ و ورد بێت، وەلامدەرەوەی پرسە سیاسییەکان بێت. ئەگەر ڕووداوێک هاتە پێشەوە،

ئەبێ هەڵوێستێک وەربگری، کە بە دەردی ئەو خەباتە بخوات. لەم بارەیەوە قسەیەکی زیاتر ناکەم، چونکە هەمان باسە کۆنەکانی ڕابەری سیاسی و هەمان ئەو چەمکانەیە کە قسەمان دەربارەیان کردووە.

-لە کۆتاییدا، دەبێت دەستوبرد لە کاردا هەبێت. ناکرێت ڕابەری لە پشتی کاروانەکەوە بڵێت: ئەم کارە بکەن، یان بڵێت: بە بڕوای من، دەبێ ئەو کارە بکەن! دەبێت ڕابەری بۆ خۆی بچێتە بەرمەیدان. یەکێک لە هاوڕێکان دوێنی وتی، منی بەرقرسی کۆمینە، دەبێت لە کوێوە بزانم کە، «موهاجیرانی» بۆ دەرەوەی وڵات هاتووە؟ باشە! هەمان ئەو کەسانەی کە، بڕیارە ئەو هەواڵەت پێ بگەیەنن، دەبێت تر بۆخۆت، ئەوانی لێ ئاگادار بکەیتەوە! ئێمە ئەم خێراییکارەمان نییە.

من دەمـەوێ قسەکانم بە یەک خاڵ کۆتایی پێ بهێنم، ئەویش ئەوەیە، دەبێت ژ وێنایەک لەسەر خۆمان، ببینە نێو خەڵکەوە؟ ئێمە دەبێت، وێنایەک لە مەڕ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، وێنایەک لەسەر بەرنامەی حیزب، سیاسەت و تێڕوانینەکانی، کە جێگای باوەڕ بێت، لە بەردەمی خەڵکی دابنێین و بە ماڵ، کارخانە و شەقامەکانی بگەیەنین.

کەواتە، ئەگەر بمانەوێت ئەم وێنانە بە چەند خاڵێک لە هزری خەڵکیدا جێگیر بکەین، ئەوا، ئەو نیشانانە چین، کە دەبێت لە مەڕ حیزبی ئێمەوە لە هزری خەڵکیدا بن؟

بە بڕوای من، دەبێت بڵێین:

حیزبی ڕادیکالیستە زێدەڕەوەکانە، بەڵام پێیان لە زەوییو. وێنایەک کە دەبێت لە هزری خەڵکیدا بێت ئەوەیە، کە بڵێین، ئەمانە ڕادیکاڵێکی زێدەڕۆن، بەلام پێیان لە زەوییە. دەزانن لە بارەی چییەوە دەدوێن، هەوایی نین. ئامانجەکانیان گەلێک زێدەڕەوانەیە و ئێستا دەیانەوێت پراکتیزەی

بکەن، بەڵام هەوایی نین. دەزانن پرۆسەی واقیعی تێکۆشان چ کەند و کۆسپێک دەهێنێتە پێشەوە، لە بارەی ئاڵۆزترین مەسەلەوە، دیالۆگ ئەکەن و شارەزان، شارەزای ئەوەن، کە باریک لە خاڵی ئەلیفەوە بۆ بێ ببەن، وەلی هەمیشە دەڵێن، ئامانجی ئێمە ئەمە نییە بە تەنها، دەمانەوێت، فلانە مەسەلە ڕیشەکێش کەین. لە ئەندازە بەدەر ڕادیکاڵن، ڕادیکاڵێکی کۆمەڵایەتی، نەک ڕادیکاڵێکی سیکتی و فیرقەیی. دەبێت وێنای خەڵکی لەسەر ئێمە، ڕادیکاڵیزمێکی کۆمەڵایەتی بێت. بە بڕوای من، دەکرێت بیر لەوە بکرێتەوە کە، چ کارێک بۆ نموونە، ڕادیکالیزمی ئێمە بەهێز دەکات، یان وێنایەکی ناکۆمەڵایەتی لەسەر ئێمە دەبەخشێت، یان بە پێشچەوانەوە، بە خەیاڵی خۆمان خەریکین کۆمەلایەتی دەبینەوە، بەڵام لە ڕادیکالیزمی خۆمان کورتدەهێنین. دەبێت ئاگامان لەوە بێت، کە ئەو ڕەوتەی ئێمە بەرەو دەسەلات ئەبات، ڕادیکاڵبوونمانە. دەبێت خەڵکی بڵێن، ئەگەر ئەوانە بێنە سەرکار، کۆمەڵێ شت قەدەغە ئەکەن، خوا دەس بە عونریانەوە بگرێت!

دەبێت دەوڵەتێک بێنە سەرکار کە بڵێت، دەبێت کچان بۆ قوتابخانە بنێردرێن. ئەگەر نا، لە کەشەهەوایەکدا کە ناردنی کچان ئارەزوومەندانە بێت و گشت ڕۆژێکیش ئاخوند (مەلا) لەبان سەری خەڵکیدا بێت، خەڵکی کچەکانیان بۆ قوتابخانە نانێرن. دەبێت دەوڵەتێک بێت کە، ئەگەر ئاخود خەڵکی گەڕەکی بێزار کرد، سکاڵا بنووسن تاوەکوو پێشی پێ بگرێ.

ئەم مۆدێرنبوونە زێدەڕۆیە لە هەردووک لا، لە شێواز و لە بیردایە. شێوازەکانی ڕەوتێکی مۆدێرن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، ناکرێت شێوازگەلێکی دواکەوتوو، بەسەرچوو و لاواز بن، دەبێ ئەوە ببینن، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بە شێوەیەکی واقیعی، لە خەڵکانێک پێکهاتووە، کە لە بەکارهێنانی ئامێر و لە کارکردن ل نێو دەزگاکانی ڕاگەیاندن و کارکردن بە

کرەستە و پێداویستییە ئاڵۆزەکانی کۆمەڵگای هاوچەرخدا شارەزان. ئەگەر بیانەوێت لە کۆمەڵگایەکدا، بە شێوەیەکی یاسایی خەبات بکەن، دەزانن چ کارێک بکەن، ئەگەر بڕیارە خەباتی سەر شەقامەکان بکەن، دەزانن دەبێت چ کارێک بکەن، ئەگەر بیانەوێت لەگەڵ یەکێتییەکان پەیوەندی ببەستن، ڕێیەکەی دەزانـن، میکانیزمەکانی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان دەناسن، میکانیزمەکانی بەڕێکخستنی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان دەناسن، میکانیزمەکانی بەڕێکخستنی ڕێکخراوە خێرخوازەکان دەناسن. ئەگەر ئێوە ڕەوتێکی تێکۆشەرن، کە لولەکێشی ئاو دەوڵەت بیکات و ئێوە تەنها دەوڵەت ئاگادار بکەنەوە، بە بڕوای من شانسێکی کەمتان هەیە، کە ببنە دیاردەیەکی لەو جۆرە.

-لە کۆتاییدا، بە بڕوای من، تێکڕایی ئەوانەی کە گوتم، چەند بەشێک لە بزاڤی سۆسیالیزمی کرێکاری پێکدەهێنن. دەمەوێ بڵێم، ئەمانە وێنایەکن لەسەر کۆمۆنیزمی کرێکاری و لەسەر چۆنیەتی پیادەکردنی مارکسیزم.

ئەوەی کە تەنها بە خەڵکی بڵێین ئێمە مارکسیستین، بەڵام نەتوانین کاریگەرییەکمان بەسەر زیندەگی خەڵکەوە هەبێت، هیچ شتێک ناگۆڕێت. یان تیۆری مارکسیستی و مەسەلەی ئەوەی کە ئێمە کۆمۆنیستین، خۆی لە خۆیدا، ئەوە دەرناخات کە، ئێمە ڕەوتێکی مۆدێرنین.

-خەڵکی بزانن کە ئەم ڕەوتە لە ڕادە بەدەر مرۆڤن، یانی، ئەمە ڕەوتێک نییە، کە بە تۆپزی، باری (نوێڵ) کۆمەڵگا بە ئاقارێکی دیاریکراودا ببات، هیچ کەسێک لە ژێر دەست و پێی ئەم ڕێکخۆاوەدا، ناشێلرێت. هێز و دەسەلاتی ئەم ڕێکخراوە، لە گەییشتنی مرۆڤایەتییە بۆ هێز و دەسەڵات.

ئەم بە چ جۆرێک نیشان ئەدرێت؟

بە بڕوای من، ئێمە لەم ڕووەوە کەموکوڕیمان هەیە. ئەوە ڕاستە کە، ئێمە لە نووسین و ئەدەبیاتماندا، داکۆکی لە مرۆڤایەتی ئەکەین، بەلام پەیوەندی واقیعی ئێمە لەگەڵ خەڵکی، لەسەر ئەم بنەمایە نییە. من بەم جۆرەی دەبینم. ئەوەی کە مرۆڤەکان خەمبار ئەکەین، فشاریان بۆ ئەبەین، ئەوەی کە، نەرمی و میهرەبانیمان لەگەڵ خۆمان و یەکتریدا نییە، لە زۆر جێگادا، بەزەییمان بە مافە مەدەنییەکانی یەکتری و حورمەتی یەکتری نایەتەوە. بە بڕوای من، ئەمە کەموکوڕییەکە، لە دەرەوەی دەبینرێت. لە پلینۆمێکدا کێشە نییە، دەڵێن، یەکتربیان ئازار دا، بەڵام کاتێک لەدەرەوە تەماشا دەکرێت، خۆ نییە. بە بڕوای من، بنەمای ئێمە، مرۆڤایەتی ئێمەیە، مەدەنییەتی ئێمەیە، ڕێزلێنانی مافە ڕەواکانی خەڵکییە، تەنانەت ئەگەر دژایەتی قوڵ و خوێنینیشمان لە نێواندا بێت.

سەرباری ئەوانە، پەیوەندی ئێمە لە هەمان کاتدا، لە تەک خەڵکیدا، پەیوەندییەکە لەسەر بنەمای دۆستایەتی بنیات نراوە. من هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە گوتم، ئەگەر دنیا بە دەستی ئێمە بوایە، ئەمڕۆکە ئێمە زۆر بەختەوەر ئەبووین. مەبەستم لە بەختەوەری، تەنها بەختەوەری خۆت ە خێزانەکەت نییە. بەختەوەری کەسانێک کە، نایانناسی، بەختەوەری کەسانێک کە، خۆشییان بە تۆدا نایات، یان ساڵی پار لەگەڵ تۆدا شەڕیان بووە، یان ڕەنگیان شێوەیەکی ترە و نەژاد و نەتەوەیان جیاوازە و دوو و سێ جاریش لەگەڵ نەتەوەکەی ئێوە بەشەڕ هاتوون. بەختەوەری مرۆڤەکان، ئەو بەختەوەرییە و هەوڵدان بۆ خۆشبەختی، خۆشگوزەرانی، ئاساییش، زەردەخەنە و پێکەنین و ئەمنییەتی ژیانی مرۆڤەکان، دەبێت ڕۆژانە، لە هەڵسوکەوتی گشت ڕۆژێکمان خۆی بنوێنێ. ئەگەرلە دانیشتنێکدا بەشداریمان کرد، کۆبوونەوەیەکمان ساز کرد، یان کەسێکمان بۆ خانەی حیزب بانگهێشت

کرد، ئەگەر لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنێکی خۆماندا پەیوەندییەکمان بەست، ئەگەر ویستمان لەگەڵ یەکێکدا، بەشداری پلمیکێکی سیاسی بکەین، بە کورتییەکەی لە گشت هەڵسوڕانێکماندا، پێویستە خۆی دەربخات. ئەم حیزبە ۆمۆنیستە، بەم مەزنییەوە، نابێت تەنها جەنگ بکات، بەڵکوو دەبێت لە جێگایەکیشدا کۆمەک بکات. بایەخی فیدراسیۆنی پەنابەران لەوەدایە، کە ڕوخسارێکی مرۆڤانەی ئاوها پیشان بدات. ئەگەر بڕیار بووایە، شورای پەنابەران تەنها لایەنگرانی خۆی لە تورکیا دەربکات، ئەم ڕوخسارە نەئەهاتەدی، بایەخی کارکردن بۆ مافەکانی منداڵان، ئەگەر دەستی پێ بدەین، لەوەدایە کە، سەربەخۆ لە ڕەنگ و ڕەگەز و خەنەوادە، داکۆکی لە مندال و مافەکانی دەکات، ئەمە داکۆکی واقیعی ئێمە، لە مافەکانی منداڵانە. نەک ئەوەی بچین سوتەمەنی بۆ خەبات لە پێناوی شتێکی تردا پەیدا بکەین، گوایە ئەم فیچڵی خۆمانە. پێویستە ئێمە بڵێین، کارم هەیە و قەرمانیشم هەیە، بەڵام ئامادەم لە پێناوی مافی منداڵدا، کوتەکیش بخۆم، چونکە مەسەلەیەکی واقیعی منە.

-بلاوکراوەکانمان بە چ زمانێک دەنووسرێن؟ بە بڕوای من ئەمە گرنگە.

بەدەستەوەدانی وێنایەکی مرۆڤدۆستانەی بەرجەستە و خۆشەویست لە حیزب، ئەرکی هەر هەموومانە، بە تەنها ئەرکی ڕابەرایەتی گشتیی نییە. لە میانەی پەیوەندییەکانی ڕۆژانەمانەوە، ئەم ئەرکە لەسەر هەموومانە. بە بڕوای من، دەبێت کارێک بکەین کە، بەهۆی خۆشەویستی و ئاشنایی ئەندامێکی حیزبەوە، هەستی خۆشەویستی بۆ تەواوی حیزب بهێنینە کایەوە. ڕەنگە ئەمە بە وێنەی وەعزێکی ئەخلاقی تێی بڕوانرێت، بەڵام بە بڕوای من حیزبی عەبوس، تا ڕادەیەک دەتوانێت بچێتە پێشەوە.

لە باسی سیناریۆی ڕەشدا، ئێمە چیمان وت؟وتمان، لە بار و دۆخی سیناریۆی ڕەشدا، ئەگەر شوێنێک بکەوێتە ژێر دەستی ئێمەوە، لەگەڵ ئەو هەموو نەفرەتەی کە لە «ئیمپریالیزم» و ئەو بێزارییە زۆرەی کە لە بەرامبەر «بەکرێگیراو:ەکانیدا هەمانە، هەر یەکێک لە پزیشکانی بێ سنوور، تا ئەگات بە یونیسیف، دەکرێت حیسابمان بۆ بکەن کە، ئەگەر ئەتەوێ شتێک بە خەڵکی بگەیەنێ، ئێمە ڕێگا ئەکەینەوە. ئێمە بژێوی خەڵکی بە بارمتە ناگرین. تەنانەت ئەگەر بزانین، بە هاویشتنی چەند گولە تۆپێک بۆ ناوچەیەکی خەڵکنشین، دوژمن ناچار بە پاشەکشە ئەکەین، ئەو کارە ناکەین. دەبێت ئەم وێنایە جێبکەوێت. لەبەر ئەوەیە کە، لە شۆڕشە مەزنەکاندا، ئەم وێنایە لە زەینی خەڵکیدا ئەبینی کە دەڵێن، ئەوانە مرۆڤگەلێکی پاک و شەریفی کۆمەڵن، ئەوانە قارەمانەکانی کۆمەڵن. ئەگەر کەسانی سیاسی و ڕادیکاڵی ئەو کۆمەڵگایە بن، بەڵام بەشێوەیەکی واقیعی، لە نێو دڵی خەڵکی جێی خۆتان نەکەنەوە، ئەشێت قازانجێکی هەبێت، بەڵام سەرئەنجام بە جێیەک ناگات و دەپوکێنەوە.

**هاوڕێیان!**

لە تواوی ئەو مەیدانانەی کە باسمکرد، ئێمە کۆمەڵێک پێشڕەویمان کردووە، بە جۆرێک کە ئائێستا بتوانین چاوەڕوانی ئەوەمان لە خۆمان هەبێ کە، حیزب لە مەسەلەی دەسەڵاتی سیاسیدا، دەخاڵەتی چالاکی ئەبێت. چەمکی دەسەڵاتی سیاسی خەریکە دووبارە بێتەوە بەر باس، کاتێک دەڵێم، دەسەڵاتی سیاسی، مەبەستم، تەواوی دەسەڵاتی دەوڵەتیی نییە، مەبەستم، ڕاکێشانی چەمکێکی لێفەی دەسەڵات و زۆرانبازییە لەسەری. ئەمە ئێستا لە ئانامانداية. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە لایەنی جێگا و ڕێگای ڕیچکحراوەییەوە، بەو ئاستە گەیشتووە کە، خۆی لەبەردەم دیدی

گشتیدا نمایش بکاتٛ و خەڵکی ببینن کە هەیە. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئەوەندە کەسی لەگەڵدایە کە، بتوانێتٛ لە گەلێک لە مەیدانەکاندا، جێگۆرکێ بە هێزە مادییەکان بکاتٛ. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئەوەندە ڕاستٛ و ڕەوایی لە سیاسەتەکانیدا هەیە کە، خەڵکی بڵێن، دەبێ جێگا بۆ ئەم ڕاستییانە بکرێتەوە.

چەند کەموکورتییەکی بنەڕەتیمان هەیە کە من، هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە باسم کردووە و ئێستا دووپاتی ناکەمەوە. دەبێتٛ ئەو کەموکورتییانە چارەسەرێکیان بۆ بدۆزینەوە، بەڵام بەهەر حاڵ هاوڕێیان، ئێمە لە مانەوەی ئەم نەریتەدا، دەتوانین ڕۆڵمان هەبێتٛ. ئەگەر نەمانتوانی دەسەڵاتیش بەدەستٛ بهێنین و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری توشی قۆرتێک هاتٛ، خەڵکانێکی دیکە هەبن کە، بیانەوێتٛ درێژە بەو نەریتە بدەن، تا بەڵکوو لە بار و دۆخێکی تر ە لە درفەتێکی تردا، بەرهەمێکی هەبێتٛ، بەڵام ئامانجی ئێمە لەم دەورەیەدا، ئامانجی ڕۆتینی هەمیشەیی بزووتنەوەکەمان، ئەوەیە کە، ئەو ئامانج و ئارەزوو و هێڵە فکرییانە زیندوو ڕابگرین. ئامانجی ئێمە ئەبێتٛ، هەستانە سەر پێ و هەنگاوهەڵگرتنەوە ڕووە و دەخاڵەتکردن لە چارەنووسی دەسەڵاتی سیاسی بێتٛ. لانی کەم دەبێتٛ لە کێشمەکێش لەسەر چارەنووسی کۆمەڵگادا، دەخاڵەتٛ بکەین. ئەگەر لە من بپرسن، من ئەڵێم، دەمەوێتٛ بە شێوەیەکی جیدی لە زۆرانبازی دەسەڵاتٛ لە کۆمەڵگای ئێراندا، دەخاڵەتٛ بکەین دەخاڵەتێکی دیار و بەرجەستە.

ئێمە لەو جێوشوێنە قەرارمان گرتووە. ئەگەر باسەکەی من گەرەکی بێتٛ کۆبەندییەکی بۆ بکرێتٛ، ئەوا ئەڵێم، ئەم دەورەی یەک دوو ساڵە، لە مەڕ پەیوەندی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بە دەسەڵاتی سیاسییەوە، یەکلاکرەوەیە.

دەشێت هەنووکە، ژمارە و ئامار و بارۆمێترە کۆمەڵایەتییەکان، ئەوە نیشان بدەن کە، لێهاتوویی ئەوەمان نەبێت، بڕۆین تەواوی دەسەڵات بەدەست بهێنین. من دڵنیانیم، ئەمە پەیوەستە بەوەی کە، لە مانگەکانی ئاییندەدا، چمان بەسەر دێت... من نازانم بۆڵشەویکەکان لە شۆڕشی شوباتدا، بە چ ئێنێرژی و توانستێک چوونە نێو شۆڕشی ڕوسیاوە؟ بەڵام ئەوە دەزانم کە ئەوان، لە ڕابەرییاندا، لە تانوپۆیاندا، لە پەیوەندییان بە چینی کرێکاری ڕوسیاوە، ئەو پێداویستییانە- کە دەربارەی ئاخاوتم- یان هەبووە کە بتوانن لە وەرچەرخانێکی مێژوویدا ڕۆڵیان هەبێت. ئەمە لەمە بێبەش نین. ناڵێم کە ئەتوانین. نامەوێ لە خۆڕا هەست ببزوێنم، نامەوێ خۆمان بکەمە شێر، بەڵام ئەڵێم، بە شێوەیەکی ئۆبژەکتیڤ، کڵاوی خۆتان بکەنە قازی! هەر کەسێک کلاوی خۆی بکاتە قازی، ئەگەر ئێمە لەم جێگا و ڕێگایەدا ببینێ، ئەو چاوەڕوانییەی لە ئێمە دەبێت کە، لە ئاییندەی سیاسی ئەو مەملەکەتەدا، ئەو ڕۆڵە بگێڕین کە، وەک دەرئەکەوێ تا ئێستا، هیچ حیزبێک ڕۆڵی وای نەبینیوە.

چەپترین پارتەکانی ئەم وڵاتە، یان کۆمەڵایەتی نەبوونە و ئەوانەی کە کۆمەلایەتی بوونە، وەکو حیزبی توده، چەپ نەبوونە، یان کۆمۆنیزمی کرێکاری نەبوونە، ئەگەر بووبێتیشن، ئەوا دەبێت کۆمیتەیەک پێکبهێنین، تاوەکوو بڕوات لەوە بکۆڵێتەوە بزانێت، ئایا ئەوانە کۆمۆنیزمی کرێکاری بوونە، یان نا؟

ئەمە ئەرکێکە لەسەر ئێمەیە، هۆشیارانە و یەکگرتووانە، بە نەخشەیەکی سیاسی واوە کە، لەسەری پێکهاتبین و هاوئاهەنگ و زۆر چوست و چالاکانە، بە ئاکامی بگەیەنین.

هیوادارم کە بتوانین، بەم تەرزە لە کۆنگرە بچینە دەرەوە.

*له سوزن (سوژن)ەوە هاتووە، لێکدانی پارچە لەگەڵ پارچە. (و. ک.)

**سەرچاوە:**

حزب و قدرت سیاسی، سنخرانی در کنگره دوم حزب کمونیست کارگری ایران

15 اوریل 1998

متن پیاده شده از روی نوار سخنرانی منتخب ێپار - صفحات 1399 تا 1410

متن پیاده شده این سنخرانی اولین بار در «منتخب اثار» انتشارات حزب کمونیست کارگری- حکمتیست، خرارد 1384 (2005) منتشر شده است.

www. hekmat. Public–archive. net/fa/3510ar. html

&

الحزب والسلطه السیاسیة، خطاب فی المؤتمر الثانی للحزب الشیوعی العمالی الایرانی

15 نیسان 1998، ترجمە: یوسف محمەد

www. hekmat. Public–archive. net/fa/3510ar. html

2006. 01. 12

# مارکس و ڕۆژنامەی ڕینانی نوێ

**(1849–1848)**

**ئەنگلس**

**وەرگێڕانی: ئومێد محیّ الدین**

لەکاتی ڕوودانی شۆڕشی شوباتدا، «پارتی کۆمۆنیستی» ئەڵمانیا، هەروەک ئێمە نامان دەبرد، تەنها لەناوکۆکەیەک پێکهاتبوو، ئەویش «کۆمەڵەی کۆمۆنیستەکان» بوو، کەبەشێوەی رێکخراوێکی نهێنی کار بۆ کاری پڕوپاگەندە خۆی ڕێکخسبوو. ڕێکخراوەکە نهێنی کار بوو، چونکە ئەوکاتە ئازادی ڕێکخراوبوون و گروپ پێکهێنان لە ئارادا نەبوو.

لەپەنا ڕێکخراوی کرێکاران لـەدەروەی ئەڵمانیادا، کە لێوەی ئەندامگیری دەکرد، نزیکەی سی کۆمەڵە یان بەشی لەناو وڵاتدا هەبوو، ئەمە جگە لەچەندین ئەندامی تاک و تەراو لێرەو لەوێ..

ئـەم هێزە جـەنـگـاوەرە بـەرچـاوە خـاوەنـی رابـەرێـک بـوو کـە هەموو بەرەزامەندییەوە بە پێشڕەوی خۆیانیان دەزانی، ئەو کەسەش ماکس بوو، رێبەرێکی پلەیەک کە بەهۆی ئـەوەوە - وەسوپاس بۆ ئەو، ئەو کۆمەڵەیە بوو بەخاوەنی بەرنامەیەک لەپرەنسیب و تاکتیکەکان کە هێشتا هەر کارایی خۆی لەدەست نەداوە، واتە «مانفێستی کۆمۆنیست».

ئەوەی لێرەدا جێی گرنگی پێدانی ئێمەیە، بەشە تاکتیکییەکەی ئەو پڕۆگرامەیە، ئەو بەشە بەگشتی دەڵێ:

«کۆمۆنیستەکان حزبێکی جیا بەدژی حزبەکانی تری چینی کرێکار پێک ناهێنن»

«ئەوان بەرژەوەندییەکی جیاواز و جیاکراوەیان لە بەرژەوەندی گشتی پرۆلیتاریا نییە»

ئەوان هیچ باوەڕێکی سنکاریستی تایبەت بەخۆیان داناڕێژن تابیکەن بەقاڵب و چوارچێوەیەک بۆ شکڵ پێدانی بزوتنەوەی پرۆلیتاریا»

«کۆمۆنیستەکان تەنها لەمانەی خوارەوەدا لەحزبەکانی تری چینی کرێکار جیاوازن:

1. لەخەباتی میللی پرۆلیتاریای وڵاتە جیاوازەکاندا ئەوان بەرژەوەندی هەموو پرۆلیتاریا، سەربەخۆ لەناسنامە نەتەوەییەکان، پێش دەخەن و دیفاعی لێدەکەن.

2. کاتێک بزوتنەوەی چینی کرێکار بەقۆناغە جۆراوجۆرەکانی گەشەکردندا دژی بـۆرژوازی تێپەڕدەبێ، ئەوان هەمیشە و لە هەموو جێگایەک نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی گشت بزوتنەوەکە دوکەن».

هەروەها کۆمۆنیستەکان، لەلایەکی تـرەوە لەپراکتیکدا پێشڕەوترین و شێلگیرترین بەشی چینی کرێکارانن لە هەر وڵاتێکدا، ئەو بەشەی کە ئەوانی تر بۆ پێشەوە پاڵ پێوەدەنێ، لەلایەکی ترەوە، لەڕووی تیۆرییەوە، پێشڕەوبوونییان لەوەدایە کەئەوان بەڕوونی لە بارودۆخ و هێڵەکانی جووڵانەوەو ئاکامە گشتیی یە باڵاکانی پرۆلیتاریا تێدەگەن. وەسەبارەت بە حزبی ئەڵمانی بەتایبەتی دەڵێ:

لە ئەڵمانیادا کۆمۆنیستەکان شان بەشانی بۆرژوازی دەجەنگن کاتێک بەشێوەیەکی شۆڕشگێڕانە دژی دەسەڵاتی ڕەهای پاشایەتی و دەرەبەگە خانەدانەکان و ووردە بۆرژوازی، دەجووڵێنەوە»

«بەڵام ئەوان بۆ تەنها سائێکیش ئەوە لەبیر نابەنەوە کە دژایەتی و بەربەرەکانێی دوژمنانەی نێوان پرۆلیتاریا و بۆرژوازی بۆ چینی کرێکار ڕوون بکەنەوە.

ئەم کارە بۆ ئەوەیە تا چینی کرێکار لە ئەڵمانیا، وەکو زۆر لە چەکانەی تر دژ بەبۆرژوازی، بتوانێ سوود لەو بارودۆخە کۆمەڵایەتی و سیاسیە وەربگرێت کە بۆرژوازی بەپێی پێویستی دەسەڵات پەیداکردنی خۆی بەدی دەهێنێ و هەروەها بەو مەبەستەیە تا دەم و دەست دوای ڕمان و هەرەسی چینە کۆنەپەرستەکان لە ئلمانیا، خەبات دژی خودی بۆرژوازی دەست پێبکات».

«کۆمرۆنیستەکان، بەشێوەیەکی سەرکی، سەرنجیان لەسەر ئەڵمانیایە، چونکە ئەم وڵاتە لەسەر لێواری شۆڕشێکی بۆرژوازییدایە» ...تاد (مانیفێست بەشی چوارەم).

هیچ پرۆگرامێکی تاکتیکی وەکو ئەمەی سەرەوەی ڕاستی و دروستی خۆی نەسەلماندووە.

لەو کاتەوە تا ئەمڕۆ، هەر کاتێک پارتە کرێکارییەکان لەم پرۆگرامە لایان دابێ، باجی ئەوەیان داوە، بۆیە هێشتا هەر دوای نزیک بە 40 ساڵ، هێڵی ڕێنمایی ئیرادەو هۆشیاری چینایەتی گشت پارتە کرێکارییەکانی ئەوروپایە، هەر لە مەدریدەوە تا دەگاتە سانت پترسپۆرگ.

ڕووداوەکانی شوبات لە پاریس شەڕی چاوەڕوانکراوی لە ئەڵمانیا نزیک کردەوە و گوڕی پێداو خەسڵەتەکانی گۆڕی. بۆرژوازی ئەڵمانی لەجیاتی ئـەوەی بەهێزی خۆی سەرکەوتن بەدەست بهێنێ، شۆڕشی کرێکارانی فەرەنسا تا ئەو دەسەلاتە بەکێش کرد، پێش ئەوەی بەتەواوی بتوانێ دوژمنە دێرینەکانی خۆی وەلابنێ واتە پاشایەتی ڕەها، خاوەن زەوییە فیوداڵەکان، بیرۆکراسیەت و ووردەبـۆرژوا ترسنۆکەکان دەبوو رووبەڕووی دوژمنێکی تر ڕابووەستێ، ئەویش پرۆلیتاریایە. بەڵام کاریگەری دۆخی ئابووری، کە بەبەراوورد لەگەڵ بەریتانیا و فەرەنسادا زۆر لەدواوە

بوو، وەهەروەها بەهۆی ئەو بارە ئابوورییەوە، کاریگەری لەوەدواو بوونی جێگە و شوێنی چینەکە لە ئەڵمانیا، لێرەدا بەڕۆشنی ڕەنگی دایەوە.

بۆرژوازی ئەڵمانی تازە خەریکی بنیاتنانی پیشەسازی گەورە بوو، وەتوانا و ئازایەتی ئەوەی نەبوو تا دەسەڵاتێکی بێ مەرج بۆخۆی لە دەوڵەتدا دابین بکات، هەروەها پێویستییەکی وا کەناچاری بکات ئەم کارە بکات لەئارادا نەبوو، پرۆلیتاریاش کەبەهەمان پلەی یەکسان گەشەی نەکردبوو، لە کۆیلەیەتییەکی زانستیانەی تەواوەوە گەشەیکرد بوو، ڕێکخراو نەبوو، هێشتا ئەو توانایەش نەبوو ڕێکخراوی سەربەخۆی خۆی پێکبهێنێ و تەنها هەستێکی تەم و مژاوی هەبوو بەرامبەر ئەو جیاوازییە قوڵەی کە لەنێوان بەرژەوەندییەکانی خۆی و بۆرژوازیدا هەیە.

هەرچەندە فاکتی هەڕەشەی بەرانبەرکێی چینی کرێکار لەگەڵ بۆرژوازیدا لەجێی خۆی مایەوە، بەڵام لەلایەکی ترەوە ئەو هەر وەکو پاشگرێکی سیاسی مایەوە. بۆرژوازی لەوە نەتۆقی بوو کە پرۆلیتاریا چییە لە ئەڵمانیادا. بەڵکو لەوەی کە دەبێ بەچ هەڕەشەیەک بۆ ئەو چۆنیش پرۆلیتاریای فەرەنسا وای لێهاتووە. لەبەرئەوە بۆرژوازی ڕزگاربوونی گیانی خۆی لەسازشدا، تەنانەت زۆر ترسنۆکانە، لەگەڵ پاشایەتی و خانەدانەکاند دەبینییەوە، لەبەرئەوەی هێشتا پرلیتاریا بەڕۆڵی مێژوویی خۆی و تواناکانی ئاشنا نەبوو، بۆیە بوو بەپاڵنەرێک بۆ بەرەوپێش بردنی باڵی چەپی بۆرژوازی. کرێکارانی ئەڵمانیا دەبوو پێش هەموو شتێک ئەو مافانە بودەست بهێنن کە بۆ ڕێکخراوببوونی سەربەخۆ یان وەک حزبێکی چینەکەیان پێویستییەکی گرنگ بوو: ئازادی چاپەمەنی، ئازادی ڕێکخراوبوون و خۆ ڕێکخستن ئەو مافانەی کە بۆرژوازی لە پێناوی بەرژەوەندییەکانی خۆیدا پێویست بوو خەباتیان بۆ بکات، بەڵام خەریکە ئێستا لەترساندا، تا ئەو شوێنەی پەیوەندی بە کرێکارانەوە هەیە، دەکەوێتە دژایەتیکردنی.

ئەو سەدان ئەندامە لێک دابڕاوەی کۆمەڵەی کۆمۆنیستەکان، لە نێو ئەو ژمارە یەکجار زۆرەی جەماوەردا کە لە پڕێکدا هاتنە ناو بزوتنەوەکەوە وون بوون، بەم شێوەیە پرۆلیتاریای ئەڵمانیا لەسەرەتاوە وەکو پارتێکی دیموکراتی شێلگیر هاتە ناو گۆڕەپانی شیاسییەوە. لەبەرئەمانە کاتێک ڕۆژنامەیەکی گەورەمان لەئەڵمانیادا دامەزراند، بێگومان ئەو ئاڵایەی بەرزمان کردەوە پێناسە کراو بوو، ئەو ئاڵایەی تەنها دەکرا دیموکراسی بێ، بەڵام ئەو دیموکراسییەی لەهەموو خاڵێک و بڕگەیەکدا خەسڵەتە تایبەتەکانی پرۆلیتاریای بەرجەستە دەکردەوە کە هەڵبەت نەدەکرا هەر بەتەنها و بەیەکجار ئەو ئاڵایە بنەخشێنێ.

ئەگەر ئەو کارەمان نەکردایە، ئەگەر نەمان ویستایە بزوتنەوەکە زیاتر لەوەی کە هەیە بەرەوپێش بەرین و وەکو بەرەیەکی پرۆلیتاری ڕاستەقینە هێز و گوڕی بدەینێ، ئەو کات هیچمان بۆنەدەمایەوە تەنها ئەوە نەبێ بچین لە شوێنێکی تەنگەبەردا ئامۆژگاری کۆمۆنیزم بکەین و گروپێکی بچوک بخەینە جێی حزبێکی گەورەی چالاک.

بەڵام ئێمە لەوەوپێش وازمان نەهێنابوو لەوەوی ئامۆژگاری ناو بیابانێک بین، بۆئەوەش پۆتۆپییەکمان (خەیاڵییەکمان) زۆر بەچاکی لێکدابووەوە،لەلایەکی ترەوە پرۆگرامەکەمان جۆرە کارانە دانەنابوو.

کاتێک هاتین بۆ کۆڵن، هەم لەلایەن کۆمۆنیستەکان و هەم لەلایەن دیموکراتخوازانەوە ئامادەکاری کرابوو بۆ دەرکردنی رۆژنامەیەکی گەورە، بەو نیازەی تەنها ڕۆژنامەیەکی تایبەت و محەلی بێت و ئێمە بۆبەرلین دوور بخەنەوە. بەڵام لەماوەی 24 سەعاتدا، بەتایبەتی سوپاس بۆ مارکس، ئێمە بووین بەخاوەن ماڵ و ڕۆژنامەکە بوو بەهی ئێمە، بەو مەرجەی هنریش بۆرگر (HANRICH BURGERS) لەدەستەی نوسەراندا وەربگرین، دواتر ناوبراو تەنها ووتارێکی لە ژمارە(2)دا نوسی و هیچی تر.

ئێمە دەبوو بەدیاریکراوی بچینە کۆلن نەک بەرلین، چونکە یەکەم، کۆلن سەنتەری هەرێمی راین بوو کە شۆڕشی فەرەنسای دیبوو، لەڕێگەی کۆدی ناپلیۆنەوە بەیاسا و رێسای مۆدێرن مووتوربە کرابوو، زۆر زووتر پیشەسازی گەورە و تازەی تیادا دامەزرا بوو، ئەو هەرێمە لەو کاتەدا لەهەموو ڕوویەکەوە پێشکەووتووترین بەشی ئەڵمانیا بوو.

ئێمە بەرلینی ئەو کاتەمان باش دەناسی و بەچاوی خۆمان بینیبوومان: بۆرژوازیەکی تازە لە هێلکە جوقاو، وورده بۆرژوازییەتی داماو و دەستە پاچە، بەگوفتار قسەزل ە بەکرداریش ترسنۆک، چینی کرێکارێک کە هێشتا بەتەواوی گەشەی نەکردووە، بۆرۆکراسییە فراوانەکەی و ئەریستۆکراتەکانی و دزو مامەڵەچییەکانی دادگاکەی، بەخەسڵەتە تەواو ئەمیرانەکەیەوە.

بێئەملاو ئەولا وەزعەکە بەم جۆرەبوو: لەبەرلین یاسای زەوی بێ وێژانی بزووسی باڵادەست بوو وە کێشە سیاسییەکان لەلایەن دادوەری پیشەیی لێزانەوە دادگایی دەرکران، بەڵام لەراین «کۆدی ناپلیۆن» کاری پێدەکرا، کە هیچ دادگاییەکی ڕۆژنامەگەری نەدەزانی، چونکە پێش ئەوە سانسۆری لەسەر دادەنا، ئەگەر یەکێکیش لادانێکی سیاسی نەکردایە بەڵکو هەستایە بەئەنجامدانی تاونێک ئەوە دەچووە بەردەملیژنەی سوێندخۆران (هیئە المحلفین:JURY)، بەڵام لە بەرلین دوای شۆڕشی «شلۆفڵ SCHLOFFIE»، لادانێکی بچوک چەندین ساڵ زیندانیکردنی بەشوێنەوە بوو، بەڵام لەراین ئێمە ئازادییەکی بێ قەیدو شەرتی چاپەمەنیمان هەبوو ئێمەش تا دوا دڵۆپەی بەکارمان هێنا.

بەو جۆرە لە 1ی حوزەیرانی 1848دا بەسەرمایەیەکی زۆر کەمیبەشداربووانەوە دەستمان پێکرد، ژمارەیەکی زۆر کەمی بەشداربووەکان پارەیان داو لەواقعدا خاوەن بەشەکان هیچ جێی متمانە نەبوو. نیوەی ئەوان

لەدوای دەرچوونی ژمارە یەکەوە وازیان لێهێناین و لە کۆتایی هەر ئەو مانگەدا کەس بەدەورمانەوە نەما.

پێکهاتی دەستەی نوسەران بەسادەیی دکتاتۆریەتی ماکس بەرێوەی دەبرد، ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی گەورە، کە دەبوو هەموو ڕۆژێک لەکاتێکی دایاریکراودا دەربچێت، نەدەکرا بەدەستورێکی تر کە ئەو سیاسەتە نەگۆڕە بپارێزێ بچێت بەڕێوە. جگە لەوە دیکتاتۆریەتی مارکس بەسەر ڕۆژنامەکەدا واقعیەتێک بوو کە هەموومان بەڕەزامەندی و ئیرادەی خۆمان قبووڵمان کردبوو. ئەو بڵاوکراوەیە بوو بەناوبانگترین ڕۆژنامەی ئەڵمانی لەسالانی شۆڕشدا. بەرنامەی سیاسی «ڕۆژنامەی ریانی نوێ» لە دوو خاڵی سەرەکی پێکهاتبوو:

کۆماری دیموکراتیکی ئەڵمانیای یەک پارچەو دابەش نەبوو، شەڕ لە دژی روسیا کە گەڕانەوەی پۆڵۆنیای دەگرتەوە.

لەو کاتەدا ووردەبـــۆرژوا دیموکرات خـوازەکـان ببون بە دوو بەشەوە: ئەڵمانیای بنکور کە ئامادەی لکان بوو بەئیمپراتۆریەتی بروسیای دیموکراتییەوە، ئەڵمانیای باشور، بەتایبەتی لەگەڵ ئەویشدا «بادن»، کە دەیویست ئەڵمانیا بکات بەکۆمارێکی فیدراڵی لە چەشنی مۆدێلی سویسری. ئێمە دەبوو شەڕ لەگەڵ هەردووکیان بکەین. بەرژەوەندی پرۆ لیتاریا لەوەدا بوو دژی بەبروسی کردنی ئەڵمانیا و هەروەها دابەشکردنی بێ بەسەر دەوڵەتۆکەی بچوک بچوکدا. ئەم بەرژەوەندیانە وایدەخواست کەیەکگرتوویی ئەڵمانیا لەقەوارەی یەک نەتەودا پێناسە بکرێ، هەر ئەمە دەبوو بەبنەمایەک بۆ ئەوەی پرۆلیتاریا و بۆرژوازی کۆسپە بچوکەکانی نێو گۆڕەپانی بەرانبەرکێیان پاک بکەنەوە و لەوێدا هێزی خۆیان بەرامبەر یەک تاقی بکەنەوە. بەڵام هەردوو ئو پرۆژەیە دژی ڕۆڵی سەرکردایەتی دووبارەی

بروسیا بوون. دەوڵەتی بروسیاش و هەموو ڕژێمەکەی، تەقالیدەکان و خێزانە پاشایەتییەکەی بەدیاریکراوی گیانی ئەو دوژمنە ناوخۆییە ئاقانەیە بوو کە دەبوو شۆڕشی ئەڵمانیا لەناوبەرێ: لەمەش زیاتر بروسیا تەنها ئەو کاتە دەیتوانی ئەڵمانیا یەکبخات کە بەش بەشیبکات و ئەڵمانیای نەمسای لێدەربکات.

ڕەتکردنەوەی بروسیا و بەشکردنی دەوڵەتی نەمسا، یەکخستنی ئەڵمانیا وەک کۆمارێک بەشێوەیەکی راستەقینە ئێمە نەماندەتوانی لەم بەرنامە شۆڕشگێڕانە خێرایە زیاتر شتێکی ترمان هەبێ. ئەمەش کاتێک پێی دەگەیشتین کە شەڕ لەگەڵ رووسیادا بکەین، ئەو شەڕە تەنها رێگامان بوو، دواتر دێمەوە سەر باسی ئەم خاڵەی دوایی.

بەنیسیبەت شتەکانی ترەوە، زمانی ڕۆژنامەکە بێ ئەملاو ئەولا زمانێکی جدی و تووند و حەماسی بوو. هەموو بەرانبەر و نەیارەکانی ئێمە قێزەوون بوون ئێمەش زۆربەیانمان بەقێزەوە مامەڵەکرد.

پاشایەتی تەڵەکە باز، دەستەی ڕاوێژکار، خانەدانەکان، کروزتونەکان (KREUZZEITUNG)، گشت بەرەی کۆنەپەرستی)) کە خەڵکی سادە لێیان بێزاربوون ئێمە بەگاڵتەجاڕی و پێ ڕابواردنەوە مامەڵەمان کردن.

هەروەها ئەو بتانە کە لەشانۆی شۆڕشدا تازە دەرکەوتبوون لەوانە کەمتریان پێنەکرا واتە: وەزیرەکانی ئازار، ئەنجومەنی یاسا دانانی فرانکفۆرت و بەرلین بەباڵی ڕاست و چەپی نێویانەوە.

هەر یەکەمین ژمارە بەوتارێک دەستی پێکرد کە گاڵتەی بەبێ گیانی و بێ مانایی پەرلەمانی فرانکفۆرت کرد، گاڵتەی دەهات بەووتە درێژە پووچەکانی و بەزیادەڕەوی ترسنۆکانەی لەبڕیاردانەدا. بەهۆی ئەم نوسینەوە نیوەی خاوەن بەشەکان وازیان لێهێنایین. پەرلەمانی فرانکفۆرت

تەنانەت یانەیەکی دیالۆگ و قسە و باسیش نەبوو، زۆر بەزەحمەت دیالۆگی تیادا دەکرا، بەڵام زۆرجار نووسراوی ئەکادیمی ئامادەکراو دەخایە بەردەست و چەند بڕیارێک دەدرا ئەویش بەمەبەستی هاندانی خەڵکی سادەی ئەڵمانیا بەڵام هاوکات سەرنجی هیچ کەسی تری ڕانەدەکێشا.

ئەنجومەنی یاسادانی بەرلین گرنگییەکی زیاتری هەبوو: ڕووبەڕووی هێزە ڕاستەقینەکان دەبـووەوە، قسەوباس و بڕیاردانی بەهەوادا بڵاونەکردەوە وەکو ئەوەی فرانکفۆرت کە لەسەروو هەورەکانەوە دەکرا. لە ئەنجامدا بەووردەکاری زیاترەوە مامەڵەی ئەو بڕیارانە دەکرا. بەڵام لەوێش بنەکانی چەپ، شولز - دیلیش (schulze–deliutzsh)، بهریندز (behrends)، ئیلسنەر (elsner)، دەخرانە خیانەتکارییەوە لە شۆڕش.

بیگومان ئەمەش ڕاڕایی و دوو دڵی لەڕیزەکانی ووردەبۆرژوا دیموکراتخوازەکاندا کە تازە ئەم بنانەیان بۆ بەکارهێنانی خریان پێکەوە نابوو، دروست دەکرد. بەلای ئێمەوە ئەو دوودڵی و ڕاڕاییە نیشانەیەک بوو بۆ ئەوەی کە چاوی گاکەمان پێکاوە.

هەروەها ئێمە بەهەمان شێوە دژی ئەو خەیاڵ و خۆشباوەرییە ڕاوەستاین کە ووردەبۆرژوازی بڵاویدەکردەوە گوایە شۆڕش لەڕۆژەکانی ئازارەوە کۆتایی هات و ئێستا ئیتر کاتی چنینەوەی بەروبوومەکەیەتی. بـەلای ئێمەوە شوبات و ئـازار تەنها ئەوکاتە گرنگییەکی شۆڕشی ڕاستەقینەیان هەبوو کە ئەگەر ئەنجام نەبوونایە، بەڵکو بەپێچەوانەوە خاڵی دەستپێکردنی بزوتنەوەیەکی شۆڕگێڕانە هەبوو کەتیایدا، هەروەکو شۆڕشی مەزنی فەرەنسا، خەڵک خەباتی خۆیان زیاتر بەرو پێش بردایە. حزبەکانیش زیاتر و زیاتر لێک جیابوونایەتەوە تا ئەوکاتەی بەچینە

سەرەکییەکانی، بۆرژوازی و وودرەبۆرژوازی و پرۆلیتاریا، دەناسرانەوە، هەروەها تیایدا سەنگەری جیاجیا یەک لەدوای یەک دوای زنجیرەیەک شەڕ و خەباتی بەدەست بهاتایە.

هەروەها ئێمە هەمیشە و لە هەموو جێگایەک دژایەتی ووردەبۆرژوا دیموکراتی خوازەکانمان دەکرد ئەوکاتەی دەیانویست خۆیان لادەن لەناکۆکی بەرژەوەندی چینەکەیان لەگەڵ پرۆلیتاریادا و بەم ڕستەیە بیرازێنەوە کە دەیانووت: سەرەنجام ئێمە هەموو یەک شتمان دەوێ، هەموو جیاوازییەکان کە دەمێنێتەوە تەنها ئەنجامی لێکنەگەیشتنە.

بەڵام تا کەمتر ڕێگەمان بەوورده بۆرژوازی بدایە لە دیموکراسیە پرۆلیتارياییەکەمان خراپ تێ بگات، ئەو زیاتر بەلاماندا دەهات و مەیلی زیاتر دەبوو. هەتا توندتر و پەیگیرتر دژایەتی بکردایە، ئەو بەئامادەییەکی زیاترەوە بۆ پارتی کرێکاران ملکەچ دەبوو. ئێمە گەیشتینە ئەمەو باوەڕ و قەناعەتمان پێی هەبوو.

سەرەنجام ئێمە گێلێتی (هەروەک مارکس پێیوتن) پەرلەمانتارەکان ئەنجومەنە نیشتمانییە جۆراوجۆرەکانمان میشاندا. ئەم پیاو ماقووڵانە ڕێگەیاندا تا هەموو دەسەڵاتێک لەدەستیان بخلیسکێ و خۆبەخشانە دایانە دەست حکومەتەکان. لەبەرلین، هەروەها لە فرانکفۆرت، لەتەنیشت حکومەتی هێزە کۆنەپەرستەکانەوە ئەنجومەنی بێ دەسەڵات هەبوو کە پێیان وابوو بڕیارە گرنگەکانی ئەوان دنیا لە بنچینەوە دەلەرزێنێ. ئەم گێلێتی و خۆفریودانە لەناو شسلگیرترین چەپیشدا رەواجی هەبوو. ئێمە زۆر بەڕوونی پێمان ووتن سەرکەوتنە پەرلەمانییەکانیان هاوکاتە لەگەڵ شکسی ڕاستەقینەیاندا.

ئەوەبوو لەبەرلین و فرانکفۆرت ئەمە ڕوویدا. کاتێک «چەپەکان» زۆرینەیان بەدەست هێنا، حکومەت ئەوانەی ئەنجومەنەکانی بڵاوەپێکرد. ئەو

کارەش سەری گرت چونکە ئەنجومەنەکان هەموو متمانەیەکیان لەناو خەڵکدا لەدەست دابوو.

دواتر کە کتێبی «ماراث»ی بۆگارث (bougeart)م خوێندەوە بۆم دەرکەوث کە ئێمە لەزۆر ڕووەوە بەبێ ئەوەی بزانین لاسایی ئەو نموونە بەرزەی ئەومان کردوەتەوە لەدەرخستنی ڕاستییەکاندا.

واتە کتێبی ماراث (دۆستی خەڵک)، (نەک نموونەی داسەپاوی پاشایەتی خوازەکانی) هەروەها هەموو ئەو تووڕەبوونانە لە مێژوو وە هەموو ئەو شێواندن و تەزویرکرنەی بەدرێژای یەک سەدە نموونەیەکی شێواوی ماراث دەداث بەدەستەوە، تەنها لەبەرئەوەیە کە ماراث بێبەزەییانە پەردەی لەسەر هەموو بتەکانی ئەو کاتە لابردووە، وەک لافیاث (lafaijette) و بەیلی (bailly)و ئەوانی تر، ڕووی ڕاستەقینەی ئەوانی وەک خیانەتکارانی شۆڕش دەرخستووە، هەروەها ئەویش وەک ئێمە نەیدەویسث کاری شۆڕ تەواو بووبێ، بەڵکو هەمیشە لەبەردەوامی و هەڵکشاندا بێ.

ئێمە بەڕشکاوی ڕامان گەیاند کە ئەندامانی ئەو ڕەوتـەی ئێمە نوێنەرایەتیمان دەکرد تەنها کاتێ دەتوانن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی حزبەکەمان تێبکۆشن کە حزبە ڕەسمییەکانی ناو ئەڵمانیا سوکان بگرنەدەسث، ئەوکاث ئێمەش لەبەرامبەریدا ئۆپۆزسیۆنێکمان پێکدەهێنا.

ڕووداوەکـان دەریـان خسث کە ئێمە هاوکاث لەگەڵ گاڵتەکردن بەنەیارەکانمان لە ئەڵمانیادا، تووڕەییەکی گەورە لەلای ئێمەوە سەریهەڵدا.

شۆڕشی کرێکارانی پاریس لە حوزەیرانی 1848دا ئێمەی خستە جێگای شیاوی خۆمان. هەر لەگەڵ یەکەم تەقەدا ئێمە بێ قەید و شەرث چوین بەرەی شۆڕشگێڕانەوە.دوای شکستیشیان مارکس لە یەکێک لە ووتارە هەرە بەهێزەکانیدا سەرکەوتنی ئەوانی پیرۆز ڕاگرث.

ئەوکاتـ ئەو خاوەن بەشانەی مابوونەوە لەگەڵمان بەجێیانهێشتین، بەڵام ئێمە لەوەدا بەختەوەربووین کە تاکە ڕۆژنامەیەک بووین لە ئەڵمانیادا، هەروەها لە زۆربەی ئەوروپاشدا، کە ئاڵای سەرکەوتنی پرۆلیتاریارمان شەکاوە ڕاگرتـ، لەکاتێکدا کە بۆرژواکان و وردەبۆرژواکانی هەموو وڵاتان سەرتاپایان هێرش و قسە هەڵبەستن بوو بەرامبەری.

سیاسەتی دەرەوەمـان سادەبوو: لەجێی هەموو خەڵکی شۆڕشگێڕ بێینە مەیدان و بانگهێشتی شەڕێکی سەرتاسەری ئەوروپای شۆڕشگێڕ لە دژی روسیا بکەین کە پارێزەری کۆنەپەرستی بوو لە ئەوروپادا.

لە 24ی شوباتـ بەدواوە بەڕۆشنی تێگەیشتین کە شۆڕش یەک دوژمنی بەهێز و ترسناکی هەیە ئەویش ڕوسایە، تا جووڵانەوەکە زیاتر مەودای ئەوروپا بەخۆوە بگرێ ئەم دوژمنە ناچاردەبێ بێتە مەیدانی بەرامبەرکێوە.

ڕووداوەکانی ڤیەنا، میلان و بەرلین پەلاماردانی روسیای دواخستـ، بەڵام دوا ئاکامەکانی زیاتر ئەوەی مسۆگەر کرد کە شۆڕش دەگاتە ڕوسیا.

بەڵام ئەگەر یەکێک بیتوانیایە ئەڵمانیا ناچاربکاتـ شەڕ دژی ر وسیا ڕابگەیەنێ ئەوکاتـ لەگەڵ هایسبرگ (hasburgs) و هۆنزولیرن (honzollerns) شۆڕش لەهەموو سەنگەرەکاندا سەرکەوتنی بەدەستـ دەهێنا.

ئەم سیاسەتە لەهەموو ژمارەکاندا ڕەنگیدایەوە تا ئەوکاتەی ڕوسیا پەلاماری هەنگاریای دا، کە پێشبینییەکانی ئێمەی سەلماند و چاەنووسی شکستـ خواردووی شۆڕشی دیاریکرد.

کاتێک لە بەهاری 1849دا، شەڕی یەکجارەکی نزیک بۆوە، زمانی بڵاوکراوەکە لەگەڵ هەر ژمارەیەکیدا تووندو تیژتر دەبوو. ویلهام وولف جوتیارەکانی سیلیسای (Silesian) لە میلیاردی سیلیسادا (milliard Silesian) (لە هەشتـ ووتاردا) بیرهێنایەوە کە چۆن فێڵیان لێکراوە لەلایەن خاوەن

موڵکە فیوداڵەکانەوەو بەیارمەتی حکومەت پارەو موڵکیان لێدزراوە و داوای تەعویزی هەشت ملیۆن تالیری (talers)کرد.

لە هەمانکاتدا، لەنیساندا، وتارەکەی مارکس (کاری کرێگرتەو سەرمایە) وەک زنجیرەیەک لە سەرووتار بڵاوکراوەیەوە و ئاماژەو هێمایەکی گرنگ بوو بۆ ئامانجی کۆمەلایەتی سیاسەتەکانمان. هەر ژمارەیەکی تایبەت، ئاماژەی بۆ ئەو شەڕە گەورەیە دەکرد کە بەڕێوەبوو، پەنجەی دەخستە سەر توووندبوونەوەی دژایەتییەکان لە فەرەنسا، ئیتالیا، ئەڵمانیاو هەنگاریا. بەتایبەتی، ژمارە تایبەتەکانی نیسان و ئایار خەڵکی بانگەواز دەکرد تاکو خۆیان بۆ ئاکسیۆنی ڕاستەوخۆ ئامادەبکەن.

لەدەرەوە و لە هەموو (ڕاین)دا خەڵکی سەیر بوو، کە ئێمە زۆر بێباکانە لەناو سەزنگەرێکی قایم و پلەیەکی بروسیادا لەبەرامبەر پاسەوانەکان و 8 هەزار سەربازدا چالاکی دەکەین، بەڵام بەحساب کردنی هەشت تفەنگ بەسەرەنێزەو 250 فیشەکی ئامادە لە ژووری دەستەی نوسەراندا، بەلەبەرچاوگرتنی کڵاوە سوورەکانی پیت چینەکاندا، خانووەکەی ئێمەش وەک قەڵایەک تەماشا دەکرا، کە بەلای ئەفسەرەکانەوە بەئاسانی قابیلی تێکشکان نەبوو.

سەرەنجام لە 18ی ئایاری 1849دا تەقینەوە ڕوویـدا، شۆڕش لە درسدن (Dresden) و ئیلبەرفیلْد (elberfeld) سەرکوتکرا، لەئایزەرلون (Iserlohn) گەمارۆدرا، هەرێمی راین و یستفالیا (westphalia) پرچەککران و خرانە حاڵەتی ئامادەباشییەوە تا لە دوای پەلاماردانی ڕاینی بروسیا، لەدژی قالاتینات (palatinate) و بادن (baden) بکەونەڕێ. دوای ئەمانە حکومەت کەوتە داخستنی شەقامەکان لێمان. نیوەی دەستەی نوسەران دادگاییکران و نیوەکەی تریان بەبیانووی ئەوەی غیرە بروسین، بۆ دیپۆرتکردن و دەرکردن

ئامادەدەکران. لەبەرامبەر ئەمانەدا هیچ کارێک لەدەست نەدەهات، چونکە سوپایەکی گەورە لەپشت حکومەتەوە بوو. دەبوایە قەڵاکەمان بدەین بەدەستەوە. بەڵام ئێمە بەسەروو ماڵەوە پاشەکشەمان کرد، بەمارش و ئاڵای بەرزی سوورەوە، بەئاڵای دوا ژمارە، کە ژمارەیکی پیت سوور بوو، ئیایدا کرێکارانی کۆلۆنمان ئاگادار کردەوە دژ بەکۆدەتا بێ هیواکان و پێمان وتن:

«کاتێک کە دەڕۆیـن، نوسورانی ڕۆژنامەی ڕینانی نوێ سوپاسی هاوسۆزی و لایەنگری نیشاندانی ئێوە دەکەن. دوا ووتەمان هەمیشە و لە هەموو جێگایەک هەر ئەمەیە «ڕزگاری چینی کرێکار!»».

بەم شێوەیە ڕۆژنامەی ڕینانی نوێ کۆتایی بەماوەیەکی کورت هات، پێش ئەوەی ساڵی یەکەمی تەواو بکات، هەر چەند تەقریبەن بەبێ سەرچاوەیەکی مالی جەستی پێکرد و ئەو گفتانەی پێی درابوو هەر زوو لەدەستیدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەمانگی ئەیلولدا 5 هەزار دانەی لێ بڵاودەبوەوە.

حکومەتی کۆلۆن ماوەیەک ڕایگرت، لە ناوەڕاستی مانگی تشرنی یەکەمدا دەبوو لەسەرەتاوە تێهەڵچینەوە، بەڵام لە ئایاری 1849دا کاتێک سەرکوت کرا، نزیکەی 6 هەزار بەشداربوونی هەبوو. لە کاتێکدا ڕۆژنامەی کۆلۆن بەپێی قسەی خۆشیان لە 9 هەزار زیاتری نەبوو. هیچ ڕژنامەیەکی ئەڵمانی پێش ئەوەو تا ئێستاش ئەو هێز و کاریگەرییەی نەبووەو نەیتوانیوە پرۆلیتاریا بەو ڕادەیە جۆش بدات کە ڕژنامەی ڕینانی نوێ کردی.

کاتێک پیلانەکە تەواو بوو، دەستەی نوسەران پەرت و بڵاوببونەوە، مارکس چووە پاریس کاتێک لەحاڵی خۆئامادەکردندا بوو لەوێ، 13ی حوزەیرانی 1849 ڕوویدا، «ویلهلم ولف» کورسییەکی پەرلەمانی فرنکفۆرتی بەدەست هێنا، ئەمەش لەکاتێکدابوو کە پەرلەمان دەبوو لە نێوان پەرتەوازەبوون

لەسەرەوە و پەیوەست بوونی بەشۆڕشەوە یەکێکیان هەڵبژێرێ. منیش چووم بۆ باتینانث و بووم بەیاریدەرێک لە دەستەی خۆبەخشانی ڤیلیچدا (willich).

**پەراوێزەکان**

1. ((ڕۆژنـامـەی ریـنانی نوێ -زمـان حاڵی دیموکراسی (NEW ((RHEIISCHE، ZETUNG ORGAN DER DEMOCRATIE ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەبوو لەیەکی حوزەیرانی 1848، بەسەرنوسەری مارکس، تا 19ی ئایاری 1849ی خایەند. دەقی ئەم وتارە لەزمانی ئینگلیزییەوە بۆ کوردی وەرگێڕدراوە و بۆ یەکەم جار لەپەیامی کۆمۆنیزمی ژمارە(29–30) دا بڵاوکرایەوە.

2. لە زۆرانبازی گادا کەلە ئیسپانیا باوە دواتر لە چاوی گا دەدرێ وەکو نئشانەی سەرکەوتن لەو زۆرانبازییەدا (وەرگێڕ).

# وتوویژ لەگەڵ مێژوو

## گفتوو گۆیەک لەگەڵ کارل مارکس

لەفارسیەوە: یونس. م

له ماڵێکی چکۆلەی گەڕەکی « هاوار ستوک هێل « هەڵکەوتو لە باکوری رۆژ ئاوای لەندەن، کارل مارکس دانەری سوسیالیزمی مودێرن، ژیان بە سەر دەبـات. ناوبراو ساڵی 1844 بە هۆی تەبلیغی تێئورییە شۆڕشگێڕانەکانی لە زێدی خۆی _ ئاڵمان _ تەبعید کرا. لە ساڵی 1848 دا گەڕاوە بو ئاڵمان، بەڵام دوای چەند مانگ دیسانەوە تەبعید کراوە. لە پاریس نیشتەجێ بوو، بەڵام بونی تێئوریە شۆڕشگێرانەکانی بووە هۆی ئەوەی کە ساڵی 1849 دا لەو شارە دورخرێتەوە. لەو ساڵە بەدواوە دەفتەری ناوەندی ئەو لە لەندەن کرایەوە. پابەندبون و سوربون لەسەر باوەڕەکانی لەهەمان سەرەتاوە سەرئیشەی زۆری بۆ بەدواوە بوو. لە رواڵەتی ماڵەکەی را دەردەکەوێ کە بێشک ئەو بیرو باوەڕەی ئاسودەیی بۆ ئەو بەدواوە نەبووە. بێشک لەماوەی ئەو ساڵانەدا ئەو زیادە لەحەد خۆی ناوەتە پێناو روانگەکانی (کە بێ گومان لەباوەڕی قوڵی بەوانەوە سەرچاوە دەگرێ) و هەر چەند ئێمە بانگەشەی ئەوان بەبێبایەخ لەقەڵەم بدەین، بەڵام ناتوانین بۆ کەسێک کە ئیستا تاراوگەیەکی مەزنە و خۆی ناوەتە پێناو بیروباوەڕەکەی رێز دانەنێین.

هەواڵنێر دوو سێ جار منی بۆ لای ئەو برد و هەر جارەش کە چاوم بە دکتۆر دەکەوت، کتێبێک بە دەستێکیەوە و بە دەستەکەی تریشی سیگاری دەکێشا، ناوبراو دەبێ زیاتر لە 70 ساڵی تەمەن بێت (مارکس

لەو سەردەمەدا 60 ساڵی تەمەن بوو ) کەتەیەکی قەڵەو بوو. ئەو یەکە روناکبیر و وێنەی جولەکەیەکی بیرمەند بوو. سەرو ریشی درێژ و بۆرە رەنگی چاوەکانی لە ژێر برۆ پڕەکانی دا لە رەشی دەدا. لە بەرامبەر کەسێکی نەناسیاو دا زۆر ئاگای لە خۆیەتی. بە گشتی کەسی بیانی دەتوانێ موجەویزی دیتنی وەرگرێ، بەڵام « هێلێن دمورث « ژنیکی ئاڵمانی کە پێ سپێردراوە چاوپێکەوتنەکانی بۆ رێک بخا، دەستوری پێ دراوە کە ئیزنی چاوپێکەوتن لە گەڵ مارکس بە کەس نەداث مەگەر ئەو کەسەی کە ناسنامە بێنێ. کاتێک پێ دەنێینە کتێبخانەکەی، ئەو عەینەکە یەک چاویەکەی لە بەر چاو دادەنێ تاکو ئاستی روناکبیریتان هەڵ بسەنگێنی و دوای ئەوە قسە بکاث. دوایی ئەمەیە کە لە بەرامبەر ئێوەدا زانستی ئەو پیاوە دەر دەکەوێ.

دەنگی قسە کردنی یەک ریتم نیە، بەڵکو بە قەد ژمارەی رەفەی کتێبخانەکەی ئاڵوگۆڕی بە سەردا دێث.

بەشێوەی باو دەتوانی کەسێک لە رێگای ئەو کتێبانەی کە دەیانخوێنێتەوە بناسی و کاتێک کە بڵێم من لە کتێبخانەی ئەو پیاوەدا بەرهەمی شکسپیەر، دیکێنر، مولێر، بیکن، گوتە، پین، کتێبی ئینگلیستانی، ئامریکا، فەرانسە، بەرهەمی سیاسی ــ فەلسەفی روسیە، ئالمان، ئیسپانیا، ئیتالیا و... دیث، ئێوە خۆتان دەتوانن سەبارەث بەم پیاوە بە ئاکام بگەن. لە ماوەی قسەکردنم لە گەل ئەو لە پرسیار گەلێکی پەیوەندی دار بە ئامریکا و زانیاری ئەو سەبارەث بەو وڵاتە، کە لە ماوەی 20 ساڵی رابردودا جێگاو و شوێنێکی تایبەتیان هەبو، سەرم سوڕما. زانیاری ئەو سەبارەث بە روداوەکانی ئامریکا و سەرەنجدانی ئەو کە هاوکاث بوو لە گەڵ رەخنە گرتن لە یاسادانانی ئەیالاتی و نەتەوەیی، بە توندی خستیمێ ژێر کاریگەرییەوە، بە جورێک کە هەستم کرد دەبێ ئەو زانیاریەکانی لە سەرچاوەگەلێکی

نێوخۆییەوە وەدەست هێنابی، بەڵام بە راستی زانیاری ئەو بە تەنیا نەدەبەسرایەوە بە ئامریکا، بەڵکو سەرتاسەری ئوروپای دەگرتەوە.

کاتێک قسە لەسەر قاڵبیەکەی ــ سوسیالیزم ــ دەکرێ، ئەو ناکەوێتە سەر خەیاڵە ملودراماتیکەکان کە زۆر جار دەیدەنە پاڵی، بەڵام سەبارەت بە گەڵاڵە خەیالێییەکانی خۆی کە « رزگاری رەگەزی مروڤ « ە بە هۆگری و سوربونێکی تایبەتییە وە ( کە دەرخەری واقیع گەرایی تێئورییەکانی ئەوە، ئەگەر لەو سەدەیەش دا نەبێ، لانی کەم لە سەدەی داهاتو دایە ) درێژە دەدات.

رەنگە، دوکتۆر کارل مارکس لە ئامریکا وەک نوسەری « کاپیتال « و بونیات نەری « کۆمەڵی نێونەتەوەیی» بناسرێتەوە. لەو وتو وێژەدا، ئێوە دەبینن کە ئەو لەو کۆمەڵگایەی ئیستا دەدوێ.

تا کاتێک کە دیدارەکەم لە گەڵ کارل مارکس دەستپێکرد خۆم سەر قاڵی خوێندنەوەی « پلێت فۆرم « راپرتی رەسمی « بانکرانت دیویس « لە ساڵی 1877 دا کرد، کە بە بڕوای من ئاشکراترین و تەواوترین بەیانی سوسیالیستییە کە دیومە. مارکس وتی: ئەوەم لە راپۆرتی کۆبونەوەی سوسیالیستەکانی گوتەی ئاڵمان لە سالی 1875 وەدەست هێناوە. بە وتەی ناوبراو وەرگێڕانی ئەم راپورتە هەڵەی تێدا بووە و ئەو هەڵەکانی لێ راست کردۆتەوە کە هەڵەچن کراوی ئەم دەقە بەمجۆرەیە :

1- مافی دەنگ دانی راستەوخۆ، نهێنی و جیهانی بۆ تەواوی پیاوانی سەروی 20 ساڵ بۆ تەوواوی هەڵبژاردنەکان لە شارەوانی و دەوڵەت دا.

2- یاسا دانانی راستەوخۆ لە لایەن خەڵکەوە، شەر و ئاشتی بە دەنگی راستەوخۆی خەڵک.

3 -هەڵوەشانەوەی ئەرتەشی پاشەکەوت

4-هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم یاساو ڕێساکانی تایبەت بە پەیوەندی یاساکانی چاپەمەنی و کۆبونەوەی گشتی.

5-دەرمانی جیهانی

6-بارهێنانی بە خۆرایی و گشتی، ئازادی زانست و مەزهەب.

7-سڕینەوەی سەرجەم ماڵیاتە ناراستەوخۆکان. خەرجی دەوڵەت و شارەوانی لە ڕێگای ماڵیات بە نیسبەت ئاستی داهاتی ڕاستەوخۆ و پێشکەوتو دابین بکرێ.

8-ئازادی کاری هاوبەش لە نێو چینە کرێکاریەکاندا.

9-ناساندنی ڕۆژی یاسای کار. کەم کردنەوەی کاری ژنان و نەهێشتنی کاری منالان.

10-یاسا تەندروستییەکان بۆ پشتگیری لە ژیان و تەندروستی کرێکاران.

11-ڕێ و شوێنی شیاو بە سەرەنج دان بە کار کردن لە زیندان دا.

لە ڕاپۆرتی « بانکرافت دیویس « دا مادەی دەوازدەهەم کە بە بڕوای من گرینگترین بەشی ئەوە هاتووە :

یارمەتییە دەوڵەتی و ئیعتیبارییەکان بۆ کۆمەڵگاکانی پیشە سازی بە هەڵوێستی دیموکراتیکەوە.

لە دوکتۆر کارل مارکسم پرسی کە بۆ چی ئەو مادەیەی دەرهاویشتووە و ئەو وەڵامی دایەوە :

کاتێک کە لە ساڵی 1875 دا یەکێتی لە گوتە پێکهات، لە نێو سوسیال دیموکراتەکان دا دوبەرەکایەتی لە ئارادا بوو. بەرەیەکیان لایەنگری « لازالە « بوون و بەرەکەی دیکەش بە گشتی گەلاڵەی ڕێکخراوی « نێو نەتەوەییان « لا پەسەند بوو، نێوی حیزبی « ئایزانخ « یان لە سەر نان.

مادەی دەوازدەهـەم لە « پلێث فورم « دا نەبو، بەڵام لە لایەن پاوانخوازەکان و لایەنگرانی « لازالە « لە پێشەکی دا گونجێندرا. دوای ئەو هیچ کاث قسەی لە سەر نەکرا. ئاغای دەیویس نالی کە ئەوە وەک بەرژەووەندیەک کە بایەخێکی ثایبەثیشی نەبو لە گەڵاڵەکەدا گونجاندووە، بەڵام ئەوەی وەک یەکێک لە گرینگثرین بنەماکانی گەڵاڵەکە گونجاند.

من پرسیم، بەڵام سوسیالیستەکان بە گشثی راگواستثی کەرەسەکانی کار بۆ خاوەنداریەثی گشثی کۆمەڵگا وەک ئەو پەڕی بزوثنەوە چاو لێدەکەن؟

بەڵێ، ئیمە دەڵێن کە ئەمە ئاکامی بزوثنەوە دەبـێ، بەڵام ئەوە هەڵدەگەڕێنەوە سەر کاث، بارهێنان و ئەو ناوەندانەی پلە و پایەی کۆمەڵایەثی باڵایان هەیە.

من وەبیرم هێنایەوە کە ئەم « پلێث فورمە « ثەنیا بو ئاڵمان و یەک دوو وڵاثی ثر کارایی هەیە.

ئەو وەڵامی داوە : ئەها ! ئەگەر ئێوە بە ئاکامی لێکدانەوەکەی خۆثان شثێک جیا لەوە وەردەگرن، دەکەوایە ( دەبێ بڵێم ) ئێوە شثێک لە هەڵسوڕانی حیزبی نازانن

زۆرێک لەم مادانە لە دەرەوەی ئاڵمان بایەخیان نیە. ئیسپانیا، روسیە، ئینگلیسثان و ئامریکا « پلێث فورم « یان هەیە و پلێث فۆرمەکەیان گونجاو لە گەڵ گیروگرفثی خۆیانە، ثەنیا خاڵی هاوبەشی نێوان ئەوان، ئامانجێکە کە دەبێ وەدەسثی بێنن، ئەویش دەسەڵاثداریەثی کرێکارە. ئەوە رزگاری کرێکارە.

ئایا سوسیالیسثە کانی ئوروپا وەک بزوثنەوەیەکی زۆر شێلگیر دەڕواننە بزوثنەوەی ئامریکا ؟

بەڵێ، ئەمە کاردانەوەی سروشثی گەشەی وڵاثە. دەوثرێ کە ئەم بزوثنەوەیە لە رێگای نا ئامریکایەکانەوە دزەی کردۆثە ئەم وڵاثە.

50 ساڵ لەمەبەر کاتێک کە بزوتنەوە کرێکاریەکان لە ئینگلستان سەرکەوتنیان مسۆگەر نەکرد، هەر ئەو شتانە دەوتران و ئەوە زۆر پێشتر لەوە بو کە قسە لە سوسیالیزم بکرێ. سالی 1857 لە ئامریکا تەنیا بزوتنەوەی کرێکاری دەکەوێتە بەر چاو. سەرەتا رێکخراوە تیجاریەکان پەرەیان گرت، دوای ئەو کۆبونەوە تیجاریەکان پێکهاتن کە لە واندا کرێکارانی پیشە سازی جۆراوجۆر یەکیان گرت و دواتریش رێکخراوەکانی کاری نەتەوەیی پێکهاتن. ئەگەر ئێوە رەوتی ئەم بـەرەوە پێش چونە تاوتوێ بکەن، دەبینن کە سوسیالیزم لەو وڵاتەدا بە بێ یارمەتی نا ئامریکاییەکان هاتە ئاراوە و لە بنەرەت دا هۆکارەکەی تەمەرکوزی سەرمایە و پەیوەندی لە ئاڵوگۆر هاتوی نێوان کرێکاران و خاوەن کاران بووە.

**پرسیم ئەگەر وایە سوسیالیزم تا ئیستا چ کارێکی کردووە ؟**

وەڵامی داوە : دوو شت سۆسیالیستەکان. بزوتنەوەی جیهانی نێوان کار و سەرمایە و لە وشەیەکدا جیاکردنەوەی جیهانی دەردەخەن و دواتریش هەوڵیان داوە کە لە نێوان کرێکارانی وڵاتە جۆراوجۆرەکان تێگەیشتنێک پێکبێنن کە ئەم کـارە هاوکات لە گەڵ ئـەوەی کە سەرمایەداران بۆ دامەزراندنی هێزی کاری جیهانی تر دەجوڵێنەوە و لە هێزە خارجیەکان لە دژی کرێکارانی خۆجیی نە تەنیا لە ئامریکا بەڵکو لە ئینگلستان، فەڕەنسا و ئاڵمان کەڵک وەر دەگرن، زۆر پێویستـ خۆ دەردەخا، پەیوەندی نێونەتەوەیی کە سەردەمانێک لە نێوان کرێکارانی سێ وڵاتی جۆراوجۆر پێکهات نیشانی دا کە بنەڕەتەن سوسیالیزم گرفتێکی ناوچەیی نییە بەڵکو مەسەلەیەکی نێو نەتەوەییە کە لە رێگای هەڵسو کەوتەکانی نێو نەتەوەیی کرێکارانەوە چارەسەر دەکرێ. چینی کرێکار هاوکات بەرەو پێش دەچێ، بێ ئەوەی کە بزانێ ئاکامی ئەم بزوتنەوەیە چ شتێک دەبێ. سوسیالیستەکان داهێنەری ئەم

بزوتنەوەیە نین، بەڵکو ئەساسەن بە کرێکاران دەڵێن تایبەتمەندی بزوتنەوە چییە و ئاکامەکەی چ دەبێ.؟

من قسەکەیم پێ بڕی و پرسیم کە بە مانای هەڵوەشانەوەی ئەو نیزامەی ئیستا کۆمەڵایەتی دەبێ ؟

ئەو درێژەی پێ دا : ئیمە دەڵێین ئەم نیزامەی زەوی و سەرمایە لە دەستی خاوەن کاران لە لایەک و هێزی کار لە دەست کرێکاران دا بۆ فروشتنی کاڵایەک لە لایەکی ترەوە قۆناغێکی مێژوییە کە تێپەر دەبێ و دەگاتە دۆخێکی کۆمەڵایەتی بەرزتر. ئیمە لە هەمو شوێنیک کۆمەڵگایەکی دابەشکراو دەبینین. دژایەتی دوو چین هاوڕێ لە گەڵ گەشەی سەرچاوەی پیشە سازی وڵاتانی مودێرن بەرەو پێشدەچێ. لە روانگەی سوسیالیستیەوە، تا رادەیەک کەرەستەکانی شۆڕشکردن، لە قۆناغی مێژوی ئیستا لە ئارادان. لە زۆرێک لە وڵاتان بە هۆی رێکخراوە تیجاریەکان، رێکخراوە سیاسیەکان ساز کراون. لە ئامریکا پێویستی حیزبێکی سەربەخۆی کرێکاری سەریهەڵداوە. ئەوانە ئیتر زۆرتر لەوە ناتوانن باوەڕیان هەبێت بە سیاسەتمەداران. زنجیرە و کۆڕ و کۆمەڵەکان، یاسا دارشتنی ئەویان بەدەستەوە گرتووە و سیاسەت بۆتە تیجارەتێک. بەڵام لەم بوارەدا ئامریکا بە تەنیا نییە و خەڵکی ئەوێ لە ئەروپاییەکان سوورتر و شێلگیر ترن. لەوی دوڕویی و درۆزنی کەمتر لەو لایەیە.

من لێم پرسی، هۆکاری پەرەسەندنی دەست بە جێی حیزبی سوسیالیست لە ئاڵمان چیە ؟

ئەو وەڵامیدایەوە : حیزبی نۆی سوسیالیست ( ئاڵمان ) دوای پێکهاتنی حیزبە سوسیالیستەکانی تر پێکهات. ئەوان بە شوێن ئەو تەرحە خەیاڵیانەوە ( ئوتوپیایی )ن کە لە ئینگلستان و فەرانسە لە ئارادان. ئاڵمانیەکان زۆرتر

لە هەوڵی ئێئوریزە کردن دان. ئاڵمانیەکان لە ئەزمونەکانی پێشو بۆیان دەرکەوتوە کە دەبێ بە کردەوە کارەکان بەرەو پێش بەرن. ئەم نیزامەی سەرمایەداری مودێرن لە ئاڵمان لە هەڵسەنگاندنە لە گەڵ دەولەتە تازە و نوێیەکان.

تەقریبەن لە دەستپێکی گەشەی پیشە سازی مودێرن، حیزبێکی سیاسی سەر بە خۆیان پێک هێناوە. ئەوان نوێنەرەکانی خۆیان لە پارلمانی ئاڵمان هەیە. لەوێ دا هیچ حیزبێک کە نەیاری سیاسەتەکانی دەوڵەت بێ نەبوو ئەم نەیاریە کەوتە ئەستۆی ئەوان. پێکهاتنی حیزبێک و کاریگەری دانانی ماوەیەکی زۆری دەوێ بەڵام من دەبێ ئەوە بڵێم کە ئەگەر چینی مام ناوەندی ئاڵمان ڕێژەیەکی زۆری لە نێو خۆی دا نەبوایە، شتێک کە ئەوانی لە چینی ناونجی ئامریکا و ئینگلیستان لە یەک جیادەکردەوە، لە ئاوا حاڵەتێک دا تەواوی کارەسیاسیەکانی دژی دەولەت دەبوایە ئەوان ( حیزبی سوسیالیست ) بە ڕێوەیان بردبان.

من سەبارەت بە چونە سەری کەمی لایەنگرانی « لاسال « لە پلە « نێو نەتەوەییەکان « دا پرسیارم لی کرد ؟

ئەو وتی : حیزبی لاسال بوونی بۆ نییە، هەڵبەتە ژمارەیەک لایەنگری لە پلەکانی ئیمەدا هەیە بەڵام ڕێژەی ئەوان زۆر کەمە. لاسال بنەمایەکی گشتی هێناوەتە ئاراوە. کاتێک کە ئەو بزاڤی دواکەوتوانەی سالی 1848 ی دەست پێکرد، ئەو خۆشباوەڕی یە دایگرت کە دەتوانێ بزوتنەوەکە بە هاوکاری کرێکارانی ناوەندە پیشە سازیەکان بە تەواوی زیندو کاتەوە. ئەوان هێندێک پشیۆ کارییان کرد. ئەو خۆی بە ئامانجی کۆتایی بزوتنەوەکە دەزانی. من لەم بوارەدا نامەی ئەوم هەیە.

ئیوە وەک سوپای ئەرخەیانی نێوتان لێ بردووە ؟

هەر وایە، ئەو چووە لای بیسمارک و پێ وت چ ئەرح گەلێکی هەیە و بیسمارکیش بە شێوەیەکی لە کران هاتو هانیدا.

ئامانجی ئەو چ بو ؟

ئەو دەیەویست لە چینی کرێکار لە دژی چینی ناونجی کە سەبەبکاری گیرو گرفتەکانی ساڵی 1848 بو کەڵک وەرگرێ .

ئاغای دوکتور، دەوترێ کە ئێوە بەرپرس و پێشەنگی سوسیالیزمن و لە کۆشکەکەتانەوە، لێرەوە سەرجەم کۆڕ و کۆمەڵ و ئەو شۆڕشانەی کە درێژەیان هەیە کونترۆڵدەکەن. لەم پەیوەندیە دا دەڵێن چی ؟

پیری کۆنە کار زەردەیەکی هاتێ و وتی : من ئەوانە دەزانم. ئێشی زۆرە. سەرەرای ئەوە لایەنی کۆمێدی ئەوەیشە. نزیکەی دوو مانگ بەر لە هەوڵەکانی « هۆدل «، بیسمارک لە رۆژنامەی «نۆرس جێرمەن « ی خۆی دا ئیدعای کرد کە من لە گروپی « فادر بێک « دا رێبەری بزوتنەوەی جولەکە بوم و من بە شوێن ئەوەوە بوم کە بزوتنەوەی سوسیالیزم بە جۆرێک راگرم کە ئەو نەتوانێ کارێک بەم بزوتنەوەیە بکات.

بەڵام کۆمەڵی نێو نەتەوەیی ئێوە بزوتنەوەکە رێبەری دەکات ؟

کۆمەڵی نێونەتەوەیی کەڵکی خۆی لە دەست داوە و ئیتر لە ئارادا نییە. ئەو کاتەی کە هەبو بزوتنەوەی رێبەرایەتی دەکرد، بەڵام لەم ساڵانەی دوایی دا سوسیالیزم ئەوەندە پەرەی سەندووە کە ئیتر پێویستی بە بونی کۆمەڵی نێونەتەوەیی نییە. رۆژنامەکان لەو وڵاتە جۆراوجۆرەکان کارەکانیان دەستپێ کردووە. ئەوان بەردەوام لە قوڵ بونەوەدان. ئەمە تەنیا رێگای پەیوەندی حیزبەکان لە وڵاتانی جۆراوجۆر لە گەڵ یەکتر. فەلسەفەی بونی کۆمەڵی نێونەتەوەیی لە هەنگاوی یەکەم دا ئەوەبو کە کرێکاران لە یەکتر نزیکتر کات و بەرژەوەندی کاریگەری دانانی رێکخراو لە نێو

نەتەوە جۆراوجۆرەکان دا نیشان بداتْ. بەرژەوەندی هەر حێزبێک لە وڵاتە جۆراوجۆرەکان دا وەک یەک نییە. ئەوە کە رۆحی « نیۆنەتەوەیی خوازان « لە لەندەن هەیە رێک داهێنانێکی « زێهنی « یە ئەمە راستە کە کاتێک لە سەرەتاوە رێکخراوەی نیۆنەتەوەیی خوازان پێکهاتْ ئێمە کۆڕ و کۆمەڵە دەرەکی یەکانمان رێنمایی دەکرد. ئێمە ناچار بوین کە ژمارەیەک لە کۆڕ و کۆمەڵەکان لە نێویورک کە لەنێو ئەوان دا « مادام وودهال « نێو بانگی هەبوو، دەرهاوێین. ئەوە لە سالی 1871 دا بوو. لە ئامریکا چەندین سیاسەتْ وانی ئامریکایی هەن __ کە نامهەوێ نێویان بێنم __ پێیان خۆشە لە بزووتنەوەکەدا بەشداری بکەن. ئەوانە بە تەواوی بۆ سۆسیالیستەکانی ئامریکا ناسراون.

دکتۆر مارکس، لایەنگرانی ئیوە زۆر بە توندی لە مەزهەب دەدوێن، هەڵبەتە ئێوە پێنان خۆشە کە سەرجەمی ئەو نیزامە ( ئیستا ) لە بنچ و بناوانەوە لە ناو بچێ.

ئەو دوای ساتێک تێ فکرین وەڵامی داوە :

ئێمە دەزانین کە کردەوەگەلێکی توند و تیژ ئامێز لە دژی مەزهەب بێ هودەیە، بەڵام ئەمە روانگەیەکە، کە هاوکاتْ لە گەڵ پەرەی سوسیالیزم، مەزهەبیش دەکەوێتە لاوە. کەوتنە لاوەی ئەو دەبێ بە گەشەی کۆمەڵایەتی بکرێ کە دەبێ بار هێنان دەورێکی گرینگ لەودا بگێڕی.

ئیوە ژۆزێف کوک دەناسن ؟

نێوەکەیم بیستووە. ئەو کەسێکە کە سەبارەتْ بە بابەتی سوسیالیزم زانیاری ناڕاستی هەیە ؟

ئەو لەم دواییانەدا لە لێدوانێکدا وتویەتی کە :

کارل مارکس هەولێداوە بە وتنی ئەوەی کە باش بوونی هەل و

مەرجی کرێکاران لە ئامریکا، بریتانیای کەبیر و رەنگە لە فەرانسەش بە بێ شۆڕشی خوێناوی سەر دەگرێ، بەڵام لە ئاڵمان، روسیە، ئیتالیا و ئوتریش ئەم کردەوەیە هاوکاتە لە گەڵ خوێنرێژی، بایەخی پێ بدرێ.

دکتۆر بە پێکەنینەوە وەبیری هێناوە کە :

هیچ کەسێکی سوسیالیست پێویستی بەم چاوەڕوانییە نییە کە شۆڕش لە روسیە، ئالمان، ئوتریش و رەنگە لە ئیتالیاش شۆڕشێکی خوێناوی بێ. ئەگەری ئەوە هەیە کە بزاڤی شورشی فەرانسە لەو وڵاتانە دووبارە رووبدات. ئەمە بۆ هەر خوێندکارێکی سیاسی ئاشکرایە. بەڵام ئەم شۆڕشانە لە لایەن زۆرینەوە روو دەدەن. هیچ حیزبێک ناتوانێت شورش بکات، مەگەر نەتەوەیەک.

من وەبیرم هێنایەوە : ژۆزێف کوک بەشێک لە نامەیەکی کە ئیدعا دەکات ئێوە سەبارەت بە کۆمۆنی پاریس لە ساڵی 1871 دا نوسیوتانە دەرهێناوە کە ئاوایە :

ئیمە ئیستا 3 ملیۆن کەسین. لە 20 ساڵی داهاتوودا رەنگە ببین بە 50 تا 100 ملیۆن کەس. لە ئاوا حاڵەتێکدا سەرجەمی دونیا دەبێ بە هی ئیمە و تەنیا پاریس، لیون، مارسەی کە لە دژی سەرمایەی نەفام شۆڕشیان کردووە بە تەنیا نابن، بەڵکو برلین، مونیخ، درسدن، لەندەن، لیوێرپول، مەنچستێر، بروکسێل، سن پێترزبورگ، نیویورک بە کورتی سەرجەمی دونیایان پێ پەیوەست دەبێ. بەر لەم شۆڕشە نوێ یە، کە مێژوو لە بیری نییە، رابردوو وەک شەوەیەکی شـاراوە لە ناو دەچێ، ئاگری تورەیی خەڵک هاوکات لە 100 شوێن بلێسە دەسێنێ کە تەنانەت یادەکانیشیان دەسرێتەوە.

دکتۆر ئایا ئێوە ئەم بابەتە تەئید دەکەن ؟

من هیچ کاتێ وشەیەکم لەو بابەتەوە نەنوسیوە و من هیچ کاتێ ئاوا بابەتێکی ملودراماتیکی بێ هودە نانوسم. من سەبارەتێ بە وشەیەک کە دەینوسم زۆر ورد دەبمەوە. ئەو کاتێ ئەو نامەیە بە ئیمزای من لە « فیگارۆ « دا چاپ کرابوو. سەدان نامەی لەو چەشنە هەیە. هەر ئەوکاتێ من بۆ تایمز لندنیم نوسی و ئیدعامکرد کە ئەوانە ساختەن. ئەگەر من ویستبام هەموو ئەو شتانەی کە بە نێو و وتەی منەوە بڵاو کراونەتەوە رەد بکەمەوە، پێویستم بە چەندین بەردەستێ هەیە.

ئایا ئێوە لە لایەنگری لە کۆمۆنی پاریس بابەتتان نوسیوە ؟

بێ شک من ئەو کارەمکردووە و لە بەرژەوەندی ئەوانیش شتم نوسیوە، بەڵام رۆژنامەوانی پاریس لە رۆژنامەکانی ئینگلیسیدا بە تەواوی ئەم کیفایەتەیان هەبووە تاکو هەڵە چاپ کراوەکان لە نوسراوەکاندا رەد بکەنەوە. کۆمۆن تەنیا نزیک بە 60 هەزار کەسی بە کوشتێ دا. « مارشال مەک ماهان « و ئەرتەشە جەنایەتکارەکەی زیاتر لە 60 هەزار کەسیان کوشتێ. هیچ بزووتنەوەیەک بە رادەی کۆمۆن ئەوەندە نەکەوتە بەر درۆ هەڵبەستن.

باشە لە ئاوا حاڵەتێکدا، ئایا ئەو کەسانەی کە باوەڕیان بە سوسیالیزم هەیە بۆ بە کردەوە دەرهێنانی بنەماکانی ئەو دەستێ نابەن بۆ تیرۆر و خوێنرێژی ؟

کارل وەڵامی داوە : هیچ بزووتنەوەیەکی گەورە بە بێ خوێنرێژی سەرکەوتنی بە دەستێ نەهێناوە. سەربەخۆیی ئامریکا بە خوێن رشتن مسوگەر بوە، ناپلیۆن فەرانسەی لە رێگای ئاکامی خۆێنرێژییەوە داگیر کرد و بۆ خۆشی هەر بە هەمان شێوە لە ناو چوو. ئیتاڵیا، ئینگلستان، ئاڵمان

و هەر ولاتێکیتر ئەم ئیدعایە بە ئیسباتْ دەگەینێ، هەر وەک ئەم کارە بو تێرۆریش سابتْ دەبێ.

ئەو درێژەی پێدا :

ئەمە شتێکی نوێ نییە و پێویستْ ناکاتْ باسی بکەین. « ئوریسین « هەوڵی دا ناپلیۆن بکۆژی، پاشاکان زیاتر لە مەر کەسێکیتر خەڵکیان کۆشتووە، عیسا مەسیح کوژرا، پیورتینەکان لە سەردەمی کرامول دا کوژران. ئەو کارانە بەر لە دایک بوونی سوسیالیزم کراون یا هەوڵ بۆ بەرێوەبردنیان دراوە. هەر چەند کە ئێستا هەر هەوڵێک کە بە نێوی دەسەڵاتْ یان دەوڵەتەوە دەکرێ دەیدەنە پاڵ سوسیالیزم ؟

من لە دوکتور مارکسم پرسی « کە ئەو سەبارەتْ بە بیسمارک چۆن بیر دەکاتەوە ؟ «

ئەو وەڵامی داوە کە : تا ئەو کاتەی لە دەسەڵاتْ دا نەما ناپلئون وەک بێ وێنە دەهاتە ژمار، دوای نەمانی دەسەڵاتی وەک نەفام نێویان لێ دەبرد. بیسمارکیش هەمان چارەنووسی ناپلئون درێژە پێ دەداتْ. ناوبراو لە ژێر ناوی یەکێتی، سەرەرویی دەستپێکرد. ئاخرین جم و جۆڵیشی جیا لە بەرێوە بردنی کودەتا شتێکی تر نییە، بەڵام ئەویش شکستْ دەخواتْ. سوسیالیستەکانی ئاڵمان تا رادەی سوسیالیستەکانی فەرانسە لەگەڵ شەڕی 1870 وەک شەڕێکی ئەساسەن پاشایەتی دژایەتی یان کرد.ئەوان راگەیاندنی جۆراوجۆریان دەرکرد و بە خەڵکی ئاڵمانیان وتْ کە ئەگەر بێڵن شەڕی خۆپارێزی ئەوان ببێتْ بە شەڕی سەرکەوتن خوازانە لەگەڵ سەرەرویی نیزامی و سەرکوتی بێڕەحمانەی جەماوەری بەرهەم هێنەر بەرەو ڕو دەبن. هەر بەم هۆیە حیزبی سوسیال __ دیموکراتی ئالمان __ بۆ دامەزراندنی ئاشتی شەرافەتمەند لە گەڵ فەرانسە کە سەردەمانێک لە لایەن دەوڵەتی

پروس و زۆرێک لە رێبەرانی زیندانی کراوە و پشتیوانی لێ دەکرا، چەندین کۆبوونەوەی کرد و رایگەیاندیان دایە دەر. تەنیا نوێنەرانی ئەوان لە « رایشتاگ »ی ئالمان بو کە وێرایان دژایەتی خۆیان لە گەڵ پەیوەست بوونی زۆرەملێ پارێزگاکانی فەرانسە دەربڕن. هەر چەند کە بیسمارک سیاسەتەکانی بە زەبری زۆر بەرەو پێش برد و خەڵک لە لێزانی بیسمارک دەدوان. ئەو شەڕە، شەڕ بوو کاتێک کە ئەو نەیتوانی سەرکەوتن بە دەست بێنێ، بیرۆکە سەرەتاییەکانی دەربڕی و دەریخست کە روخاوە. ئیتر جێگای باوەڕی خەڵک نەبوو. خەڵک بوونی ئەو لە دەدەستدەدەن. ئەو و دەوڵەتی ئاڵمان پێویستی یان بە پارە هەیە. ناوبراو لە ژێر ناوی یاسای بنەرەتی بۆ ئەرتەش و تەرحەکانی بە رواڵەت یەکێتییانە زەریبەی خستە سەر خەڵک و لە ژێر ئەو یاسایەوە ئیتر زۆرتر لەوە نەیدەتوانی زەریبە وەرگرێ، ئیستا ئەو بە بێ یاسا بە شوێن وەرگرتنی زەریبەوەیە. بەم هۆیە ئەو روحی سوسیالیزمی هەڵداوە و بۆ پێکهێنانی یەکێتی گەورە هەر کارێک کە لە دەستی بێ بەرێوەی دەبات.

تا ئیستاش لە بێرلینەوە پرس و راتان پێ دەکات ؟

ئەو وتی : بەڵێ هاوڕێیانم من بە جوانی ئاگادار دەکەن. ئەو هەل و مەرجە کە زۆر ئارامە و بیسمارک هیوابڕاوە. ئەو 48 کەس لە پیاوانی خۆش نێو و بە ناوبانگ کە لە نێو ئەوان دا نوێنەران، هاسلمەن و فرتیچە و راکو، باومن و ئادلر هەبوون تەبعید کردووە. ئەو پیاوانە کرێکارانی برلین یان هێور راگرتبوو. بیسمارک ئەوەی دەزانی.

ئەو هەروەها دەیزانی کە 75 هەزار کرێکار لە شاردا هەن کە لەوپەڕی برسیەتی دان. ئەو ئەرخەیان بوو کە ئەم جەماوەرە شۆڕش دەکەن و ئەو دەتوانی نیشانەیەک بۆ کەرنەڤاڵی کوشتار و قەتڵو عام بێ. دواتر

دەتوانی ئەو روداوە  لە سەرجەمی ئیمپراتۆری ئالمان دا پەرەی پێ بدەیی، تیئوری خوێن وئاسنی ئەو دوایی ئەوە دەتوانی هەڵکشان و داکێشانێکی تەواوی هەبێ و زەریبە وەرگرتنیش بۆ هەر هەرێمێک پەرە پێ بدەیی. تا ئیستا هیچ یەکێتی یەکی گەورەی نەداوە و ناوبراو ئەمڕۆکە لە هەل و مەرجێکی ئاڵوزدا جێگیرە.

ئەم وتوویژە لە ژمارەی رۆژی 5ی ژانویەی سالی 1879 ی زایینی لە رۆژنامەی شیکاگو تریبون دا چاپ کراوە.

ئەم نێوە لە سەرچاوە فارسییەکەی دا بە دوو جۆری « بانکرانت دیرسن « و « بانکرانت دیوسل « هاتووە.

# ماركسی‌و ماركسیزم

**ئەندڕێ پێتر**

**لەفارسییەوە: سەرهەنگ عەبدولڕەحمان**

سەدەی نوزدەهەم، سەدەی رۆمانتیزم، سەدەی زانستـ، زانستـ گەرایی و سەدەی دیموکراسییە لەبەرامبەر ئەم سێ تەوژمە گەورە فیکرییە کەوا دێتە بەرچاو خولاسەی مەبەستە فیکرییەکانی ئەو سەردەمانە بێ سێ چەشنە سۆسیالیزم سەری هەڵدا :-

1- سۆسیالیزمی رۆمانتیک کە لە بنەمادا ئایدیایەکی فەڕەنسایی ــ ئینگلیزییە، سۆسیالیزمێکی هەستەوەرو رۆمانسییە بە شێوەیەکی پڕ شکۆو ئامانجە خەیاڵیەکان، لە حکومەتە دروستکراوەکان (سن سیمۆن)ەوە بیگرە تا نیوە هارمۆنیای (رۆبـەرت ئۆن) و لە کۆمەڵگای هاوکاری فوریە تا کۆمەڵگای سۆسیالیستی کابە.

2- سۆسیالیزمی مارکسی، کەلە بنەمادا ئایدیایەکە ئەڵەمانی و بنیاتنەرانی ئەم ئایدیایە بەشسۆسیالیزمی زانستی ناودەبەن تا جیاوازی لە سۆسیالیزمی جۆری پێشوو کە بەسۆسیالیزمی رۆمانسی ناوبراوە.

3- سۆسیالیزمی دیموکراتیک، کە خواستی سود وەرگرتنە لە سیستەمی پارلمان وەکو هۆکاری سەرەکی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی، حیزبی سۆسیالیستی فەرەنسا بەڕابەرایەتی ژان ژورس و لئون بلوم و هەروەها سۆسیال دیموکراسی ئەڵمان بە هەبوونی مەیلی مارکسی و بەپلەی کەمتریش بزوتنەوەی کرێکاری بەریتانیا دیاریکەرانی ئارەزووە سەرەکیەکانی ئەم ئایدیایە لە نێو میللەتانی جیاواز بوون.

سەدەی بیستەم تا ئەندازەیەک ئەم پۆلێن بەندییەی هەڵگێڕایەوە، لە ئەنجامدا کودەتای ئۆکتۆبەری ( 1917) سۆسیالیزمی مارکسی لە دوو جۆرە سۆسیالیزمەکەی تر پێشکەوت و سنوریانی تێپەڕاند، سۆسیالیزمی مارکسی لە هەمانکاتی کە لە بواری فیکری مادديگەرامایەوە لە شێوەی « باوەڕێکی عیرفانی» زۆر بە توانا بەرجەستە بوو، سۆسیالیزمی مارکسی لەگەڵا بەردەوام بوونی لە دژایەتی بۆ سۆسیالیزمی پارلمانی، بووە مایەی دروست بوونی پارتێکی نوێ بەناوی کۆمۆنیست و شێوەیەکی نوێ لە دیموکراسی واتە « دیموکراسی خەڵک «ی داهێنا.

ئایدیای مارکس کە بەم شێوەیە گۆڕا بە زومڕەی یەکێ لە گەورەترین بزوتنەوە فیکری و ئابووری‌و سیاسییەکانی سەردەمی ئێمە بەرجەستە بوو.

هەوڵمدا تا بزوتنەوەی بنەمای قۆتابخانەی مارکس نیشانبدەم و لەو شوێنانەی کە زۆربەیان شاراوە و خرۆشانی سۆزداری فەرمانڕەوا بووە لانی کەم رۆشنی و عەینیەت بەکار ببەین.

ئەگەر وابکەین نەک تەنیا بە ئەسوڵی یەکەمی وەزیفەی زانکۆیی خۆم وەفادار دەبم بەڵکو بەخودی « مارکس» یش کە « لەئەمەنی لاوییەتیدا» ئەوەی نوسی :» نامانەوێ ئاڵای توندوتیژی هەڵکەین، بەپێچەوانەوە دەبێ هەوڵبدەین تا توندوتیژان لە تێگەیشتنی تیوریيە تایبەتەکانی خۆیان یارمەتی بدەین « وەفادار دەمێنمەوە.

## ژیاننامەی کارل مارکس

کارل مارکس لەساڵی (1818) « ساڵێک دوای بڵاوبونەوەی شێوازی ئابووری سیاسی ریک ردو « لەشاری ترو لەدایک بووەو لەساڵێ (1883) لەلەندەن کۆچی دوایی کرد ( رێکەوت بە هەمان ساڵی کە جان میتار

کینز لەلەندەن هاتە دنیاوە ). مارکس لە خێزانێکی بـۆرژوا (باوکی هاینریش پارێزەرێکی بە نرخ بوو کە ناونیشانی فەخری راوێژکاری قەزایی بەدەست هێنا، ئەو لەگەڵا هنریت پرسبورکی هۆڵەندی بەڕەچەڵەک پۆڵەندی هاوسەرگیری کردبوو، هەشت مناڵیان بوو کە کارل مناڵی دووەم و کوڕی گەورەی خێزان بوو، هەروەها مارکس بەڕەچەڵەک یەهودی و رۆشنبیرێکی شۆڕشگێڕی نموونەیی بوو، هەرچەندە بەڕەچەڵەک یەهودی بوو ، بەڵام بە کرداری پەیڕەوی ئاینەکەی نەدەکرد، باوکی گەرچی مناڵا و برای خاخام بوو، بەڵام لە ساڵی (1817)دا رووی کردە مەزهەبی پرۆتستان و لەساڵێ (1824) هەموو کەسانی بنەماڵەیەی بە ئاینی مەسیحی شۆرد، ئەم کردارە رووکەشیانە بە ئەندازەیەکی تازەکار لە بەرژەوەندی سیاسی « کارکردنی پروس قەدەغە بوو» و باوەڕی « فەلسەفی « بوو (هاینرش مارکس لەستایشکەرانی فەیلەسوفەکانی سەدەی هەژدەم، بەتایبەتی رۆسۆ بوو) کارل مارکس بەرووکەش دژی هەموو جۆرە پەیوەیستیەکی ئاینی بوو، نامەکانی ئەو بۆ باوکی لە هەمان ئەو ساڵانەی کە خوێندکاری زانکۆ بوو، گوایە ئەمە سەرباسە، ئەو کە بەرامبەر بە مەسیحیەت زۆر سەختگیربوو، کۆمەڵی نوسینی توندیشی لەسەر یەهودییەکان هەیە.

### شۆڕشێک لە هزر

مارکس لەسەرەتای خوێندنی خۆی لەبەرلین پەیوەست بوو بە گروپی «لاوانی پەیڕەوی هیگڵ « و «ئازادیخوازان» ەوە ئەو دوای تێڕوانینی لە پەیامێکی ئبیکور» فەیلەسوفی یۆنانی کە مارکس ئەوی وەکو پێشەوای خودانەناسان دەناساند « و نیل بەپلەی دکتورا لەرشتەی فەلسەفە وازی لە زانکۆ هێنا تا بەکاری رۆژنامەنووسیەوەی خەریکبێت (1842). رۆژنامەی

«گازەتە ونان» کە ئەو بەڕێوەی دەبرد زۆر زوو وەستا (1843). لەدوای ئەوە مارکس بەشێوەی نافەرمانی کەم و زیاد لە ژێر چاودێری حکومەتەکاندا دەژیا.

مارکس لە دوای هاوسەرگیری لەگەڵ جبنی ڤۆن و ستفالن لەبەرواری (13) ژەنیوەری (1843) لە پاریس جێگیربوو، جنی هاوڕێی دەورانی منالّی مارکس، چوار ساڵا لەو گەورەتر و کچی خانەدانێکی ئەڵمانی بوو، کە پشتر لە شاری تروست فەرمانڕەوایەتی هەبوو،

مارکس لە پاریس بە ئەڵمانیەکیتر ئاشنا بوو، کە پاشان بە مارکسی دووەم ناوبانگی دەرکرد، واتە فردریک ئەنگڵس، لەگەڵ ئەنگڵس و ئەڵمانیەکی تر بەناوی ئارنۆڵد روج « ساڵنامەکانی فەرەنسا و ئەڵمانیا» دەرکرد کە تەنیایەک ژمارەی لێ بڵاوکرایەوە، مارکس چەندیک نوسینی لە دوای خۆی بەجێهشت (لەبواری ئابووری سیاسی و فەلسەفە) کە ئاماوەیەکی زۆر بڵاونەکرایەوە و کاتێ کە لەساڵی (1932) بڵاوکرایەوە، رۆشنگەری رێگەیەکی تازەی لە هزری مارکس کردەوە، هەروەها لەپاریس بوو، بە ئانارشیستی روسی باکونین ئاشنا بوو، لەگەڵا پرودون، کەدواتر کۆمەڵی گفتوگۆی لەگەڵدا کردو پێشنیاری هاوڕێتەتی کرد، مارکس بەهۆی ئەو هێرشنامانەی کەلەسەر روسیا دەینوسی لەسەرداوای دەوڵەتی پرۆس لەفەرەنسا چووە دەرەوە و پەنای بۆ برۆکسل بردو ئەنگڵسیش لەوێ پەیوەست بوو بەوەوە.

لەم کاتەدا مارکس لەگەڵ ئەنگڵس و لاوێکی تر لەپەیڕەوانی هیگڵ بەناوی موئیزهس مرام ئەڵمانی نووسی کەلەساڵی (1932) دا چاپکرا. وەڵامێکی توندی «پرۆدون» کە فەلسەفەی هەژاری نووسیبوو دەداتەوە، لەژێر ناونیشانی هەژاریی فەلسەفە (بەزمانی فەڕەنسی 1847). مارکس لەساڵی (1848) بەیاننامەی کۆمۆنیستی بەهاوکاری ئەنگڵس نووسی، کە چەند رۆژێک

پێش سەرهەڵدانی شۆڕشی فەرەنسا بڵاوکرایەوە، ئەم بەرهەمە کە بەراستی خۆلاسەیەکە لەرێبازی مارکس تا ماوەیەکی زۆر بەنەناسراوی مایەوەو هیچ جۆرە کاریگەییەکی لەواقیعی ئەو زەمەنە جێ‌نەهێشت. مارکس کە لەبەرواری 3ی مارسی 1848 لەبلجیکا دەرکرابوو، بووە مایەی پێشوازی گەرمی فەرەنسا و سودی لەم دەرفەتە وەرگرت تا بگەڕێتەوە بۆ ئەڵمانیا و هەوڵیدا تا کاری رۆژنامەنووسی شۆڕشگێڕی خۆی لە کۆڵن سەربخات لەڕاستیدا لەم کاتەدا مارکس شۆڕشگێڕێکی زۆر میانڕەو بوو، کە بەوردی لە هەوڵی پەنهانکردنی ئایدیای کۆمۆنیستی خۆیدا بوو بەدوای یەکگرتن بوو لەگەڵ بورژوازی لیبراڵدا تا لە ئامانجێکی بەپەلەتر (واتە جێگیرکردنی حکومەتی دیموکراسی لەئەڵمانیا) بگات.بەڵام ئەم ئیحتیاتەی مارکس نەبووە بەربەست لەبەردەم ئەوەی سەر لەنوێ لەساڵی (1849) لە ئەڵمانیا دەربکرێتەوە (هەر بە هەمان ئەو هۆیانەی ساڵی 1845 کەلە فەڕەنسا دەکرا، واتە بەهۆی هێرشەکانی بۆ سەر دەوڵەتی روسیا )،ئەم واقیعە مارکسی جارێکی تر خستە سەر ئەو ئارەزووی کە ڕووی کردە تیۆرییە شۆڕشگێڕییە توندوتیژ و روونەکانی باوەڕی بلانکی، مارکس لە دوای مانەوەیەکی کورت لە پاریس چوو بۆ لەندەن تا بۆ هەمیشەی لەوێ جێگیربێت، لەوێ مارکس کە سەرگەرمی هیچ پیشەیەکی جیگیرنەبوو، بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بەبەدبەختی « چەرمەسەری « دەژیا، « بێ بەزەیترین قۆناغی ئەم ژیانە فەلاکەت بارە ئەو کاتەبوو کە لەبنەماڵەی مارکس بە چوار مناڵێ وردەوە بەهۆی دواخستنی کرێ خانوو لە شوێنی نیشتەجێ‌ی خۆیان دەرکران « مارس 1850» لەم کاتەدا جگە لە خزمەتکارە وەفادارەکەیان» هیلن دموت» کەسی تر نەهات بەهانای خێزانەکەی مارکسەوە، هیلن دموتی دایکی جنی فۆن و ستفالن لە کاتی بوکێنی کچەکەی دابوو بەوو ناوبراو هەمووتەمەنی خۆی لە خزمەتی خێزانەکەی مارکس بەسەربرد، گۆڕەکەشی

لەتەنیشت ئەربابەکانی لە گۆڕستانی هایگێت « لەندەن «ە، کاری زۆر، نەبوونی تەندروستی، نەخۆشی و لەهەمووی خراپتر مەرگی لەناکاوی سێ لەشەش مناڵەکەی مارکس لەوانە کوڕە تاقانەکەی، ژیانی لەبەرچاوی تاریککرد. تەنیا لە ماوەی دەساڵی کۆتایی تەمەنی، مارکس (بەتایبەتی بەهۆی ئەو یارمەتیانەی هاوڕێی خۆی ئەنگڵس) توانی تاڕادەیەک خۆشگوزەران بێ. لەوێ واتە لەناوجەرگەی دنیای سەرمایەداریدا بوو کە مارکس توندترین رەخنەی کە تائێستا لەسەرئەم سیستەمە نوسراوە، واتە پەرتوکی « سەرمایە» ی نووسی تەنیا بەرگی یەکەمی ئەم کتێبە لە زەمەنی ژیانی مارکسدا بڵاوکرایەوە (1867). مارکس لە « رەخنەی ئابووری سیاسی « خۆیدا کە پێشەکی یەکەی بەهۆی ئەرحی فەلسەفەی ماددیگەرایی مێژووییەوە، پێش داهاتێکی لەوەدا وتبوو، دوو بەرگە ناتەواوەکەی تری « سەرمایە» بەهۆی «ئەنگڵس»ەوە تەواو کراو لەدوای مردنی مارکس کە دەکاتە بەرواری» 13ی مارسی 1883» بڵاوکرایەوە، لە بەشە جیاجیاکانی ئەم بەرهەمەشدا ناهاوئاهەنگی بەرچاو دەکەوێت. (مارکس کە هاوسەری لەڕادەبەدەر فیداکاری دوو ساڵ پێش ئەو مردبوو، سێ کچی لە دوای خۆی بەجێهێشت : مێردەکانی دوو کچی کە مێردیان کردبوو فەڕەنساییبوون. پڵ لافاوگ کەلەگەڵ ژول گسد کە بوە نوێنەری رێبازی مارکس لە فەڕەنسا و شارل لونگە باوکی ژان لونگەی نوێنەری سۆسیالیست پەرلەمانی ئەم وڵاتە.

## شۆڕشێک لەپراکتیکدا

مارکس وێـرای ئـەوەی کەلە جیهانی ئەندێشەدا بەشۆڕشگێڕێک دەژمێردرا، لە پراکتیکیشدا لە کاتی خۆی شۆڕشگێڕبوو بە تایبەتی لە جوڵانەوەی یەکێتییە شۆڕشگێڕەکان رۆڵی سەرەکی هەبوو، لەساڵی (1846)

لەگەڵ ئەنگڵس دەستپێشکەری کرد بە دامەزراندنی « کۆمیتەی مەکتەبەکانی کۆمۆنیستی» لە وولاتانی جیاجیادا، لەساڵی (1847–1848) « مانیفێستْ» ی بەناوبانگی بۆ « بەرەی دروستکاران « کە بە» بەرەی کۆمۆنیستەکان» گۆڕابوو نووسی و لە هەمووی  گرنگتر مارکس لە دامەزراندنی یەکەمین سەندیکای نێودەوڵەتی کرێکاری کەلەندەن دەمەزرا رۆڵێکی گرنگی گێڕا، پێگەی مارکس لەم دامەزراندنە ئەوێ لەگەڵ پەیڕەوانی پـرودون کە خواستیان چاکسازی بوو، هەروەها لەگەڵا لایەنگیرانی باکۆنین کە تیوریستی ئانارشیزم بوو خستە ململانێ وە، کۆمۆنە (1871)ی پاریس خۆشحاڵیەکی زۆری مارکس دورستکرد و بەرهەمێکیش کە مارکس لەم بارەوە لەساڵی (1871) دا نووسی « جەنگە ناوخۆی فەڕەنسا» گەواهی ئەو راستیەیە. لەبارەی بزوتنەوەی سۆسیالیزم لە ئەڵمانیا، مارکس لەسەرەتای دامەزراندنی حیزبی سۆسیالیستی کرێکاری ئەڵمانیا لەساڵی (1875) لەگۆتا، ناوابەستەیی خۆی بەو رایەرانی راگەیاندو لەم بارەیەوە نوسێنکی بەناوی «رەخنە لە بەرنامەی گۆتا» هەیە کە لە ساڵی (1891) دا بڵاوکرایەوەو بەڵگەنامەییەو پڕ بەها، چونکە نووسەر لەم نووسینەدا ئاماژە بە چۆنیەتی کۆمەڵگای دڵخوازی خۆی دەکاتْ، پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین گەرچی مارکس تا ماوەیەکی زۆر هەستێکی ناخۆشی هەبوو، بەڵام لە کۆتایی تەمەنیدا هەستیکرد کە ئیمپراتۆری تزارەکان مومکینە رۆژی  ببێتە مەیدانی شۆڕشی کۆمۆنیستی.

### فردریک ئەنگڵس

مارکس پێش هەر شتێ بەهۆی یارمەتیە مادییەکانی فردریک ئەنگڵسەوە هەمیشە قەزرداری ئەوە، ئەگەر بەخشندەیی ئەنگڵس نەبوایە مارکس و خێزانەکەی توانای درێژەدان بە ژیانیان نەدەبوو.

**کۆمەکی مادی**

ئەنگڵس کە دوو ساڵا لەمارکس بچوکتر بوو،سەر بەخێزانێکی کارخانەداری دەوڵەمەندی خەڵکی « بارمن» یاخود راستتر بڵێن ئەڵمانیا ( ئەم شارەش دەکەوێتە ناوچەی رنانەوە ). خێزانەکەیان وێڕای هەبوونی کارگەیەکی رستن و چنین بوون لەو ناوچەیەدا، خاوەنی کارگەیەکیتری رستن و چنینیش بوون لە مانجستەر ( بەهاوبەشی لەگەڵا کۆمپانیایەکی ئینگلیزی ) ئەنگڵس ئەم سەروەتەی بنەماڵەکەی لەلایەنی ئامانجە چاوەڕواننەکراوەکاندا بەکارهێنا. ژینگەی خێزانیی ئەنگڵسی زۆر زوو گۆڕی بۆ لاوێکی سەرکەش، ئەو کە قوتابیەکی دەروشاوە بوو لە ئەدەبیاتدا ئامادەگیەکی زۆری هەبوو، لەگەڵا تەواو کردنی قۆناغی ناوەندی بەناچاری روویکردە کارخانە، ئەنگڵس وەکو کەسێکی مەنتەقی، لەڕووبەرووبوونەوە بەژینگەی تەسک بینی دەوروبەر لە درێژەی مانەوەی خۆی لەبەرلین بووە دەروێشی شتراوس و پەیوەست بوو بەگروپی « ئازادیخوازان» ەوە، یەکەمین نووسینەکانی ئەنگڵس وەکو پەیامی مارکس ئەبیکور رەخنەگرتنە دژی ئاین. نافرمانی ئەو بەسە ئایندا بەزوویی گۆڕا بۆ نافەرمانی بەسەر کۆمەڵدا ئەنگڵس لە تەمەنی بیست ساڵیدا و لەوانیە زووتر لە مارکس لەلایەن موئیزهس رووی کردە کۆمەنیزم و پاشان لەساڵی (1842) بە مارکس ئاشنابووە، ئەنگڵس لە ساڵی (1844) دا لەگەڵا مارکس دەستی کرد بە هاوکاری و لەساڵی (1845)دا لەبرۆکسل بۆ هەمیشە پەیوەست بوو بەوەوە لە دوای بەشداری کردنی لە شۆڕشی ئەڵمانیا (1848–1849) وەکو ئەفسەری سوپای شۆڕشی بادە لەبەریتانیا پەیوەست بوو بە (مارکس )ەوە.

### کۆمەکی هزری

خزمەتگوزارییەکانی ئەنگڵس لەبواری فیکری کەمتر نەبوو، لە خزمەتە مادییەکانیبە مارکس، ئەنگلسی هۆشیاری پڕ جەنجاڵی هاوڕێ لەپێشترەکەی بە بەکارهێنانی ئەو بەشێوەیەی بنەڕەتی، تەکمیل کردو رۆشنایی بەخشی بەئەندێشە فەلسەفیە قوڵ، بەڵام گرانەکانی مارکس، بەدەگمەن هەڵدەکەوێ تایبەتمەندییە جیاوازەکانی دوو کەس لە هەڵگرتنەوەی یەکسان لە دیارەکانی جیهان، بەوشێوەیە تەواو لەیەکتری بچن. بەهەمان توندی و درشتی کە ئەمە یەک شێوەبوو هەندێجار دەگەیشتە ڕادەی توندوتیژیش لە شێوەیەکی تریشدا دەردەکەوێت و دەتوانرا وای دابنێین کە فۆرمۆلە توندەکانیان لەژیان، کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر دارشتنی بیروهزریان وێرای ئەمە ئەم ئەفکارانە بە نۆبەی خۆی ئەگەر وەڵامدەرەوەی داخوازییەکانی خۆی نەبوایە بەو چەشنە رەنگدانەوەی نەدەبوو.

### فەلسەفەی مارکس

ئابوری ناسان ماوەیەکی زۆر ئایدیای مارکس یان تەنیا وەکو سسیستەمێکی ئابووری و بەتایبەتی بەسۆسیالیزم دەیانناساند پەرتوکی «کلاسیک مێژووی باوەڕە ئابوورییەکان» نوسینی «ش، ژیدوش، ریست،» کەلەبارەی ئەفکاری فەلسەفی مارکس بەگشتی بێدەنگ دەبێت لەم بارەیەوە نموونەیەکی باشە، زۆر نموونەی تر دەتوانرێ بە نموونە بهێنرێنەوە، بیانوی ئەم کەموکوڕییە لەرابردوودا ئەمە بوو کە بەرهەمە سەرەکییە فەلسەفیەکانی مارکس تاماوەیەکی زۆر بڵاونەکرایەوە ئەم بەرهەمانە لەساڵانی (1932–1933) بەزمانی ئەڵمانی بڵاوکرایەوە و تەنیا لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی بوو کە تەرجەمەکرا بۆ زمانی فەڕەنسی. بڵاوکردنەوەی ئەم بەرهەمانە بۆ

زۆرێک دۆزینەوەی نوێ بوو، دەرکەوت کە ئایدیای مارکس زیاد لەوەی کە سیستەمێکی ئابووری بێ، بەپێچەوانەی گشت سیستەمە ئابوورییەکان، لەیەکەمجاردا فەلسەفەیەکە و ئابوورییەکەی تەنیا لایەنێکی کاربردی ئەم فەلسەفەیە.

فەلسەفەی مارکسی کەڕەگەکەی دەچێتەوە سەر فەلسەفەی هیگڵا، لەگەڵ ئەوەی کە پەیڕەوێکی تەواوە لەڕەوشی هیگڵ پەرچەکردارێکی قاتعییە بەسەرئەندێشەکەی ئەودا، منداڵێکە لە مامۆستاکەی یاخییەو بەقەولی «لابروير» هەروەکو ئەو منداڵانە وایە، کە پەرستیاری خۆیان کوتەک کاری دەکەن... بینیمان کە ئابووری مارکسیش هەمان حاڵەتی هەیە، ئابووری مارکسی لە دوای تەغزیە لەسەر چاوە کلاسیکیەکانی لیبرالیزم تیۆرە تایبەتیەکانیان لەسەر خۆیان بەکاردەبات ڕێبازی فیکری ئایدیای مارکس واتە «جەدەل «یش هەمان داواکاری هەبوو.

**چەمکی جەدەل**

ناوی هیگڵ یش هاوڕێ لەگەڵا «ئەفلاتون و ئەرستۆ، سنت ئاگوستن و سن تۆماس، دیکارت و کانت «لەریزی گەورەترین زانایان جێگەی هەیە ئەو بەڕاستی شۆڕشێکی لە فیکردا بەرپاکرد کە ئایدیای مارکس جگە لە تەواوکردنی کاری ئەو کاری تری نەکرد، بەڵام هەڵسەنگاندنی گرنگی ئەم گۆڕانکارییە بەبێ تویژینەوەی فەلسەفە لەو سەرەتایەوە قابیلی قبوڵا نییە.

**بناغە**

دوو جۆر فەلسەفە :

بە کورتکردنەوەی پێوانەی درێژی ئەندێشەی فەلسەفی بۆ ئاستی

زیادەڕەو، دەتوانرێ بوترێ هەرگیز زیاد لە دوو فەلسەفە یا بە گوزراشتێکی تر زیاد لە دوو رێگە دنیابینی و جودینییە : فەلسەفەی بوون یا فەلسەفەی گومان و فەلسەفەی ژیان.

فەلسەفەی جۆری یەکەم کە ڕەگی لە حیکمەتی ئەرەستۆ و ئایدیای حقوقی رۆم و هەروەها حیکمەتی زانایانی ئایینی مەسیحی (لانی کەم زانایانی ئایینی مەسیحی وڵاتانی لاتین ) وەردەگرێت، سەدەکان بە فەلسەفەی کلاسیکی خۆرئاواو فەلسەفەی قوتابیانی ئاینی مەسیحی دەژمێردرێ و هەروەک فەلسەفەی دیکارت بوو، ئەم فەلسەفەیە باوەڕدارە بەئەبدییەتی نەگۆڕی رۆح، حەقیقەت وئەسولی ئەخلاقی: ئەوەی لەرابردوودا حەقیقەت بووە، ئەمڕۆش حەقیقەتە و هەمیشە حەقیقەتە. راستی، جوانی و دروستی تەواو رەنگدانەوەیە لەو جودی یەزدانی کە جاویدانییە، واتە لە دەرەوەی زەمەن، چونکە زەمەن بە واتەی گۆڕانە و خودا کە بەجارێک بەکەماڵا گەیشتووە ناگۆڕێ.

فەلسەفەی جۆری دووەم کە حیکمەتی بوونە و دوو سەدە لەمەوبەر ئەرستۆ لەلایەن یەکەمین فەیلەسوفەکانی یۆنانی بەیانکرابوو بە پێچەوانەی فەلسەفەی پێشوو لەگەڵا زەمەندا ئاوێتەیە.

هراکلیت دەڵێت :(هەموو شت بە تەوژمە، هەرگیز ناتوانرێ لەرووبارێکدا دووجار مەلەبکرێ.) حیکمەتێکە لەسەر بنەمای گۆڕان کە بەشێوەیەکی راستەوخۆ دەکشێ بۆ فەلسەفەی مێژوو لە کاتێکدا کە فەلسەفەی پێشوو بەلۆژیک ئەنجامدەدرا. فەلسەفەیەکی جێگیر نیە، بەڵکو خاوەن نزاوتە، هیگڵا دەڵێ: بوون، یەکەمین ئەندێشەی شایستەی دەستلێدانە و بەڵام یەکەمین ناسینی زهنییە، لەکاتێکدا بوون و نەبوون چەمکە ئەبستراکتەکان پوچن).

## دوو چەشنە هۆسازی

بەبەراوردکردنی ئەم چەشنە فیکرە کە بە شێوەیەکی وردو قوڵ جیاوازییان لەگەڵ یەکتر هەیە، دوو رێگە هۆسازی نەک تەنیا جیاوازییان هەیە، بەڵکو دژایەتیشیان لەگەڵا یەکتریدا هەیە، هەروەکو وترا، رێگای هۆسازی حیکمەتی « وجود» لۆژیکە، واتە یاسا حاکمە بەسەر قسەدا، لۆگۆس، سادەترین شێوەی بەیانکردنی ئەو ئەسڵی ناسنامەیەیە :-

ئەلف، ئەلفە،ئەلف نەفی ئەلف نییە و گشت پێوانەکانی لۆژیک لەوەوە سەرچاوەی گرتووە.

حیکمەت بوون گوێڕایەڵی یاسای ژیانە، ئەم یاسایە کامەیە ؟ لەدایکبوون، گەشە و مردنی هەموو واقیعێکی زیندووخواز پەیوەست بێ بەلاشە یا رۆح، تاک یا کۆمەڵگە و بە کورتی هەموو و جودێک، ئەندیشە یانیهادی موتابقی داهێنەرێک وەکو یەکە واتە پشکوتن، بەدواداچوون و مردن دەگۆڕێت، بە گوزارشتێکیتر هەموو بونەوەرێک، ئەندیشە، نیهاد و هتد. لەناوەوەی خود خونچەیەک لە مردن، خونچەیەک لەدژی دەروونی « جەدەلێکی باتنی» لەگەڵدایە کە بە قۆناغ هۆکارەکانی لەناوبردنی فەراهەم دێنێ.» مارکس ئەم ئەندێشەیەی لەبارەی سیستەمی سەرمایەداری بەکاردەبرد «.

هیگڵ نووسیویەتی : بوونی هەموو شتێ کۆتایی گوزارشتە لەبەرخورداری لەبوونی دەروونـی خود لە نوتفەی ون بـوون، ساتی لەدایکبوون و ساتی مردنی خۆی.

## جەدەل، فەلەسەفەی پێشکەوتوو

لەم شێوەیەدا پێویست بەبێزاری دەکات ؟ ئایا دەبێت کە ئەم

گۆڕانە هەمیشەیی یە جگە لە ئاوابونێکی خەماوی و جوڵەی نائومێدانەی بونەوەران و کەرەستە شتێکی تر نییە ؟ نەخێر ! حیکمەتی هیگڵا بەرزترە لەبەدبینی فەیلەسوفی وەکو هراکلیت، دیدگای زۆر بەرفراوانتری لەئیمکانات بەرزبوونەوەی مرۆڤایەتی دەردەخـات کە ئایدیای مارکس ئەم دیدگایە دیسانەوە بەرفراوانتر دەکات.

هیگل دیسانەوە دەنوسێ : بەم جۆرە گۆڕانکاری بێبچڕان لایەنێکیتر پەیوەست دەکـات بەشێوەیەک کە دووبـارە بە مردن و ژیانێکی نوێ لەدایک دەبێت، رۆژهەڵاتیەکان باوەڕێکی لەو شێوەیان هەیە، کە لەوانەیە گەورەترین فیکری بەرهەمی ئەفکاری میتافیزیکیان بێ، باوەڕی پەیوەست بە کوێرکردنەوە، دەربڕی هەمان باوەڕەو فینکسیش کە بێ کۆتایی لە خۆڵەمێشیەکانی خۆی سەردەردەهێنێ نیشانەیەکی لەو شێوەیە.» بەڵام هەموو ئەمانە باوەڕێکی خۆرهەڵاتین کە زیاتر شیاوی لاشەیە تا رۆح، خۆرئاوا باوەڕێکی تر نیشاندەدات، روح نەک تە نیا لاوتی، بەڵکو بەرزتر و رۆشنبیر لەپێشوو دەردەکەوێت».

لەراستیدا بۆ هیگڵ و بەپلەی زیاتر بۆ مارکس مرۆڤایەتی رای مرۆڤایەتییە : هەموو دامەزراوەو هەموو دەورەیەکی مێژوویە تەنیا « یەک قۆناغی تێپەڕبوو لە بەرفراوانی بێ کۆتای کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە، کە لە بچوکترەوە بەرەو بەرزتر دەڕوات.

هەموو دامەزراوەیەک یان هی تر... کەبەتاڵ و بێ ئاڕاستە دەبێ دەبێت « شوێن بە قۆناغێکی بەرزتر بدات کە بەنۆبەی خۆی دەچێتە خولی رۆچوون و مردن « بەم شێوەیە حکومەتی روحانیەکان شوێن بۆ حکومەتی پاشایەتی و پاشان بۆ حکومەتی دیموکراسی چۆڵدەکات و مارکس دەڵێ کە بەمشێوەیە لەبارەی ئەرستۆکراتەکان کە شوێن بەتوێژی بورژوا دەدات کە

بەنۆبەی خۆی ناچارە لەبەرامبەر توێژی پرۆلیتار بڕواتە کەنار.....

کەوایە کلیلی پێشکەوتن و جەدەل لەمەدایە کە مردن داهێنەری هەیە و بەدایک هێنەرە.

هەموو وجودێک لەناوەوەی خۆیدا تۆوی وێرانی لەخۆیەتی و تۆوی پێشکەوتن لەخۆیەتی. ئەم بابەتە هیچ کەسی باشتر لەماوتسی تۆنگ،بنیاتنەری ئایدیای مارکس لە چین بەیان نەکردووە ئەوە دەنوسێ :0

((هۆکاری سەرەکی نەش و نمای هەموو شتێ لە دەرەوەی ئەودا نادۆزرێتەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە لەدەروونیدایە :-ئەم هۆیە سەرچاوەکەی لە سروشتی دژایەتیکردنی هاوڕێیەتی هەموو شت و هەموو دیاردەیەکە، دژەکانن کە دەبنە بەدیهێنەری جوڵەونەش و نمای شتەکان، بەمشێوازە جەدەلی مادیگەڕا هۆکاری دەرەوە موسەمیمانە رەتدەکاتەوە، هەروەها لەدنیای رووەک و ئاژەڵان گەشەی سادە، واتە نەش ونمای کەمیش بەشێوەیەکی بنەڕەتی بە بزواندنی دژ بەیەکەکانی دەروونی ئەنجامدەدرێ، گەشەی کۆمەڵگاش بەشێوەیەکی ورد و هەربەوشێوەیە.

### جەدەل، لۆژیکی هێز

کەوایە جەدەل عیبارەت دەبێ لە خوێندنەوەی پەیوەندی ئەو هاودژانەی کە مێژوویان دروستکرد، چونکە مێژووی مرۆڤایەتی، جگە لە خستنەڕووی ژیان لەبەر فراوانترین بواردا شتێکی تر نییە، مێژووش روانینی ژیان، پەیوەندی لۆژیکی ئەو هێزانەیەکە لەگەڵ یەکتریدا لە جەنگدان تا هێزی گەورەتر دەربخەن، بۆ هیگڵ فەلسەفەی راستەقینە هەرئەوەیە کە لەجیاتی سەرگەردان بوون لە جیهانی پڕ لە چەمکی ئەبستراکت بە خوێندنەوەی واقیعەکانەوە سەرگەرم دەبێت، بەم رێگەی وشەی جەدەل

واتەیەکی تازە وەردەگرێ، ئێتر ئەو جۆرەی کە جێگە بەرچاوی فەلسەفەی کلاسیک بوو («دیالۆگەکانی» ئەفلاتون و شەڕی ئەسکولاستیکەکان) مەبەست لە جەدەل جەدەلی ئەفکار نییە، بەڵکو جەدەلی هێز و رووبەڕووبونەوەی هێزەکانە کە بەمروری زەمەن دەگۆڕێن، لەراستیدا هەموو کۆششی ئایدیای مارکسیش بەیانکردن و شیکردنەوە جەدەلی رژێمی سەرمایەداری دەبێت.

بەڵام ئەگەر مێژووش جگە لە هاتنی « هزر» لەواقیعەت نەبێ، لۆژیکی هێز بەکارکەوتنی میکانیزمەکان ئیجاب دەکات کە ئەوانەش عەقڵانی بێت.ئەم میکانیزمانە کامەیە ؟ و چ کۆمەکێکی دەبێت بۆ ئایدیای مارکس ؟

**ئاکام**

**هاودژی ئایدیای مارکس**

گۆڕانی ئایدیای مارکس لەسەرەتاوە تا ئەمڕۆ شیکەرەوەیەکی عەینی لەبەرامبەر پارادۆکسی « هاودژی « تایبەت بڕیاردەدات، واقیعێکە کە ئایدیای مارکس لە هەموو بوارەکانی فەلسەفی، سیاسی و ئابووری وەکو گەورەترین شۆڕشی جیهانی مۆدێرن دەچێتە پێش،ئەمە ئاینی نوێیە، بەڵام ئاینی بێ خودا لەماوەی کەمتر لەسیستەمێکی سەدە زیاد لەسێیەکی دنیای داگیرکرد و لە وشوێنەکانی تریشدا حەزو ئارەزوولییەکی شێوە عیرفانی بەرپاکرد، بەڵام واقیعیەتێکی تر ئەمەیە کە ئەزموونە تەزەکانی ئەم ئایدیایەیان بەدرۆخستەوەو خودی ئەم ئایدیایە لەرێگەی بنیاتنانی خۆی ئەوانەی بەدرۆخستەو، نەسەرمایەداری بەرامبەر رۆڵی بێگومانی جەدەلی چارەنووسی گەشەی کرد، نە کۆمۆنیزم بەبەڵێنە ئەسوڵیەکانی خۆی وەفادرا بوو : لەیەکسانی کرێ تا نەبوونی دەوڵەت، لە بەتاڵکردنەوەی دابەشکردنی کار تا دەرکەوتنی « مرۆڤی نوێ« چ ئەو ئومێدانەی کەلەناونەچوون !

بەجۆرێک کە زۆر هاش و هۆش نییە ئەگەر بوترێ کە مارکس دووچاری هەمان چارەنووس بۆوە کە مامۆستایانی خۆیان دووچارکرد، بەم واتەیە کە جەدەل لەدڵی ئاینەکەیدا شوێنی گرت و ئایدیای مارکس بەنەفی کردنی خۆی  گەشەی کرد.... کەوایە چۆن دەبێت وێڕای « هاودژەکان»ی ئەو ئیمپراتۆری و پێگەکەی روونبکرێتەوە ؟ لە قۆناغی کۆتاییدا سەرکەوتنی ئەم ئایدیایە بەداوەری لەدیدگای خۆیەوە نمایشگرچییە؟

**توانای ئایدیای مارکس**

ئەم بابەتە زوو وەربگرین کەیەکەمین هۆکاری سەرکەوتنی ئایدیای مارکس، لە موسیبەتی سەرمایەداری و لە شودەتێکە کە ئەم ئایدیایە ئەوانەی مەحکومکردووە بێگومان رێکەوتی کاتەکان و رۆڵی « کەسیەتیەکان» لەلینینەوە بیگرە تا ماوتسی تونگ کاریگەری قەتعی لەبەردەوامی ئایدیای مارکس هەیەو جانتای رەخنەگرانی ئەم ئایدیایە، کەمێژووی پیاوانی گەورەی لەرێکەوتی ماددیگەرایی مێژوویی بڕیاردەدەن پڕە، وێڕای ئەمە ئەگەر زیادەڕەوی و لەکیس دانەکانی رژێمی پولی نەبوایە ئایدیای مارکس هەرگیز سەری هەڵنەداو دەتوانرێ بەبێ مەسخەرەکردن ئاشکرا بکرێ کە یەکەمین دامەزرێنەرانی «سوسیالیزمی زانستی» لەجیهانی سەرمایەداریدان.. ئەمڕۆکە دڵنیاترین هاوپەیمانانی ئەم ئایدیایە کەسانێکن کە زۆربەیان کوێرانە لە نامۆبوونی مرۆڤ بەرامبەر بە توانا داراییەکان موبادەرە دەکەن.

**تێڕوانینی سەرکێشی بەسەردنیای پڕ لەرەنج :-**

نارەزایی بەرامبەر بەم نامرۆڤایەتیە لە شایانیەکانی مارکس، قوڵبونەوەو وردبوونەوەی ئەو کە بێگومان لەبارەی دەستوری زمانی ئابووری هەڵەیە،

خاوەنی ئەم شایانییە کە مەسەلەی ئابووری بەشێوەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان گروپەکان و نێوان بەهێزولاواز مەترەح کرد، ئایدیای مارکس کە لەئەسێڵدا خودی مادیگەرایە، وێڕای ئەوەی بەجۆرە माددیگەراییەک کە پەیوەندی ئابووری وەکو ئەو میکانیزمە فەرمانڕەوایانەی بەسەر « شتومەک» جاویدانی و نەگۆڕ دەزانرێت قەتعی پەیوەندی کرد، ئەم ئایدیایە بەشێوازی خۆی پایەداریدا بە ئابووری لەوپەڕی یاساکانی بانگەشەی سیستەمێکی سروشتی،ئەو بونیادانەی کە ئەم یاسایانە رەنگپێدەدانەوە ئاشکرا بکات، دیدگای گۆڕانی « تەواوەتی « ئەم ئایدیایە، پاشان تازە « گەشە» ئابووری بۆ ئابووری بەدیاری هێنا. حەقیقەتێکە کە مارکس‌وئایدیای مارکس هەمیشە ئەم گوزارانەی راستتر دروستکرد. لە مارکسی فەیلەسوفی لاو تا دانەری «سەرمایە» و لەم یەکەوە تا ئەنگڵس تا لینین و لە لینیەوە تا ستالین قورساییەکی تەدریجی هەستپێدەکرێ، حەقیقەتەکە هەرکام لەوان لەشۆڕو سۆز ئایینی خۆیان بێ وەستان واقیعێکی ئاڵوزی توندوسەخت یان بەناحەزی وبێزار ئامێز هەموو جۆرە ئەندێشەیەکی ئیسلاحیان رەتکردەوە، بەڵام هەر ئەو زیادەرۆییانەی ئەو بوو بوە هۆی ئەوەی رەنجی چینی پرۆلیتار زۆر بێئارام ناشرین بێ، ئایدیای مارکس بۆ مرۆڤی کەرامەتی بریندرا بوو، بۆ مرۆڤی کرد بێ ئامانج و نائومێد زیاد لەبڕێکی هۆکاری بەڵگەسازی، تەنانەت زیاد لەو دیارییە مادییانەی بەدیاریهێنا، ئەم ئایدیایە تێڕامانی گشتی لە جیهان ئاڕاستەکرد. بەمشێوازە ئایدیای مارکس وەکو رامانێکی سەرکێش بەسەر دنیای پڕلەرەنج، وەکو کۆتایی تەوژمێکی دیموکراتی کەلەدوو سەدە لەمەبەرلەلایەن سەرکێشی خەڵکەوە کاریدەکرد دەچێتە پێش،ئەم ئایدیایە خۆی وەکو سەرەنجامی لۆژیکە ئەم شۆڕشە سیاسییە کە بۆ بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی گواسترابێتەوە ئاڕاستە کرد، لەمەش باڵاتر ئەم ئایدیایە کەلەیەن لینینە دەچێتە قوڵایی جیهان، خۆی وەکو سەرپەرشتیاری رێگەی ئازادی بەخشی نێودەوڵەتی پێشنیارکرد،

بەڵام ئایدیای مارکس زیاتر تۆڕەییەکی کاتییە سەرچاوەکەی لەرەنج و زۆر زیاتر لە سپاتاکیسمێکی نوێیە (سپارتاکیسم بزوتنەوەیەکی ئەڵمانی سۆسیالیستی و هەروەها کۆمۆنیستی بوو بەرێبەرایەتی کارل لیبکنشت و رۆزا لۆکسمبورگ، لە 1914 تا1919 وەرگیر) ئەم ئایدیایە لەوپەڕی رووداوە کۆمەڵایەتیەکان مەبەستیەتی سەرکێشەیەک بەرپا بکات لەناخی گۆڕانی مێژووی دنیای گشتی بۆ ئەو کەسانەی کەبەدوای رایاندکێشی، دیدیگای شورئەنگێزی جیهانی دەهێشننەبوون.

**تێڕوانینی متمانە بەجیهانێک لە حاڵەتی بووندا**

ئایدیای مارکس لەم رێگەیەدا بەیەکێکیتر لە تەوژمە فیکرییە تایبەتیەکانی سەردەمی ئێمە واتە باوەڕ بە « ئەقڵ» لەدروستکردنی ئاسودەیی مرۆڤ، پەیوەست دەبێ، ئەگەر حەقیقەت بێ کە « هەموو شتێ واقیعی ئەقڵانیە» دیسانەوە دەبێ ئەوە رێکبخات و بەمشێوازە ئایدیای مارکس ئەگەر بتوانرێ بەوشێوە بوترێ، قاڵبی فەلسەفەی هیگڵ دەرێژێتە قاڵبی « سن سیمۆن»ەوە، « دەربارەی ئاینی مارکس و ئەنگڵس سەبارەت بەیەکەمین فریاد ڕەسی باشگەڕا هرەچی بوتری کەمە» و لەبناغەدا بە ئیرادەیەکی فریادڕەسانەوە دەچێتە پێش لەڕوو رێکخستنی چاکسازی کۆمەڵ. ئایدیای مارکس وەکو دواهەمین ئاستی ئەقڵ گەڕایی دەچێتە پێش کە گۆڕان گەڕایی (تکامل گەرایی) بەسادەترین شێوەی واتە بەهەمان « تکامل گەرایی» داروین ئاوێتەیە (پێشتر زانیمان کە تا چ رادەیەک قەرزداری دراوین )ە ئەم ئایدیایە لەبەرامبەر سیستەمێکی وشک و بێ جوڵەی شێوە سروشتی، سیستەمێکی پێشکەوتوو کە خۆی بە عەقلانی لەقەڵەمدەدا دامـەزرا، لەبەرامبەر رژێمێکی چاودێری بێ بنەمای زانستی کە هەندێجار هاوکاتە بەشەژان

و هەندێجاریشزۆرداریە، ئابووری بەرنامەیەکی وردوحساب بۆ کراوەو بە قەولی خۆی « شەفاف « بڕیار دەدات، بەمشێواز ئاین یاخود کەشێکی تەکنێکی بە جوانکردنی بەسیاسەتێک و فەلسەفەیەک دەگەیەنێتە پلەی باڵا، ئەم سیاسەتە هەروەکو دەوترێ هەمان سیاسەتی سیستەمی دەوڵەتی پێشەسازی زیادەڕەوە، چونکە دەوڵەت گەرایش بە هونەرێک دەژمێردرێت، فەلسەفەی وابەستەش هەمان فەلسەفەی « پراکیسس» دەبێت کە مرۆڤ لەرێگەیەوە بیر لە دەسەڵات پەیداکردن دەکاتەوە بەسەر جیهاندا، بنیاتنانی کۆمەڵگەیەک لە هونەر کە سەرف لەسەر بنەمای واقیعە مادییەکان بێ و بتوانێت رۆڵیان کارا بکات، کورتکردنەوەی گۆی زەوی شێوازێکی تەواو ئەقڵانی و دیاریکراو بەخۆی، ئەم جیهانە گشتگیرییە زەمینیەیان وەکو یەک «رەها» ی نوێ، بەڵام رەهایەک کەلەبەردەستی مرۆڤدا بێ، بڕیاردا: ئەمەیە ئامانجی بەرزەفڕی ئایدیای مارکس کە رونکردنەوەی هۆکاری لەخشتەبردنی سەیر ئامێزیشە بۆ هەموو ئەو مرۆڤانە.

### تیڕوانینی ئومێد بەجیهانێکی یەکگرتووە

هێشتا ناتەواوە، چونکە ئەم دیدە دنیایەکی تەواو رێکخراو بەئاوەزی هونەری، یەکێتی جیهانیش پێویست بەپاشکۆیەتی لەم « هۆش «ە یەکتاریە دەکات، ئایدیای مارکس لەم خاڵەشدا وەڵامدەری چاوەروانیەکانی سەردەمی خۆیەتی.چونکە ئەگەر حەقیقەت بێ کە شارستانیەتی ئێمە بەهۆکاری سەرونگومکرن لەرازی یەکێتی خۆی رەنج دەبات، ئەگەر حەقیقەت بێ کە ئەم شارستانیەتە کە لەرابردوودا پێکهاتبوو لە ئاینێک و فەرهەنگێک، هێدی هێدی کەژێر پێگە هەزار شێوەکانی تاگ گەڕاییەکاندا کوێردەبێتەوە، سروشتییە کە هەموو جۆرە ئامادەگیەک بۆ پێشوازیکردن لەپەیامی پەیوەست

بەئاشنبوونەوەی مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا پێبوو بێ پەیامێک کە بەتایبەت لەو رووەوە سەیرتر بوو کە ئەم « پەیوەستی نوێ« لەسە ربنەمای هەمان شت بڕیار دەدات کە تا مەگەر نەئەوەی کە «کار« وەکو بەهای تاقانە و تاقانەساز دەبوایە « کۆمەڵ» لەیەک چین و توێژ کۆبکاتەوە و « مرۆڤ»کە ئەمڕۆ بە « رۆح و لاشە» دابەشبووە بگۆڕێت بۆ بونەوەرێک: و نەتەوە پەڕاگەندەکان کۆبکاتەوە : « کرێکارانی جیهان.....؟» چۆن مومکینە مرۆڤ کاتێکی دروست کە هونەرێک دەئەفرێنێ کەمزگێنی ئیماکاناتی بێکوتایان دەدات، سەبارەت بەووتانەی بێ خیلافن وەکو ؟ ئێسنا دەبێ دیدی ئایدیای مارکس لەڕووی پراکتێکەوەو چ وەڵام گەلێکی داوەتەوەبڵێنە ئصوڵیەکانی خۆی.

**خاڵی لاوازی ئایدیای مارکس**

یەکەمین بەڵێنی سەربەستی دروستکردنی مرۆڤ لە کۆت و بەندی خود نامۆیی ئابووری بوو : بەئیلغاکردنەوەی ئەوانە لە خود نامۆییە (سیاسی، مەزهەبی و هتد..) یش دەبوایە خۆی بەتاڵا بکاتەوە، جەوهەری ئاینەکەی لە واقیعدا لەهەمان خاڵدا شاراوەبوو، کەوایە بە حەق دەبێ ئومێدەواربوو کە یەکەمین ئامانجی ئایدیای مارکس، لەدوای سەرهەڵدانی شۆڕش، بیناکردنی سیستەمێکی ئابووری تەواو نوێ بێ. دەبوایە ئابوورییەکی ئینسانی ئازاد لە زیادەڕەوی و لەکیس دانە ماشێن گەرایی و وا بەسیتەکانی مامەڵە گەری جێگیرەوەی ئابووری فیزیکی سازبکات و حکومەتی « ئازادی» یش جێگری حکومەتی « زەرورەت» بکات.

**لەخۆ نامۆبوونی نوێی هۆنەری**

کەوایە تا چ رادەیەک بەداخ هێنەرە بینەری ئەوەی کە ئایدیای مارکس لە هەر کوێ کە جێگیر دەبێنبێ، ئامان بە تەقلید لە هونەری

سەرمایەدارییەوە خەریکدەبێت ! مەبەست نە تەنها هونەری مادی لەلایەنی زانستی یانە، بەڵکو تەنانەت رۆحی ئەم هۆنەرە لەلایەنی ئەو رێگایانەی کە لەبواری کاری مرۆڤ پێویست دەکات واتە کاری زنجیری، ئاوازی دووبارە کار هەقدەست بەخەڵات و هتد...، مەبەست لەمەبوو کە دابەشکردنی فەرمانەکان ئیلغابکرێنەوە، شارو گوند ببێت بەیەک، کار بەشێوەی « چیژ»ێک بەرجەستە بێت، ئەمە جگە لەوەی کە «شۆڕش» جێگیری»بەدەستبهێنێت، لینین رەوشە زانستیەکانی ئایدیای تایلۆری وەرگرت،ئەو بەرهەمگەرایی بەدروشمی خۆی داناو بەدوای ئەو هیچ یەک لەدواهاتیەکانی رژێمی «روسیا» لەگەڵ هاتنە پێشی» سیاسەتی نوێی ئابووری»»، تەرحی ئاوەدانکردنەوەی حکومەتی ستالینی و پاکژکردنەوەی روەکانی ستالینی، گۆڕانێکی لەم دروشمانە نەهێنایەدی. دیموکراسەکانی خەڵک رستەیەک بە جۆرێکی یەک چەشن ریزبەندی کردن لەسەر بنەمای ئەم نمونانە کەخۆی لەسینەمی نەفەرت لێکراوی سەرمایەداری گەورەی ئەولای ئوقیانوسی ئەتلەنتیک ئیلهام وەردەگرێت، بەمشێوازە توندترین شۆڕشی دنیای نوێ هیچ گۆڕانێکی لە درامای گەورەی چەرخی ئێمە واتە لە خۆنامۆبوونی مرۆڤ بەهونەر نەهێنایەدی، ئایدیای مارکس بە گۆڕینی بۆ سیستەمێکی دەوڵەتی پیشەسازی بەهێز بەگشتی لەوەی دەتوانرێت بە جەوهەری ئەسڵی مەسەلەی کۆمەڵایەتی بژمێردرێت دوورکەوتەوە.ئەو مەسەلەیەی کە دەبوایە لە واقیعدا مەسەلەی ژمارەیەک « شتارستانیەتی کار»بێ بە گوزارشتێکی تر ئەم مەسەلەیەی کە مرۆڤ چۆن دەتوانێت خۆشبەختی خۆی نەتەنها لەرێگەی بەرهەمی کارەکەی، بەڵکو لەماوەی ئەنجامدانی ئەو بەدەست بهێنێتەوە، ئێستا ئەوەی کە ئەمڕۆ کە بەرهەمی کاری مرۆڤ ئاسودەیی زیاترە، بەڵام ئەم تەوژمە بەبەهای کەمتر و لەوانەشە بەگشتی لەدەستچوونی « شادی کارکردن»

تەواو دەبێت، تەنانەت هەندێجاریش مرۆڤ لەجیاتی ئەوەی کە لەرێگەیە ئینسانەیتی خۆی لەدەستدەدات و «وردوخاش» دەبێت، ئەزموونی واقیعی ئایدیاییەکی مرۆڤ گەرایی رەسەن لە گرەو دۆزینەوەی رێگە چارەی ئەم مەسەلەیەیە.

### لە خۆنامۆبوونی ئابووری

لەوانەیە بوترێ کە دۆزینەوەی رێگە چارەی ئەم مەسەلەیە کە کلیکی شارستانیەتی ئێمەیە لەدەرەوەی ئیمکاناتی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتییە «کە تازە ئەم بابەتە، خۆی، بۆ شۆڕشێک کە پڕۆپاگەندەی گشتی هەیە مەسەلەیەکە...» لەگەڵا ئەوەشدا بە هەموو مەزهەبەکانی ئایدیای مارکسیش نەیتوانیوە مرۆڤ لە کۆت و بەندی کۆیلایەتی ئەو میکانیزمە ئابوورییانەی کە وەکو ئامرازی بەهرە کێشی سەرمایە ناشرین دەبێ، ئازاد بکات. ڕێ پێدراوترین توێژەرانی فەلسەفەی مارکس، لەرابردوودا بە « لەدیدی ئابوورییەوە دەڕوانێنە هەڵەی گەورەو رەهایی رەخنەگران» بە توندی نارەزا بوون و دەریاندەخست کە بەپێچەوانەوە « ئایدیای مارکس نادیاری ئابووری سیاسی کە واقیعێکی کۆت و بەندکەرو لە خۆبێگانەیە و فشار دەخاتە سەر مرۆڤ، ر اگەیاندنی بۆ دەکات و تەیاریان دەکات..» ئای خۆزگە باوەڕی پێدەکرا ! لەراستیدا ئایدیای مارکس بونیادە قەزاییەکان بەباشی دەگۆڕێ، بەکرێ گیراوی تایبەتی بەباشی ئیلغاکردەوە، بەڵام دیاردە ئابووریەکان تا ئەو شوێنەی کە دەروونناسی سروشتی مرۆڤ پەیوەست دەبێ، نەگۆڕی، هەروەها وەکو بزواندنی قازانج و قازانجی زیاتر لەسەر بنەمای زیاتر خەڵاتی قورعەیی قەرز و تەنانەت لە بارەی خودی مەسەرف کەریش مەیلی بەوەیە کە چەشنی ئیمکانی هەڵبژاردن لەسنوداری کاڵای بەرهەمهاتوو بەو

دەدرێ پارە دوو بارە تەوژمی پەیداکردووە، «یاسای بەها» و تەنانەت « تەلیسمی تەواو عەیار» پارە بەرهەمهێەری پارەیە لە قاڵبی شێوازی ئاوەدانکردنەوی پلەو ئیعتباری پێشووی خۆی دۆزییەوە « حەقی نیعمەت چاوەڕواننەکراوە» لەیەکتر بەمیراث بردن لەرووی ماڵی شەخستی دووبارە بەقەراربوو، تەنانەت سەرەنجام سود وەکو نیشانەیەک دووبارە ئیعتبار سەرکەوتنی بەدەستهێنا، ئەگەر چەشنی « هاوگەرایی رژێمەکان» دەبینرێ، دەبێ پێدابنرێ کە زیاتر بەشێوەی حەزی خۆرهەڵاتی بۆ خۆرئاوا یە تا نزیکی بەرامبەر.

**لە خۆ نامۆبوونی نوێی سیاسی**

لەبارەی شێوازی « ئاوەدانی» کە دەبوایە سەرجەم چالاکیەکان رێکبخاتەوە بە جۆرێک کە ئەوان لەژێر باری ئەو میکانیزمە کوێرانی ئازاد بکات و و تیشکی ئەقڵا رۆشنیان بکاتەوە، مەگەر ئەنجام جگە لەمەبوو کە تەواوی ئەم چالاکیانە لەرێی راکێشانی بەرداری زیاتر پەیرەو دڵسۆزی بەرژەوەندی دەوڵەت بوو؟

بەڵگەنەویستە کە سازمانێکی داگیرکاری بۆ گەیشتن بەم مەبەستە دەتوانێ کاریگەری واقیع بێ، بەڵام لەمشێوەدا ئامانج بەگشتی گۆڕانی بەسەرداهاتووە: ئیتر مەسەلەی ئابورییەکی ئازادسازی مرۆڤ، یان تەنانەت ئابوورییەکی رەفا بە شێوەیەک کەسەرمایەداری گۆڕاو لەگەڕان و پشکنینی بینای ئەودایە، مەترەح نییە، بەڵکو بابەتی ئابوورییەک توانایە، کەلەلایەکیترەوە، دوو مەسەلەی سەرەتایی دابینکردنی هۆکاری بەسەربردنی گوزەران و شوێن بێچارەهێشتنەوە، بەمشێوازە ئابووری دەبێـە رەنگدانەوەدەری « دەوڵەت» و ئەمەش مەسەلەیەکی ناخۆش و تراژیکی ترە، دەوترێ کە

ئابووری حاکمە بەسەر سیاسەتدا: لەراستیدا دەرسی ماددیگەرایی مێژوویی یاحەتمیەتی « جەبر» ئابووری ئەوەبوو لەئەنجامدا ئاماژە دەدرێ کە بەئیلغاکردنەوەی لە خۆنامۆبوونی ئابووری هاورێ بەسەرمایەداری تایبەتی لە خۆنامۆبوونی سیاسش زیاد لەسەرئەو لەناو دەچوو، رووندەبێتەوە کە بەلابردنی دوژمنایەتی کۆمەڵایەتی، « دەوڵەتی پۆلیس» یش بێ سود دەبێت (مارکس)؛ « لەناوچوونی» دەوڵەت رادەگەیەنێت « ئەنگڵس» کەبەقەوڵی لینین دەبوابایە « بەپەلەدەست پێبکات» و لەکاتێکدا کە ئیمپریالیزم کە بەئەندازەی باڵاترین قۆناغی رژێمێکی « دارماو» ە بە رووکەشی بۆ هەمیشە دەپوکێتەوە، دەبوایە کۆمەڵگایەکی یەکسان و ئازاد لەنێو یەکێتی چینەکان جێگیر دەبێت، ئەفسوس ! ئەمە هەمان قورسایی تەدریجی لە گۆڕانی ئایدیای مارکس، کە پێشتر ئاماژەی پێدرا، سیاسەت وشک و یەک پارچە لەسەر جەدەل سەرکەوت، ئەم سیاسەتە، ئازادی و هاورێ لەگەڵیدا وتن و بیستن، توێژینەوەی زیندوو بە گوزارشتێکی تر بەبن بەست گەیشت، ئابووری بە ئامراز کاری خۆی دروستکرد، لەوانەیە بوترێ کە ئایدیای مارکس لەم بارەیەوە قوربانی  شوێنی بوو کە لەوێ بە «منصە» دەرکەوت، زیاد لەسەدەیەک لەمەوبەر بینەرێکی زیرەک و سەربەخۆ ئیمپراتۆری قەیسەرییەکان دەنوسێ (( لە فەرەنسا، حکومەتی دیکتاتۆریانەی شۆڕش بەلایەکی تێپەڕە، لەروسیا، حکومەتی دیکتاتۆریانەی داگیرکاری شۆڕشێکی بەردەوامە.)) کەوایە لاربوونەوەی ئایدیای مارکس موکینە رێکەوتێکی تەواو مێژوویی یا جوگرافی بێ، ئەگەر لە « دیموکراسی خەڵک « ئەوروپا و ئاسیا یەکتاگەرایی سیاسی فشاری کەمتر دەهێنێ، بەڵام لە کوێ ئازادی فیکرو بەیان و کردەوە بەرچاودەکەوێت ؟ ئایا سەرکەوتی ترسناکی راپەرێنی مەجەر دەرئەنجامی کۆمۆنیزم دەسەڵات گەرایی سەبارەت بە ئازادی خەڵک

دەرنەخستۆ ؟ بە کورتی لەهەر کوێیەک کە پەیامی مارکس جێگیر دەبێ ئایا بەهاکەی لەناوچوونی سەربەخۆی فیکری نییە ؟

*مامۆستای کۆلیژی مافو زانستی ئابووری لە زانکۆی پاریس

**کارل مارکس**

بڕیارەکانی کۆبوونەوەی بەرفراوان بە یادی کۆمۆنەی پاریس

کۆبوونەوەی بەرفراوان کە بە بۆنەی یادی 18 مارس 1871 بەسترا، ئەم بڕیارانەی خوارەوە وەرگرت:

1 .بزووتنەوەی قارەمانی 18ی مارس، شەفەقی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی مەزنە، کە بۆ هەمیشە مرۆڤایەتی لە کۆمەڵگەی چینایەتی رزگار دەکات.

2. ئێمە ڕایدەگەیەنین کە گەمژەیی و تاوانی چینی بۆرژوای یەکگرتوو لە هەموو ئەوروپا، بە ڕق و قینیان لە کرێکاران، بڕیاری مردنی داوە لەسەر کۆمەڵگەی کۆن، حوکمڕانییەکەی هەر شێوەیەک بێ، پاشایەتی یان کۆماری.

3. کۆبوونەوە ڕیدەگەیەنێ، کە ئەو هێرشە خاچپەرستانەییە، کە هەموو حکومەتەکانی ئەوروپا لە دژی ئینتەرناسیونال بەرپایدەکەن و ئەو تیرۆرە، چ لەلایەن فەرسالییە پیاوکوژەکان، یان پرۆسە بەزێنەرەکانەوە دەکرێ، دوو گەواهین لەسەر لاوازی سەرکەوتنەکانیان و بەڵگەیەکە بۆ ئەوەی، کە لەشکری پرۆلیتاریای جیهانی مەزن لە پشت پێشڕەوانی نەبەز ڕادەوەستێ، کە بە هاوکاری ڕەنجەکانی تییر و غلیوم، قەڵاچووکران.

مارکس لە 13 و 18 مارسی 1872 بەزمانی فەرەنسی نووسیویەتی.

## له بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەیفرانكفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | | 2014 |
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سكیۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | كتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵڵا | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 29 | گەندەڵی | | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێك نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن- شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | رێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |